# گەڕانەوە بۆ ماڵ



دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی

زنجیرەی ڕۆشنبیری

*

**خاوەنی ئیمتیاز: شەوکەت شێخ یەزدین**

**سەرنووسیار: بەدران ئەحمەد حەبیب**

***

ناوونیشان: دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس، شەقامی گوڵان، هەولێر

هارۆڵد پینتەر

# گەڕانەوە بۆ ماڵ

وەرگێڕانی لە ئینگلیزییەوە

عەلی عوسمان یاقووب



سەرپەرشتیاری زنجیرەی شانۆی بیانی

**دانا ڕەئووف**

ناوی کتێب: گەڕانەوە بۆ ماڵ
نووسینی: هارۆڵد پینتەر
وەرگێڕانی لە ئینگلیزییەوە: عەلی عوسمان یاقووب
بڵاوکراوەی ئاراس– ژمارە: ٩٧٣
هەڵەگری: بۆکان نووری
دەرهێنانی هونەریی ناوەوە: ئاراس ئەکرەم
بەرگ: مریەم موتەقییان
چاپی یەکەم، هەولێر – ٢٠١٠
لە بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی کتێبخانە گشتییەکان لە هەولێر ژمارە ٢١٢ی
سالی ٢٠١٠ی دراوەتێ

# پێڕست


هارۆڵد پینتەر لە "گەڕانەوە بۆ ماڵ"ەوەدا . دانا ڕەئووف ........ 5

خوێندنەوەیەک بۆ شانۆنامەی "گەڕانەوە بۆ ماڵ" . عەلی عوسمان یاقووب ...... 7

کارەکتەر لە شانۆنامەی "گەڕانەوە بۆ ماڵ" ........ 15

بەشی یەکەم ........ 47

بەشی دووەم ........ 102

# هارۆڵد پینتەر لە "گەڕانەوە بۆ ماڵ"ەوەدا

دانا رەئووف

هارۆڵد پینتەر لە بەرایی کارەکانیدا بە هێزێکی چاوەڕواننەکراوەوە هاتووەتە پێشەوە. شێوازێکی جیاواز و تایبەتمەندی خوڵقاندووە و لەگەڵ هەموو کارێکی نوێدا، سەرکەوتنێکی تری بۆ خۆی و بۆ ئەفسوونی شانۆ بەدەست هێناوە.

"ژوورەکە" و "ئەسانسێرەکە" ١٩٧٥، "ئاهەنگی جەژنی لەدایکبوون" ١٩٥٨، "سەرایپدار" ١٩٦٠ یان بە دوادا دێت و ئەم شانۆنامانە و لەگەڵ یەکەم نمایشکردنیاندا مقۆمقۆ و گفتوگۆیەکی چڕ دروست دەکەن. بەڵام هارۆڵد پینتەر لەم ئاستەدا ناوەستێت و بەردەوامییەکی پتەو دەدات بەو کارانە و لە دوای چەند ساڵێک، رێک لە ساڵی ١٩٦٤ شانۆنامەی "گەڕانەوە بۆ ماڵ" دەنووسێت. بەم شانۆنامەیەش هێندەی تر سیما گرینگەکانی گەمەی دەسەڵات، بەکارهێنانی وچان و بێدەنگییەکان قووڵ دەکاتەوە و ئەتمۆسفیرێکی نادیار، توندوتیژ و پڕ لە نائارامی دەکاتە سترەکتوری شانۆیەکە، کە جێگە پەنجەی خۆی بەسەر هەموو رەوتی شانۆی هاوچەرخی جیهانییەوە بەجێ دەهێڵێت.

"گەڕانەوە بۆ ماڵ" بە شێوەیەکی چڕ و نهێنیئامێز، ساکار و ئاشکرا چنراوەی رووداوەکان، لە نێو ئەو ئەتمۆسفیرە ئاڵۆزە لەلایەکەوە و چوارچێوە ساکار و روون و ئاشکراکەش لەلایەکی ترەوە دێت و دەچێت.



لەم شانۆنامەیەدا بۆچوونەکان، هەست و سۆز و بنەمای رووداوەکان گۆڕانکارییان بەسەردا دێت و کارەکتەرە فرۆیدییەکان لە گەمەیەکی ترسناکی دەسەڵاتی نێوانیاندا دەردەکەوێت. بنەمایەکی قووڵی سایکۆلۆجی و لەسەر چەندین ئاست کارەکتەرەکانی بەستووەتەوە بە رووداوەکانەوە. توێژاڵی زامەکانیان دەکولێنێتەوە، هەڵیان دەکەنێت و لە چوارچێوەیەکی ریالیزمیدا، وێنەیەکی قووڵی فەلسەفی، تەمومژاوی و ئەفسوونی بەرجەستە دەکات.

ژوورێکی دانیشتنی خانووبەرەیەک، وەک هەموو ژوورەکانی تری هارۆڵد پینتەر، بە هێما واقیعییەکان تەنراوە، بەڵام پینتەر لەم کەش و هەوایەدا کۆدەکانی ژیانی بە شێوازێکی ناتەبا و جیاواز و دوور لە واقیعییەتەوە دەکاتەوە. لە کردنەوەی ئەم کۆدانەشدا، بنەما سایکۆلۆجییەکان لە دووبارەکردنەوەی دیمەنەکان، چۆنییەتی هەڵسوکەوت و وچان و بێدەنگییەکاندا خۆی دەنوێنێت.

یەکێک لە گرینگترین مۆتیڤەکانی ئەم رووداوانە، ئاشکراکردن و پەردە هەڵماڵینی دیوی ناوەوەی دەروونی کارەکتەرەکانە و هەر لەبەر ئەوەشە ژوورە ئاساییەکە وەرچەرخانێکی ترسناکی بەسەردا دێت و دەبێتە پانتاییەکی نادیاری بێئارامی نامۆ و ناتەبا. "رووسا"ش وەک تاکە کارەکتەری ئافرەتی نێو ئەم شانۆنامەیە، پەتی رووداوەکانی بەدەستەوەیە. و هەموو کارەکتەرە پیاوەکانی تر، وەک شانۆیەکی بووکەڵە و بە پێی ویستی خۆی و بە پلانێکی ورد بۆ داڕێژراو هەڵدەسوڕێنێت.

# خوێندنەوەیەک بۆ شانۆگەری "گەڕانەوە بۆ ماڵ"

عەلی عوسمان یاقووب

هیچ شانۆنامەنووسێکی ئینگلیزی لە دوای "یۆنێڵ کاوەرد"[(١)] (١٨٨٩–١٩٧٣) لە سەردەمی خۆیا ئەوەندەی "هارۆڵد پینتەر" نەبووەتە جێگەی سەرنج. تەنانەت بە پێی کۆواری"The New Yorker" یۆنێڵ کاوەرد"یش لە نامەیەکیا بۆ "هارۆڵد پینتەر"، کە لەساڵی ١٩٦٥ هەر لە دوای بینینی شانۆگەری "گەڕانەوە بۆ ماڵ" بۆی نووسیبوو، "پینتەر" بە شانۆنامەنووسێکی جیاواز دادەنێت:

"بەرهەم و شێوازی نووسینی تۆ سەرسامی کردووم. تۆ بە هەموو دڵێکەوە ئەو ڕێسایانە دەشکێنیت، کە من بڕوام پێیان هەیە، تەنیا ئەوە نەبێت، کە شانۆگەری، بۆ نیو چرکەش بێت، نەبێتە مایەی بێزاری. ئەمەیش ڕەگەزێکی گرینگە. من هەڵبژاردەی وشەکانتم زۆر بەدڵە، هەروەها سووربوونت لەسەر ئەوەی هیچ شتێ ڕوون نەکەیتەوە لەگەڵ ئەو داواکارییە بەجێیەی بێسڵکردن خەیاڵی بینەری پێ خەریک دەکەیت. من باش دەزانم لەبەرچی هەندێک دەبەنگ ڕقیان لێیە. بەڵام من لە بەرەی پێچەوانەی ئەوانم"[(٢)]

(١) "یۆنێڵ هاوارد" شانۆنامەنووس و ڕێژیسۆر و ئەکتەر و هەروەها گۆرانیبێژیش بوو. زیاتر لە پەنجا شانۆنامەی نووسیوە. لە شەستەکان و حەفتاکان بە هۆی شێوازی تایبەتی نووسینی شانۆنامەکانییەوە ئەوپەڕی ناوبانگی دەرکرد.

(٢) بڕوانە .Harold Pitner and- The Homecoming, The New Yorker, December, 2007



هەروەها "جۆن لار"[(٣)] سەبارەت بەم شانۆگەرییە دەنووسێت:

"شانۆگەریی 'گەڕانەوە بۆ ماڵ' ژیانی منی گۆڕی. پێش ئەم شانۆگەرییە، وام دەزانی وشەکان وەکو بۆڕی وان، واتایان بەناودا دەڕوات. دوای بینینی شانۆگەرییەکە، تێگەیشتم، کە وشەکان چەکن، چەکی بەرگریکردن. پێشتر وام دەزانی شانۆ هەر دەربارەی ئەوەیە، کە بەزار دەگوترێت. دواتر لە هێزی هونەری بێدەنگی گەیشتم. تێگەیشتم، کە هەڵکەوتەی کورسییەک، ماوەی وچانێک، هەڵبژاردنی هێمایەک، زۆر شت رادەگەیەنن. من لە ساڵی ١٩٦٧ بەڕاستی نەمزانیبوو چیم بینیوە. هەر ئەوەم زانی، کە بەیەکبەستنەوەی تووندوتیژی بەو شتانەی کە شاراوەن بەو شێوە سەرنجڕاکێشە شتێکی تازەی دەربارەی ژیان و زمان و هەروەها سروشتی گێڕانەوەی چیرۆک لە درامادا فێر کردم. شانۆگەری 'گەڕانەوە بۆ ماڵ' هیچ ڕوونکردنەوەیەک، هیچ تیۆرێک، هیچ ڕاستییەک، هیچ دڵنیاکردنەوەیەک و هیچ هێڵێکی ڕاست و بێوەستانی تێدا نییە"[(٤)]

ڕووداوەکانی شانۆگەریی "گەڕانەوە بۆ ماڵ"، وەکو زۆربەی شانۆنامەکانی "هارۆڵد پینتەر"، لە چوارچێوەی ماڵێک ڕوو دەدات. دیارە شانۆنامەکانی وەکو "ئاهەنگی جەژنی لەدایکبوون" و "سەراییدار" و "ژوورەکە" و "ژێرزەمین" و "خوێندنگەی شەوان" و.. هتد

(٣) "جۆن لار" (١٩٤١_ ) ڕەخنەگرێکی ئەمریکایی بەناوبانگە. ئێستاش لە ژیاندا ماوە و لە ساڵی ١٩٩٢وە لە کۆواری The New Yorker بەردەوام ڕەخنەی شانۆیی دەربارەی شانۆنامەنووسە بەناوبانگەکانی جیهان دەنووسێت. "لار" چەندەها ڕۆمان و شانۆنامە و هەروەها کۆمەڵێ وتاری گرینگی لە بواری ڕەخنە نووسیوە.

(٤) بڕوانە Harold Pitner and The Homecoming, The New Yorker, December, 2007

هەر لە چوارچێوەی ژوورێک یا خانوویەک روو دەدەن، بەڵام ئەوەی ئەم شانۆنامەیە لە شانۆنامەکانی تر جیا دەکاتەوە ئەوەیە، کە مەترسییەکە هەر لە ناوەوەیە و ئەو کەسەی ئازاری پێ دەگات، لە دەرەوەی ئەم ماڵەوە دێت، بەڵام رۆژێ لە رۆژان، وەکو ئەندامێکی ئەم خێزانە، لە چوارچێوەی ئەم ماڵەدا ژیاوە. ئێستاش مەترسی ئەوەی هەیە، ژنەکەی لەدەست بدا. جێگەی ئاماژە پێکردنە، کە مەترسی لەدەستدانی ژن لە زۆر لە شانۆگەرییەکانی "پینتەر" دووبارە دەبێتەوە. لە شانۆنامەی "ژوور" پێسترەشە نابینانەکە هەرەشەیەکی ئاشکرایە بۆ "بێرت"، کە "رۆز" لە دەست بدا. "ستانلی" لە شانۆنامەی "ئاهەنگی جەژنی لەدایکبوون" و "والی" لە شانۆنامەی "شەوێک لە دەرەوە" هەردەم لە بەردەم ئەم مەترسییە دان. لەلایەکی تر، خەڵکی ناو ماڵەکە لە شانۆنامەی "گەڕانەوە بۆ ماڵ"، بە بەراورد لەگەڵ شانۆنامەکانی تر، توندوتیژتر و دڕندەتر دەردەکەون: قەسابێکی پێشوو، مرۆڤێکی قەحپەچی، کرێکارێک، کە کاری رووخاندنی خانووبەرەیە و دەیەوێ ببێتە بۆکسبازێکی لێهاتوو.

"گەرانەوە بۆ ماڵ" شانۆگەرییەکی دوو پەردەییە، "هارۆڵد پینتەر" لە ساڵی ١٩٦٤ نووسیویەتی. شوێنی رووداوەکانی ئەم شانۆگەرییە، وەکو گوتمان، ماڵێکە لە باکووری لەندەن. لە سەرەتای شانۆگەرییەکە، "تێدی"، کە پرۆفیسۆری فەلسەفەیە، لەگەڵ "رووسا"ی ژنی لە ئەمەریکاوە دەگەڕێنەوە بۆ لەندەن. "تێدی" دەیەوێ "رووسا"ی ژنی بە ئەندامانی بنەماڵەکەی بناسێنێت، کە بریتین لە "ماکس": باوکیەتی و قەسابێکی خانەنشینە. "سام" مامیەتی و شۆفێرە. هەروەها براکانی: "لێنی" و "جۆی". "لێنی" مرۆڤێکی قەحپەچییە و "جۆی"، کاری



رووخاندنی خانووە و دوای تەواوبوونی کاری رۆژانەیشی، لە هۆڵێکی وەرزش خەریکی بۆکسێنە، کە خولیایەتی. بەهەرحاڵ، ئەم گەڕانەوە چاوەڕواننەکراوەی "تێدی" و "رووسا" کاردانەوەی جۆراوجۆری لێ دەکەوێتەوە، بەڵام ئەو سۆز و گەرموگوڕییەی تێدا نییە، کە مرۆڤ هەر لە سەرەتاوە لە ناونیشانی شانۆنامەکە هەستی پێ دەکات. بۆیە دەشێ ناونیشانەکە ئاماژەی تری هەبێت، کە دواتر باسی لێوە دەکەین. دیارە بنەماڵەی "تێدی" بنەماڵەیەکی کرێکارن. "تێدی" بەر لەوەی بچێت بۆ ئەمەریکا، هەر لەم شوێنە گەورە بووە و لەگەڵ "رووسا" ژیانی هاوسەرێتیان پێک هێناوە بێ ئەوەی باوک و براکانی بەمە بزانن. دوای گەڕانەوەیان لە ئەمەریکا، ئەو ماوەیەی، کە لە لەندەن دەمێننەوە، لە شانۆنامەکەدا لە ناو کەشوهەوایەکی خێزانییەوە بەڕێوە دەچێت، کە تا رادەیەکی زۆر بارگاوییە بە بەدڕەفتاری لە رووی سێکسییەوە، تێدا، "رووسا" بە شێوەیەکی ئارەزوو ورووژێنی بە تین و لە ژێر دۆخی هەڵچوونێکی سێکسییانەدا، رەفتار لەگەڵ براکانی "تێدی" دەکات. ئەمەیش وا لە پیاوەکانی ئەم خێزانە دەکات، کە ژنی تێدا نییە، لە گەمەیەکی "ئۆدەیپانە" دا هەر بە پلار قسە لەگەڵ یەکتر بکەن. دیالۆگەکان، رەفتارەکانی "رووسا" و تا رادەیەکیش ساردیی و سستیی "تێدی" ئەوە دەسەلمێنن، کە "رووسا" لە هاوسەرێتییەکەی شاد و بەختەوەر نییە. بۆیە بڕیار دەدا هەر لە لەندەن بمێنێتەوە و لەگەڵ "تێدی" هاوسەری نەگەڕێتەوە بۆ ئەمەریکا.

بنەمای بەهێزی ئەم شانۆگەرییە مەسەلەی سۆزدارییە، بەڵام ئەم سۆزدارییە تووشی وەرچەرخان و نووشووستی دێت، کاتێ ئەندامانی خێزانەکە، کە هەموویان پیاون، داوا لە "رووسا" دەکەن وەکو ژنێکی

جەستەفرۆش بمێنێتەوە چ بۆ ئەندامانی خێزانەکە و چ لەسەر ئاستی خەڵک بەگشتی. "ڕۆناڵدکنۆڵز"(٥) پێی وایە، کە "پینتەر" لە ڕێگەی دۆخێکی کۆمەڵایەتی کێشەئامێزی ناو خێزانێکی بچووک، وەکو یەکەیەکی کۆمەڵایەتی پێکهاتوو لە دایک و باوک و مناڵەکانیان ڕووبەڕووی بیرۆکەی خێزانی گەورەتر دەبێتەوە و کە بێجگە لەمانەی سەرەوە باپیر و داپیر و مام برازا و... هتد دەگرێتەوە. دواجاریش ڕووبەڕووبوونەوەکە کۆمەڵگەی ڕۆژئاوایی لە سەدەی بیستەمدا دەگرێتەخۆ. نووسەر دیوە نموونەیی و ئایدیاڵەکەی ئەم یەکە کۆمەڵایەتییە، کە بریتین لە خۆشەویستی، خەمخۆریی، سۆز و بەزەیی، بەرپرسیاریەتی هێمنی و ڕێزگرتن هەروەها دڵسۆزی و لەخۆبووردەیی دەخاتە بەر لێکۆڵینەوە و پرسیار لێکردن تا بینەر دەگەیەنێتە ئەو ئەنجامەی، کە دیوە ڕاستەقینەکە زۆر لەوانەی لە سەرەوە ئاماژەمان بۆ کرد، کەمترە. بۆ ئەم مەبەستەش، نووسەر هەر لە سەرەتاوە ململانێکان، وەک ئەوەی درێژکراوەی دۆخێکی پێشتر بن، زەق دەکاتەوە. ئەمەیش لە دیالۆگی نێوان هەردوو پیاوە باڵادەستەکەی ناو خێزانەکە، واتە "ماکس" ی باوک و" لێنی"، کوڕە مامناوەندییەکەی، دەردەکەوێت:

ماکس: چیت لە مەقەستەکە کرد؟

(وچانێکی کورت)

گوتم بە دوای مەقەستەکەدا دەگەڕێم. چیت لێ کرد؟

(وچانێکی کورت)

(٥) بڕوانە Knowles, Ronald, Understanding Harold Pinter; Columbia, S. C: University of South Carolina Press, 1995



گوێت لە منە؟ دەمەوێ شتێک لەم ڕۆژنامەیە ببڕم.

لێنی: ئاخر من، وا ڕۆژنامەکە دەخوێنمەوە.

ماکس: ئەو ڕۆژنامەیە نا. من ئەو ڕۆژنامەیەم هەر نەخوێندووەتەوە. باسی ڕۆژنامەی یەکشەمەی ڕابووردوو دەکەم. ئێستا لە مەتبەخەکە سەیرم کرد.

(وچانێکی کورت)

گوێت لێیە چی دەڵێم؟ من لەگەڵ تۆ قسە دەکەم! کوا مەقەستەکە؟

لێنی: (لە سەرەخۆ سەری هەڵدەبڕێ)

تۆ بۆ دەمت داناخەی؟ چەنەبازی دەبەنگ.

"ماکس" و پیاوەکانی تر بەردەوام سەرزەنشتی یەکتر دەکەن و ڕق و کینەی خۆیان بەرامبەر بە یەکتر هەڵدەڕێژن. بۆ نموونە "ماکس" براکەی خۆی، واتە "سام" بە مرۆڤێکی ژنانی وەسف دەکا بەو مانایەی، کە نێرینەیی تێدا نییە. بەڵام خۆی لافی ئەوە لێ دەدا، کە سێ مناڵی دروست کردووە بێ ئەوەی کەسێ داوای لێ بکا.

ماکس: تۆ چیت کردووە؟

(وچانێکی کورت)

تۆ چیت کردووە؟ تۆ گەندە و بێ کەڵکیت.

لەلایەکی تر، مشتومڕی نێوان "ماکس" و "لێنی" دەربارەی ئەسپ بەتایبەتی جوانوو هەروەها گاڵتەکردنی "ماکس" بە "سام"ی برای سەبارەت بەوەی، کە تائێستا نەیتوانیوە هاوسەرێک بۆ خۆی بدۆزێتەوە، دەچنە خانەی هەمان ئەو ململانێیە:

ماكس: سەیرە، تا ئێستا ژنت نەهێناوە، وانییە؟ پیاوێک بەم هەموو لێهاتوویەی تۆوە.

(وچانێکی کورت)

وانییە؟ پیاوێکی وەک تۆ؟

زۆر لە رەخنەگران شانۆنامەی "گەڕانەوە بۆ ماڵ" بە باشترین بەرهەمی "پینتەر" دادەنێن. خۆ هەندێکیان بە یەکێک لە بەرهەمە هەرە نایابەکانی سەدەی بیستەمی ناوزەد دەکەن. لەگەڵ هەموو ئەمانەشدا، ئەم شانۆنامەیە، بە پێی بۆچوونی هەندێ لە رەخنەگرەکانی ئەوێ رۆژێ، هەوڵدان بووە بۆ قووڵکردنەوەی رەشبینی و نەبوونی دڵسۆزیی راستەقینە و بە سووک سەیرکردنی مرۆڤ و ئابڕووبردنیەتی. "رۆناڵد کنۆڵز"(٦) پێی وایە ئەوەی شانۆگەرییەکە باسی لێوە دەکات پێچەوانەی ئەم بۆچوونەیە. ئەوەی لەم شانۆگەرییە روو دەدا وەکو رووخاندنی بینایەکی کۆن، وەکو پاککردنەوەی خۆڵ و دار و بەردی خانوویەکی رووخاو و پشکنینی بناغەکەیەتی. خۆ ئەگەر ئەو رەخنەگرتن و بە توندی هێرشبردنە لە بەرچاو بگرین، کە لە هەندێ شوێنی شانۆنامەکەدا بەرچاوە، دەردەکەوێت، کە شانۆنامەکە، دوا جار، بیرۆکەی رەشبینی یان خۆپەرستی و نەبوونی دڵسۆزیی راستەقینە قووڵ ناکاتەوە.

راستە مرۆڤ زۆر جار شت لە دەست دەدات، لە زۆر شت بێبەش دەکرێت و بارودۆخی تێک دەچێت و تووشی جۆرێک لە شێواندن دێت، بەڵام رێک لە ناوجەرگەی ئەم نالەبارییە و بەدڕەوشتییەی، کە لە بەرامبەریا دەکرێت، پێویستی بە هەندێ شت هەیە، کە ناکرێ بنبڕ

(٦) هەمان سەرچاوە.



بکرێت. ئەو خێزانەی، کە "پینتەر" لەم شانۆنامەیەدا باسی لێوە دەکات، دیوێکی ناشیرینی هەیە و پینتەریش ئەم دیوە ناشیرینە دەقۆزێتەوە بۆ پیشاندانی هەموو بەدڕەوشتییەک، کە لەم ناشیرینییە دەکەوێتەوە. لەگەڵ ئەمەشدا، مەسەلەکە لێرە تەواو نابێت. ئەوان پێویستیان بە خۆشەویستییە و خۆشەویستیش شتێکە بنبڕ ناکرێت با ئیفلیج و کپیش بکرێت. کەواتە مرۆڤ، بەپێی بۆچوونی "کنۆڵز"، پێویستە لە بەرامبەر ئەو دیوە ناشیرینە، لە روانگەی خۆشەویستییەوە سەیری رووداوەکانی ناو ئەم شانۆگەرییە بکات. بە واتایەکی تر "پینتەر" لەم شانۆگەرییەدا کار لەسەر چەمکە دژەکان دەکات. بەڵام چۆن؟

کاتێ مرۆڤ لەوە دەگات، کە بەرهەمێکی ئەدەبی، وەک ئەم شانۆگەرییەی ئێستا، واقیعە جیاوازەکانی کۆمەڵگە پیشان دەدات، ئەو کاتە دەکرێ بیر لە بنیاتی درامی و شێواز و فۆرمەڵەکردنەکەی بکاتەوە. لەم روانگەیەوە، دەشێ یەکەم شت، کە سەرنجی مرۆڤ رابکێشێت لەم شانۆگەرییە ئەوە بێت، کە زۆر ناتوورالیستییە، بەڵام ئەگەر بە قووڵی لە بنیاتی دیمەنەکان ورد بیتەوە بۆت دەردەکەوێت، کە شانۆگەرییەکە هەر لە سەرەتاوە لەسەر کارلێکی جەمسەرە دژەکان بنیات نراوە. ئەم بینینە بنیاتگەرایە نەک هەر بۆ شانۆنامەکە زۆر گرینگە، بگرە توخمێکی بنچینەییە لە خەیاڵی داهێنەرانەی "پینتەر". "پینتەر" خۆیشی لە چاوپێکەوتنێکا دەربارەی ئەم بینینە لە روانگەی بنیاتگەرییەوە دەڵێت:" تاکە شانۆگەرییەک، کە زۆر لە بنیاتگەرییەوە نزیکەو ئارەزووی من دەشکێنێت، شانۆگەریی 'گەڕانەوە بۆ ماڵ' ە."(٧)

(٧) بڕوانە "Harold Pinter: An Interview" (with Lawrence Bensky(,In Pinter: A Collection of Critical Essays, Edited by Arthur Ganz,1972

هەڵبژاردن و پیشاندانی هەر جۆرە واقیعێک لە ناو دراما، چ واقیعی دیوی دەرەوە بێت و چ واقیعی دیوی ناوەوەی کارەکتەرەکە بێت، دەوەستێتە پێوەندیی نێوان نەریت و شێوازی دەربڕین بە کولتووری ئەو چرکە ساتە لە چوارچێوەی بەها و کاریگەرێتییە پێوەندیدارەکان. بۆ نموونە، واقیعی ناو مەتبەخێک لە ناو شانۆگەرییەکی سالانی شەستەکان، بە پێی پێوەرەکانی ئێستا، لە کاتی نمایشکردندا، خۆنوواندنی تێدا دەردەکەوێت. ئەگەر بە پێی ئەم لێکدانەوەیە سەیری شانۆگەریی "گەڕانەوە بۆ ماڵ" بکەین، چەند حاڵەتێکی ناکۆک و جیاواز بەدی دەکەین. بەبێ ئەم جیاوازییانە کۆتاییی شانۆگەرییەکە سەیر و ناپەسندە و راستگۆیی تێدا بەدی ناکرێت.

شانۆگەرییەکە، لە سەرەتاوە لەسەر واقیعی ناو ژوورێکی دانیشتنی تایبەت بە شار بنیات نراوە. پینتەریش بە دیالۆگێکی لەندەنییانە لە نێوان "ماکس" و "لێنی"، وەک لە دەستپێکی ئەم نووسینە ئاماژەمان پێ کردووە، ئەم بیرۆکەیە دەچەسپێنێت. کاتێ رووداوەکان بەرەو پێشەوە دەچن و هەر لەگەڵ دەرکەوتنی ئەندامەکانی تری خێزانەکە، واتە "سام" و "جۆی"، رق و کینە، لاقرتێکردن، شەڕ پێفرۆشتن و دەمارگرتن کەشوهەوای شانۆگەرییەکە داگیر دەکەن. دوای ئەوەی شانۆ تاریک دەکرێت، بێ ئەوەی پێشتر هیچ ئاماژەیەکی بۆ بکرێت، "تێدی" و "رووسا" هەر لەگەڵ رووناککردنەوەی شانۆ دەردەکەون. "تێدی" سەرنجی "رووسا" و هەروەها بینەران بۆ باری نائاسایی پێکهاتەی ژوورەکە رادەکێشێت – دیواری پشتەوە نەماوە:

تێدی: (دێت و دەچێت)

رات چییە بەم ژوورە؟ گەورەیە، وانییە؟ خانوویەکی گەورەیە.





مەبەستم ئەوەیە ژوورەکە خۆشە، وانییە؟ راستی، جاران لێرە، لەمبەر بۆ ئەوبەر دیوارێک هەبوو... دەرگەیەکی تێدا بوو. خۆمان دیوارەکەمان رووخاند، چەند ساڵێک بەر لە ئێستا، بۆ ئەوەی شوێنی دانیشتنمان بەرین و کراوە بێت. وەک دەیبینیت، هیچ کاریشی لە خانووەکە نەکردووە. دایکم مردبوو.

مرۆڤ لە قسەکانی "تێدی"، کە نائارامی پێوە دیارە، هەست دەکا، کە لە پشت کەرەسە وشکەکانی ئەم دیمەنە دیوێکی شاراوە هەیە. بەم پێیەش مەترسی و دڵەڕاوکێ لە کاردانەوەی بینەران قووڵ دەبێتەوە. پاشان ئەو هێرشەی، کە راستەوخۆ یان ناڕاستەوخۆ دەکرێتە سەر "رووسا" و ناوزڕاندنی پێوە دیارە، ئەم مەترسی و دڵەڕاوکێیە، دووپات دەکرێتەوە. لەلایەکی تر، دیکۆرکێشی بەریتانی"جۆن بێرگ"(٨) (١٩٢٥– ٢٠٠٠) پێی وایە، کە رووخاندنی ئەم دیوارە لە دوای مردنی "جێسی" ئاماژەیە بۆ کاریگەریەتی رەگەزی مێ.

لە بەشی دووەمی شانۆنامەکە، کاتێ "تێدی" و هەروەها بەڕواڵەت "رووسا" ش خۆیان بۆ گەڕانەوە ئامادە دەکەن، رووداوەکان لەسەر تەختەی شانۆ زۆر سەیر دەردەکەون. "تێدی" لەم کاتەدا "لەسەر پێ وەستاوە و پاڵتۆکەی رووسا بە دەستییەوەیەتی" و هەر بەم حاڵەتەوە سەیری "لێنی" دەکات، کە لەگەڵ "رووسا" سەما دەکا و پاشان دەیداتە "جۆی" ی برای. ئەویش بەوە ناسراوە، کە خولیای پێوەندیی سێکسییە لەگەڵ ژن. "جۆی" دەیباتە سەر قەنەفەکە و لە ناو حەز و ئارەزووە سێکسییەکانی "لە باوەشی دەگرێت و ماچی دەکات". کارە

(٨) لاپەڕە ٥٢–٧٣ لە: Lahr, John, 1971 A Casebook on Harold Pinter's The homecoming. Edited by John Lahr Grove Press New York

هەوەسبزوێنەکە بەردەوام دەبێت و تێکستی ڕێنوێنییەکان لەمبارەوە زۆر توندوتیژ و زەقە:

(جۆی بە هەموو قورسایییەکەوە لەسەر رووسا پاڵ دەکەوێت. بە تەواوی کپ و بێدەنگن. لێنی دەستی بەناو قژی رووسادا دێنێت)

بەم شێوەیە ئەم رەفتارە سەرنجڕاکێشەی "جۆی" و "رووسا" خۆنوواندنێکی فۆرمەلەکراوی دوور لە ناتورالیستییە. یەکسەر دوای ئەمەش، تێکستی ڕێنوێنییەکان بەم شێوەیەیە:

(جۆی و رووسا لەسەر قەنەفەکە گلۆر دەبنەوە بۆ سەر عەرزەکە. جۆی بە توندی باوەشی پیا کردووە. لێنی لێیان نزیک دەکەوێتەوە و بەسەر سەریانەوە دەوەستێت. سەری دادەگرێتە خوارەوە و سەیریان دەکات. پێی بە نەرمییەوە بە لەشی رووسادا دێنێت. لە پڕێکا رووسا پاڵێک بە جۆی دەنێت. ئینجا هەڵدەستێتە سەرپێ. جۆی هەڵدەستێتە سەر پێ. لە رووسا رادەمێنێت)

ئەم دیمەنە هەوەسبزوێنە بە دیمەنێکی تر، کە شایستەی پێکەنینە وەلادەنرێت، چونکە رێک لەم کاتەدا، "ماکس بە شێوازێکی باوکانە لەگەڵ "تێدی" دەدوێت، وەک ئەوەی هیچ شتێکی ناشیرین روو نەدات و دۆخەکە هەتا بڵێیت ئاسایی بێت. ئەم دیمەنە ناوازەیە زیاتر قووڵ دەکرێتەوە کاتێ رووسا بەڕاستی وەک باڵادەستێک رەفتار دەکا و فەرمان بە پیاوەکان دەدا خواردن و خواردنەوەی بۆ بێنن. دواتر، کاتێ پیاوەکان خەریکی ئاخاوتنن، رووسا بۆ ماوەی دوو کاتژمێر لەگەڵ "جۆی" دەچنە ژووری سەرەوە بێ ئەوەی "جۆی" بشێوێت یا



ئاسوودەیی تێک بچێت. کە "رووسا" لە سەرەوە دادەبەزێتەوە خوارەوە بۆ ناو پیاوەکان، ئەوان داوای لێ دەکەن وەکو ژنێکی جەستەفرۆش، وەکو ژنێک بتوانێت لەگەڵ پیاوێک بژیت بەبێ هیچ گرێبەندێکی هاوسەرگیری، بمێنێتەوە.

دیارە هەندێک لە رەخنەگرەکان پێیان وایە، کە ئەم دیمەنانە، دیمەنی راستەقینە نین. هەندێکی تر بێ ئەوەی بیسەلمێنن بە دیمەنی سوریالی ناوی دەبەن. بەڵام ئەم دیمەنانە، وەکو واقیعی دەوروبەر، لە واقیعی دیوی ناوەوەی مرۆڤ جیا ناکرێتەوە. کرۆکی کێشەکە لەوەدایە، کە هەندێ واقیع لە بارودۆخە جیا جیاکاندا راستەقینەتر یاخۆ دوور و درێژتر دەردەکەون لە هەندێکی تر. لەگەڵ ئەوەشدا، ناکرێت لە واقیعی سایکۆلۆجی مرۆڤەکان جیای بکەیتەوە. ئەگەر ئەم راستییە لە بەرچاو بگرین، دەتوانین شتەکان لە مەودایەکی فراوانتر ببینین و خوێندنەوەیەکی باشتر بۆ رووداوەکان، بۆ کارەکتەرەکان، بۆ بیرۆکەکان بەدەست بێنین.

شانۆگەریی "گەڕانەوە بۆ ماڵ"، لە دەستپێکدا بە ئەندازەیەکی زۆر دیوە دەرەوەکەی واقیعی پێوەندییە خێزانییەکان پێشان دەدات. واقیعی ناوەوە، لەم قۆناغەدا، تەنیا بە شێوەیەکی راستەوخۆ یان ناڕاستەوخۆ ئاماژەی بۆ دەکرێت: ئایا مەرگی "جێسی"، ژنی "ماکس" چ وەکو دایک و چ وەکو ژن بۆ ئەندامانی خێزانەکە چی دەگەیەنێت؟ هاتنی "رووسا" وەکو دایکێکی تر و وەکو ژنێکی تر دۆخەکە خراپتر دەکات و واقیعەکە لە هەردوو ئاستدا، واتە لە ئاستی کۆمەڵایەتی و لە ئاستی سایکۆلۆجیدا دەخاتە نێو ململانێوە. "پینتەر" لێرەدا تەکنیکی بژارەکردن بەکار دێنێت، واتە رەوتی بەڕێوەچوونی واقیعێک لە

ئاستێکا رادەگرێت و دەچێتە سەر ئەوەکەی تر تا بە هۆی یەکێکیان ئەوەی تر روون دەبێتەوە. واقیعی سایکۆلۆجی واقیعە کۆمەڵایەتییەکە دەڕووخێنێت، کە "تێدی" لە راستیدا دەیشارێتەوە بۆ ئەوەی زیاتر پەلکێشی ناو گێژاوەکە نەبێت. بەڵام لە تابلۆی کۆتاییدا، ئەو ململانێیەی، کە لە ناوەوە، لە ناو خوددا لە نێوان خۆشەویستی لەلایەک و سووککردن و بێنرخکردنی مرۆڤ لەلایەکی تر بەڕێوە دەچێت و بە شاراوەیی ماوەتەوە، دوا جار لە دەرەوە رەنگ دەداتەوە، ئاشکرا دەبێت و بینەر دەیبینێت. ئینجا ئەمە چ قبوڵکردنی "رووسا" بێت بە مانەوە وەکو جەستەفرۆشێک، چ ئاشکراکردنی حەقیقەتی "جێسی"، کە پشتەوەی ئۆتۆمۆبێلەکەی "سام" لەگەڵ "ماک گریگۆر" جووت بووە. ئەمەیش بۆ شانۆنامەکە دەبێتە کۆتاییەکی بەهێز. ئەگەر ئێستا لە رووی شێوازی داڕشتن و پێکهاتەی درامییەوە بە شانۆنامەکەدا بچینەوە و بیپشکنین، بۆمان دەردەکەوێت، کە ئاستەکانی واقیع چۆن بە درێژایی شانۆنامەکە بە شێوازێکی بنیاتگەرانەی زۆر ورد لە ناو بەربەرەکانیکردنی چەمکە دژەکان فۆرمەڵە کراون.

بنیاتگەری، وەکو بیرۆکە، شێوازی کارکردنی لە پێشکەوتنی زانستی زمان هەڵێنجاوە، کە زانای سویسری "فەردیناند دی سۆسێر" (١٨٧١٩١٣) بنەماکانی بۆ دانا. بە پێی بۆچوونی "سۆسێر"، زمان لە چەند هێمایەک پێک هاتووە و هەریەک لەم هێمایانە دوو دیوی هەیە: یەکەمیان شێوەی دەرەوە یا وێنەی وشەکەیە، واتە ریزبەندی پیتەکان هەروەها فۆنیمەکانی یا دەنگی وشەکە. دووەمیشیان ئەو چەمکە یا بیرۆکەیەیە، کە لە مێشکی مرۆڤ دروست دەبێت بە بیستنی



وشەکە. بیرۆکەکانی ئەم زانایە هەر زوو تەشەنەی کرد بۆ بەشەکانی تری زانست وەکو سۆسیۆلۆجیا و تیۆری ئەدەبی. هەر بۆ نموونە، زانای فەڕەنسی "کلۆد شتراوس" (١٩٠٨-٢٠٠٩)، کە بە باوکی ئەنترۆپۆلۆجیای سەردەم دەناسرێت، بیرۆکەی ئەم دوو دیوییەی، کە "سۆسێر" باسی لێوە دەکا، بەسەر کۆمەڵگە سەرەتاییەکان و ئەفسانەدا جێبەجێ کرد(٩). بنیاتگەری واتای هەر شتێکی دیار بە بەراورد لەگەڵ پێکهاتەیەکی فراوانتری واتا دیاری دەکات. بەمانایەکی تر، هەر دەقێک بە هۆی چەند یاسایەکی دیاریکراو بەڕێوە دەچێت و لەسەر بنەمای دوو جەمسەریی رێک دەخرێت، کە لەیەک جیاوازن. ئەمەیش سروشتی مێشک پێشان دەدات. ئەم دوو جەمسەرە لەیەک جیاوازە بە ئاسانی لە مرۆڤدا دەدۆزرێتەوە، وەکو جەستە و دەروون، ئەقڵ و سۆز یان چاکە و خراپە. لەم روانگەیەوە دەتوانین وردتر سەیری وردەکارییەکانی دەقی ئەم شانۆگەرییە بکەین.

سەرەتا دەکرێ ئەو بانگەشەیە بکەین، کە خەیاڵی داهێنەرانەی "پینتەر" لە بنچینەدا لەسەر ئەم دوو جەمسەرە داڕێژراوە، کە ئاماژەمان پێ دا، چونکە ناوەڕۆکی گشت بەرهەمەکانی "پینتەر" جەمسەرێکی خۆنوواندنە و ئەوەکەی تریشی ریالیزمە، جەمسەرێکی پێکەنینە و ئەوەی تریشی جدیەتە. ئەم بەیەکداکردن و تێکەڵاوبوونەی دژەکان لە هەر چرکەساتێکی شانۆگەرییەکەدا بەدی دەکرێت. لە هیچ شانۆنامەیەکی "پینتەر" پانتاییی ململانێکان ئەوەندە فراوان نییە وەکو لەم شانۆگەرییەدا هەیە. جۆرەها ململانێ، لە ئەنجامی تێکەڵاوبوونی

---

(٩) لاپەڕە ١٥-١٩ لە

Dan Sperber, Structuralism and Science, Oxford: Oxford University Press0 1979

بەردەوامی جەمسەرە دژەکانی وەکو بەدڕەوشتی و ڕەوشت جوانی، تونوتیژیی و ژیانی خێزانی، سۆزداری و مەیلی جووتبوون. ئەمانەیش، بە درێژاییی شانۆگەرییەکە و بە نۆرە، جارێ بەستراونەتەوە بە هەردوو ڕەگەزی نێر و مێ، تاوێ بە خێزان و بە خودی تاک و تاوێکیش بە پیاهەڵدان و ناوزڕاندن. بۆ نموونە، لە سەرەتای شانۆگەرییەکە، "ماکس" دێتە ژوورەوە. بەدوای مقەستەکەدا دەگەڕێت. "لێنی" ڕۆژنامە دەخوێنێتەوە. ئەمە کەشوهەوایەکی خێزانی ئاساییە. بەڵام ئەم کەشوهەوایە بە هۆی قسەڕەقیی "لێنی" دەوەستێت. کەچی ئەو خۆی لە خوێندنەوەی ڕۆژنامەکە ناوەستێت و گوێ بە قسەکانی باوکی نادات. هەر ئەمەیشە، کە تووڕەییی باوکی جۆش دەدات و دوا جار بە "ماکس" دەڵێ:

"پێت وایە من سەرکێش نەبووم؟ دەمتوانی دوو جار لەسەر یەک پیاتا بکێشم. ئێستاش هێز و تاقەتم ماوە. لە " سام"ی مامت بپرسە من چی بووم. سەرەڕای ئەوەش، هەردەم دڵنەرم و ڕووخۆش بوومە، هەردەم"

لە چوارچێوەی ئەم کەشوهەوا خێزانییەدایە، هەڕەشەی توندوتیژیی لە دوو ڕستەی یەکەمی ئەم قسەیەی "ماکس" چڕ دەکرێتەوە. لەلایەکی تر، ئەو ڕاستییەی، کە "ماکس" گۆچانێکی بەدەستەوەیە و بەدوای مقەستەکەدا دەگەڕێت بۆ ئەوەی ڕێکلامێک کە " دەربارەی یەلەکی خووری " یە لە ڕۆژنامەکە ببڕێت و هەروەها دانپێدانانی پێشتری، کە چووەتە ناو ساڵانەوە و ڕێک پێش ئەو حیوارەی سەرەوەیە، کە باسی بەهێزیی و سەرکێشیی خۆی دەکات، واتە کاتێ بە "لێنی" دەڵێت: "بە خوا وا بەرە بەرە پیر دەبم"، لەگەل بانگەشەی "بەهێزبوونەکەی"



ناکۆکە. بیرۆکەی نێرینەیی، کە لە وشەی "سەرکێش" بەرجەستەیە پێچەوانەی سووکایەتی پێکردنەکەی "لێنی"یە، کە بەرامبەر "ماکس" دەیکا کاتێ پێی دەڵێت:" گەمژەی بێ کەڵک". ڕستەی دواتر، کە دەربارەی "سام"ە، بۆ یەکەم جار پێوەندییە خێزانییەکە بە شێوەیەک دەورووژێنێت، کە بۆ شانۆگەرییەکە زۆر گرینگە. "سام" دەبێتە بەڵگەی هەڕەشەیەکی باوکانەی ڕاستەقینە، چونکە لە ڕووی ڕێزگیرییەوە، وەکو بەڵگە بۆ توندوتیژیی ڕابووردوو پەنای بۆ دەبردرێت. بێجگە لەمەش، "ماکس" لەم قسەیەدا "سام" نەک "تێدی"، وەکو بیرخەرەوەیەک بۆ "لێنی" بەکار دێنێت سەبارەت بە پلەوپایەی خۆی – واتە "ماکس"– لە ناو خێزان. دوا جار ئەم پەنابردنەی "ماکس" بۆ خێزانەکە، کە جەمسەرگیریی هەڕەشەئامێزەکەی نێوان خود و خێزان دەسڕێتەوە، بە فێڵ دووپات دەکرێتەوە کاتێ دۆخەکە دەگوازێتەوە بۆ جۆرێک لە ڕەوشت نواندن لە ڕێگەی دەربڕینی هەستێکی ناسک: "سەرەڕای ئەوەش، هەردەم دڵنەرم و ڕووخۆش بوومە، هەردەم" دەربڕینی ئەم هەستناسکییەی سەرەوە لە کۆتاییی بەشی یەکەمی شانۆگەرییەکە زۆر زەقە، کاتێ "ماکس" باوکی کۆچکردووی هەڵدەکێشێت:

"کە باوکم مرد، پێی گوتم، ماکس ئاگات لە براکانت بێت. ئەمە پوختەی ئەو قسەیە بوو، کە باوکم پێی گوتم" ئەم قسەیە هەرەس دێنێت کاتێ "سام" بە گاڵتەوە پێی دەڵێت، " چۆن دەتوانێت ئەو قسەیە بە تۆ بڵێت لە کاتێکدا ئەو مردووە؟" بەڵام، قسەکەی "ماکس"، دوا جار، دەبێتە هێرشێکی توند دژی براکەی، کە پێی دەڵێت،" سەرخۆشی ناپەسند". هێرشەکە تێکەڵکردنێکی سەیری ڕێزگیریی لەگەڵ توندوتیژی لێ دەکەوێتەوە:

"من ڕێزم لە باوکم گرت نەک هەر وەکو پیاوێک، بگرە وەکو گۆشتفرۆشێکی پلە یەکەم! بۆ ئەوەی ئەم قسەیەش بسەلمێنم، لەسەر ڕێوشوێنی ئەو ڕۆیشتم و دووکانەکەیم گرتە دەست. هەر لە منداڵییەوە لەسەر دەستی ئەو فێر بووم لاشە پارچە پارچە بکەم. من ناوی باوکمم لە ناو خوێنی خۆمدا زیندوو کردووەتەوە بێ ئەوەی کەس پێم بڵێت".

دوا بەشی قسەکەی "ماکس" جۆرێک لە جێگۆڕکێی ڕۆڵەکانی پێوە دیارە. ئەمەیش ڕەنگدانەوەی ئەو ململانێیەیە، کە بە درێژاییی شانۆگەرییەکە لە نێوان نێر و مێ قووڵ دەکرێتەوە، کاتێ دەڵێت،" هەر بە ویستی خۆم، سێ کوڕم، نەخێر، سێ پیاوم هێناوەتە دنیاوە. ئەی تۆ چیت کردووە؟". دوای وچانێکی کورت، "ماکس بە سام دەڵێت، "گەندە". ئەمەیش، بە گەڕانەوە بۆ قسەکەی پێش ئەو وشەیە، ڕیسواکردنە لە ڕووی سێکسییەوە. ئینجا دۆخە خێزانییەکە جارێکی تر دێتە پێشەوە، کاتێ "ماکس" بە "سام" دەڵێت، " پێویستە ئەو ڕق و کینەیە لە دڵدا نەهێڵێت، سام. پاشان خۆ ئێمە براین"

دواتر، کە "تێدی" و "رووسا" لە ژووری خەوتن دێنە خوارەوە کەشوهەوا خێزانییەکە هەر بەردەوامە کاتێ "تێدی" بە بزەوە بە باوکی دەڵێت وشەی "چۆنی... باوکە". بەڵام هێندەی نابات، ئەو کارەی بە "سام" کرا، بە "تێدی"یش دەکرێت. ئیتر ناوزڕاندنەکە سەر هەڵدەداتەوە و وشەکانی "قەحپەی بێ شەرم" و " ئافرەتێکی بۆگەن" و"فەلیتەیەکی شەهوەتپەرست" نەک هەر کەشوهەوا خێزانییەکە رادەماڵن، بگرە دەچنە خانەی چڕکردنەوەی هێرشی "نێر" بۆ سەر "مێ". پاشان ڕیسواکردنەکە لە چوارچێوەی تاکە کەسی دەپەڕێتەوە



بۆ تەواوی خێزانەکە. "ماکس" دەڵێ:

"بەشەرەفم لەوساوە دایکت مردووە تا ئێستا هیچ قەحپەیەکم لە ژێر ئەم ساپیتەیە نەبینیوە "

(ڕوو لە جۆی دەکات)

ئایا تۆ تا ئێستا قەحپەیەکت هێناوەتە ئێرە؟ ئایا لێنی تا ئێستا قەحپەیەکی هێناوەتە ماڵەوە؟"

بەهەرحاڵ، دوایین تابلۆی شانۆگەرییەکە، کە دایکایەتی و قەحپەییکردن تێیدا دەبێتە وێنەیەکی زاڵ، ڕێک پێچەوانەی ئەم قسەیەی "ماکس"ە، چونکە "جێسی" واتە ژنی "ماکس"، وەک "سام" باسی لێوە دەکات، لەگەڵ "ماک گریکۆر" لە پشتەوەی ئۆتۆمۆبێلەکەی "سام" جووت دەبن. توندوتیژیی ڕاستەقینەش ئەو کاتە ڕوو دەدات، کە "ماکس" " مشتەکۆڵەیەک لە سکی جۆی دەدا" وەک کاردانەوەیەک بۆ قسەکەی "جۆی"، کە پێی دەڵێت "تۆ پیر و خەڕۆ بوویت". پاشان "بە گۆچانەکەی لە سەری سام دەدات". لە دوا چرکەساتەکانی بەشی یەکەم، "رووسا" بە پێچەوانەی ئەو هەموو ناوزڕاندن و جنێوە سێکسییە ئابڕووبەرانەی، کە "ماکس" دەیخاتە پاڵ دەبێتە دایکێکی پڕ سۆز کاتێ "ماکس" پێی دەڵێت. "تۆ بوویتە دایک". دۆخە خێزانییەکە زیاتر زەق دەبێتەوە کە "تێدی" و باوکی باوەش لە یەکتر دەکەن و "ماکس" دەڵێت،" هێشتا باوکی خۆی خۆش دەوێت!"

لە سەرەتای بەشی دووەمی شانۆگەرییەکە، "ماکس" و "رووسا" بەیەکتردا هەڵدەڵێن. دۆخە خێزانییەکە گەرموگوڕتر دەبێت کاتێ "ماکس" سەرگوزشتەیەکی پڕ خۆشەویستی ژیانی پێشتری ناو خێزانەکەی دەخاتە ڕوو:

"... ئینجا پێم گوت: جێسی، وا بزانم کەشتییەکەمان خەریکە دەگاتە جێ. نیازم وایە دوو دانە شتت بۆ بکڕم. دەمەوێ کراسێکی ژنانەی شینی ئاوریشمت بۆ بکڕم، دامێنەکەی بە قەیتان هەڵچنرابێت و بە مرواری رازاندرابێتەوە. لە بۆنەکاندا بیکەیتە بەر. لەگەڵ جووتێ پانتۆڵی گوڵگوڵی تافتەی رەنگ ئەرخەوانی. پاشان چۆڕێ براندی سووری ئاڵم پێ دا. بیرمە کوڕەکان هەر بە بێجامەوە هاتنە خوارەوە. قژیان دەترووسکایەوە. دەموچاویان پەمەیی بوو. ئەو کاتە هێشتا بۆ یەکەم جار ریشیان نەتاشی بوو. لەبەر پێی هەردووکمان، من و "جێسی" بە چۆکدا چوون..."

کاتێ "پینتەر" دۆخە خێزانییەکە ئاوا گەرموگوڕ پێشان دەدات، بۆ ئەوەیە بینەر دواتر هەست بە کاریگەریەتی پێچەوانەکەی بکات. واتە، هەتا دۆخێک لە دۆخەکان یا خەسڵەتێک لە خەسڵەتەکانی کارەکتەرێک قووڵتر بکرێتەوە، دوا جار، پێچەوانەکەی، کە دواتر دەردەکەوێت، بۆ کارەکتەرەکانی تر و بۆ بینەریش جۆرێک لە خورپە و راچڵەکین دروست دەکات.

بەهەرحاڵ، دۆخەکە جارێکی تر هەڵدەگەڕێتەوە کاتێ "رووسا" لەپڕێکا پرسیارێک دەربارەی گۆشتفرۆشەکان دەورووژێنێت. بۆیە، هەر ئەو "جگەرە دەرەجە یەک" ەی، کە "ماکس" لە بەشی یەکەمی شانۆگەرییەکە باسی لێوە دەکات دەبێتە "جگەرەیەکی خراپ" و دۆخە نموونەییەکەی ناو خێزانیش دەبێتە ". خێزانێکی ئیفلیج و پەککەوتە. سێ کوڕی زۆڵ. ژنێکی دێڵەی قەحپە". هەروەها "سام" زیاتر ئابڕووی دەبرێت، "... تۆ بۆ نیو دۆلار لەسەر پردی "بلاک فرایەر" دەچەمێیتەوە".



یەکسەر دوای ئەمە دۆخە خێزانییەکە جارێکی تر دەگەڕێتەوە:

ماکس: (روو لە تێدی دەکات)

کوڕم، چۆن گوزەران دەکەیت؟

تێدی: زۆر باش گوزەران دەکەم، باوکە.

ماکس: دڵخۆشین کە تۆ گەڕایتەوە لامان.

خالێکی زۆر سەرنجڕاکێش لە شانۆنامەی "گەڕانەوە بۆ ماڵ" لە هەڵوێستی "تێدی" دا بەرجەستە دەبێت. کاتێ "تێدی" بە بێ ئاگاداری باوک و براکانی ژن دێنێت و دەچێتە ئەمەریکا و خێزان پێک دێنێت، لە راستیدا هەڵوێستێک جێبەجێ دەکات، کە تا سەر ئێسقان هی خۆیەتی و دژی بنەماڵەکەیەتی. ئەم هەڵوێستە دەیسەلمێنێت، کە بانگەشە بۆ مافی خێزان گەورەترە لە خۆپەرستی و خۆسەپاندنی یەکێک. گرینگی ئەم بانگەشەیە لە رووی تەکنیکییەوە لەوەدایە، کە "پینتەر" هەر لە سەرەتای شانۆنامەکەدا ئەم بیرۆکەیە دێنێتە پێشەوە. ئەو وشە و دەستەواژانەی، کە لە چوارچێوەی ژیانی ناو خێزان بە درێژاییی شانۆنامەکەدا بەکار دێن زیاتر لە سەد و سی جار دووبارە دەکرێنەوە. بەڵام ئەگەر لە رووی چەمکە دژەکانی تایبەت بە پیاهەڵدان و ناوزڕاندن، بە رێزگرتن و جنێودان سەیریان بکەین، دەردەکەوێت، کە کۆڵەگەی خێزانەکە بە هۆی بەربەرەکانی نێوان رەوشتجوانی و بەدڕەوشتی بنکۆڵ دەکرێت. دووبارەکردنەوەی وشەکانی وەکو دایک، باوک، برا، ژن، باوکە، خێزان، کوڕ، دوا جار دەبێتە گاڵتەپێکردن بە پێوەندییە خێزانییەکان و بە سووکی سەیرکردنیان.

ئەگەر لە روانگەی هەردوو جەمسەری پیاهەڵدان و ناوزڕاندنەوە سەیری کارەکتەری ژن لە شانۆنامەی "گەڕانەوە بۆ ماڵ" بکەین،

دەکرێ شیکردنەوەیەکی دەروونی و بە پشتبەستن بە بۆچوونەکانی "فرۆید"ی بۆ بکەین. لەمبارەوە، "کنۆڵز" پێی وایە، کە شانۆنامەکە دوو دیو بۆ وێنەی ژن دەکێشێت: ژن وەکو دایک و هەروەها ژن وەکو جەستەفرۆش. "ماکس" لە ناوزڕاندنی هەریەک لە "جێسی" و "رووسا" دەستپێشخەرە. سەرەتا "رووسا" وەکو "جەستەفرۆشێکی سووک و بێ حەیا... فەلیتەیەکی بەدرەوشت" و پاشانیش "جێسی" وەکو "ژنێکی دێڵەی قەحپە" وەسف دەکات. هەروەها "لێنی" هەموو ژنێک وەکو ئەو کچە سۆزانییەی "سەر شۆستەی دەریا" دەبینێت، کە "کێشەکەی لەوەدابوو، بەهۆی نەخۆشی ئاوڵەوە پەکی کەوتبوو". لەلایەکی تر فڕاندنی دوو کچەکە لەلایەن "لێنی" و "جۆی" لە دڵدارەکانیان و بە زۆر جووتبوون لەگەڵیاندا لە ناو "وردەبەردەکان"، پاشان چەند جار بەکارهێنانی وشەی "قەحپە" لەلایەن "لێنی" و "ماکس"، هەموو ئەمانە وێنەی "رووسا" چ وەکو ژنێکی بە مێرد و چ وەکو دایک تەڵخ دەکات. دیارە ئەو نهێنییەی، کە "سام" دەربارەی جووتبوونی "ماک گریگۆر" لەگەڵ "جێسی" لە پشتەوەی ئۆتۆمۆبێلەکەی ئاشکرای دەکات، ئەگەر راست بێت، تەڵخکردنی وێنەکە دووپات دەکاتەوە. بەڵام ئەگەر خەسڵەتی قەحپەییکردن، کە بە رەگەزی مێینە دەلکێنرێت، نزمترین ناولێنان و ریسواترین ئاست بێت، ئەی بۆچی رەگەزەکەی تر پەنای بۆ دەبات؟



## کارەکتەر لە شانۆنامەی "گەڕانەوە بۆ ماڵ"

بە پێی ئەو لێکۆڵینەوانەی، کە "فرۆید" لەسەر ئەو پیاوانەی کردووە، کە پەنا بۆ جووتبوون دەبەن لەگەڵ ئافرەتێکی تر، لە کاتێکدا خۆیان ژنەکانیان جوان و قەشەنگە، دەردەکەوێت، کە تەنیا لە رێگەی دابەزین بۆ ئەو ئاستە نزمە، بۆ ئەو ریسواییییە دەتوانن ئارەزووە سێکسییەکانیان جێبەجێ بکەن. بە واتایەکی تر، ئارەزووە جەستەییەکان تەنیا لە رێگەی جیاکردنەوەی لەزەتی جەستە لە هەست و سۆزی خۆشەویستییەوە، شەهوەتپەرستی لە هەستناسکی و بەنەرمی جووڵانەوە جێبەجێ دەبن، چونکە ئەم جۆرە پیاوانە ناتوانن ئارەزووە جەستەییەکانیان لەگەڵ خۆشەویستی و هەستناسکی لە هەمان کەسدا بدۆزنەوە یا ئاوێتەی یەکتریان بکەن تا لە ئەنجامدا جووتبوون بکەن بە خۆشەویستی. "فرۆید" لە لێکۆڵینەوەکەی دەربارەی گەشەکردنی کوڕ ـ نێرینە ـ تێبینی ئەوە دەکات، کە هەموو ئەو کەسانەی، کە لە سەرەتا تێکەڵی هەست و سۆزی منداڵی نێرینە دەبن شێوەی دایکی یان خۆشکی یاخۆ دایەنەکەی یا هەر کەسێکی نزیکی ئەو دەکەن. لە سەرەتای هەرزەکاری و کامڵبوونی لە ڕووی سێکسییەوە، لەزەتی جەستە لەگەڵ ئەو پێوەندییە خۆشەویستییەی پێشتر لەلای چەسپیوە بەریەک دەکەون. دیارە پێشتر بە هۆی کامڵنەبوونی لە ڕووی جەستەییەوە بەری لێ گیرابوو. تەنیا ئەگەر رەوشت و پایەی کۆمەڵایەتی خۆی بە ناخدا ببات و بۆ ئاستی ئەو

ریسواییە دابەزێت، کە ئاماژەمان پێ کرد، بەربەستەکان نامێنن. "فرۆید" ئەم حاڵەتە وەکو تراجیدیایەک دەبینێت دژ بە خود، چونکە ئەم جۆرە پیاوانە ناتوانن خۆشەویستییەکی تەواو بەدەست بێنن.

"مارتین ئەسلین" لە لێکۆڵینەوەیەکیدا دەربارەی شانۆنامەی "گەڕانەوە بۆ ماڵ" دەڵێ: «شانۆنامەی "گەڕانەوە بۆ ماڵ"، لە روانگەی بیر و بۆچوونی کوڕەکانەوە، ئارەزوویەکی ئۆدیبیانەیە، کە خەون بە جێبەجێکردنییەوە دەبینێت: سەرکەوتنی دایکە لە رووی سێکسییەوە، هەروەها ریسوابوونی بێ ئەندازەی باوکە. بەڵام لە روانگەی بیر و بۆچوونی باوکەکەوە مۆتەکەیەکی ترسناکی تۆڵەسەندنەوەی کوڕەکانە»(۱۰)

ناونیشانی شانۆنامەی "گەڕانەوە بۆ ماڵ" ناونیشانێکی تەوسئامێزە. ئەم گەڕانەوە بۆ ماڵە کام لە کارەکتەرەکان دەگرێتەوە؟ سەرەتا، مرۆڤ بیری بۆ گەڕانەوەی "تێدی" دەچێت، کە لە ئەمەریکاوە دەگەڕێتەوە بۆ لەندەن. پاشان بۆ "رووسا"، کە لە "شوێنێکی نزیک لەو دەوروبەرە لە دایک بووە" و دوا جار هەر ئەویش لەوێ دەمێنێتەوە. لەلایەکی تر دەشێت گەڕانەوەکە رەهەندێکی تری هەبێت. بۆ نموونە، گەڕانەوەی "رووسا" بێت بۆ "خود"ی خۆی، کە لە ئەنجامدا دەبێتە هۆی وازهێنانی لە "تێدی".

دیارە هەر ئەو مامەڵەکردنەی "پینتەر" لەگەڵ کارەکتەر لە پاڵ مامەڵەکردنی لەگەڵ واقیع و بەکارهێنانی تایبەتی زمان بووەتە مایەی

(۱۰) بڕوانە لاپەڕە ۱٥٥ لە:
Martin Esslin, Pinter: A study of His Plays (London and New York: Eyre Methuem, 1977)



سەرسامی زۆرێک لە رەخنەگر و بینەران بە رادەیەک تا ئێستاش کۆمەڵێ پرسیار هەن چاوەڕوانی وەڵامدانەوەن ئەگەرچی ژمارەیەکی یەکجار زۆر کتێب و لێکۆڵینەوە لەسەر شانۆنامەکانی نووسراون.

دیارە بەرهەمەکانی "پینتەر" لە کاتی خۆشیا کاردانەوەی جیا جیای لێ کەوتووەتەوە، بە تایبەتیش شانۆگەریی "گەڕانەوە بۆ ماڵ". هەندێک لەو کاردانەوانە دەچوونە خانەی پیاهەڵدان و هەندێکیشیان دەچوونە خانە بێزاری و تووڕەبوون. نموونەیەکی بەرچاو بۆ ئەم کاردانەوە جیا جیایانە دەربارەی ئەم شانۆگەرییە، ئەو کاردانەوە نەگەتیڤانە بوو کە، "رۆبەرت برۆستاین" لە ۲٦ مانگی حوزەیرانی ساڵی ۱۹٦٥ی کۆواری" نیو ریپەبلیک New Republic"، هەروەها ئەو وتارەی، کە "رۆناڵد برایدن" لە ۱۱ی حوزەیرانی ساڵی ۱۹٦٥ لە کۆواری "نیو ستەیتمان New Stateman لە ژێر ناونیشانی "هەڵپەهەڵپی پینتەر" بڵاویان کردەوە. لە بەرامبەر ئەمانەشدا، "ریچارد گیلمان" لە ۲۲ ی کانوونی دووەمی ساڵی ۱۹٦۷ لە رۆژنامەی "نیوۆرک تایمز New York Times"، هەروەها "هنری هیوز" لە ۲۱ی کانوونی دووەمی ساڵی ۱۹٦۷، لە هەفتەنامەی "ساتەردەی ریڤیو لیتراچەر Saturday Review of Lit-erature"، کە لە لەندەن دەردەچوو. تێدا بە بەرهەمە ئەدەبیەکاندا دەچووەوە، پێداچوونەوەیە پۆزەتیڤانەیان خستە ڕوو.(۱۱)

بەهەرحاڵ، رەخنەگرەکان بەگشتی پێیان وایە، کە

۱۱ بۆ زانیاری دەربارەی ناوەڕکی ئەم وتارانە سەیری ئەم بکە:

*New Republic(June26. 1965, Robert Brustein, Pinter,s homecoming.

*New Statesman (June11. 1965, Ronld Bryden, The Stink of Pinter.

* New York Times (Jan22. 1967 Richard Gilman

* Saturday Review, L (Jan. 21. 1967 Henry Hewes, Pinter_s Hilarious Depth Charge

شانۆنامەکانی"پینتەر" لە چوارچێوەی ئەو شانۆنامانەن، کە رەخنەگری هەنگاری مارتین ئەسلین" (١٩١٨–٢٠٠٢) بە شانۆی "پووچگەرا- "absurd ناویان دەبات. بەڵام ئەوەی "پینتەر" لە شانۆنامەنووسەکانی سەر بە رێبازی "ئەبسێردیزم" جیا دەکاتەوە ئەو تەکنیکەیە بۆ پێشاندانی ئەو بینینە ئەبسێردە بەکاری دێنێت. بۆ نموونە "ئێف. جەی. بێرنهارد" پێیوایە، کە دیالۆگەکانی "پینتەر" "زیاتر لە شیعر دەکەن تا لە هەر شتێکی تر" چونکە "پینتەر" زۆر شێوازی تایبەت بە زمانی ئاخاوتنی رۆژانە دەکاتە دیالۆگێکی کاریگەری ئەوتۆ، کە نەک هەر کارەکتەر، بگرە بینەریش بە ئاستەم لە ئاماژەکەی دەگات.(١٢)

بە پێی بۆچوونی "ویلیەم. جەی فری"(١٣) ئەم تەکنیکە لە شانۆنامەی "گەڕانەوە بۆ ماڵ" بە رادەیەکی یەکجار زۆر بەکار دێت. کارەکتەرەکان لە ئاخاوتن و نواندنەکانیان بە جۆرێک پێوەندیی لەگەڵ یەکتر دەکەن، بە شێوازێک زانیارییەکان بە یەکتر دەدەن، کە دەبێتە مایەی حەپەسان و سەرلێشێواندن و لە خشتەبردن. بەڵام هیچ زانیارییەک بۆ بینەر ناگوازنەوە. بینەر هەست بە دوژمنایەتی نێوان کارەکتەرەکان دەکات، بەڵام هەرگیز پەی بۆ هۆکارەکان نابات. دیالۆگ دەبێتە گەمەیەک بە هۆیەوە کارەکتەرەکان هۆکاری رەفتارەکانیان لە یەکتر و لە بینەر دەشارنەوە. کاریگەریەتی دیالۆگ لێرەدا دەردەکەوێت. "رووسا" لە بەشی دووەمی شانۆگەرییەکە دەڵێت:

(١٢) بڕوانە لاپەڕە ١٨٥_ لە: F. J. Bernhard, Beyond Realism:The Plays of Harold Pinter," Modern Drama,V111(Sept. 1965)

(١٣) بڕوانە

William. J. Free, South Atlantic Bulletin, Vol34 .No4. Nov1969. pp 1-5.



... شتێکت بیر چوو. سەیری من بکە. من قاچەکانم دەجووڵێنم. هەر ئەوەیە و هیچی تر. بەڵام من جلی ژێرەوەم لەبەردایە، کە لەگەڵم دەلەرێنەوە. ئەم لەرانەوەیە سەرنجی تۆ دەپێکێت. دوور نییە تۆ لێکدانەوەیەکی هەڵەی بۆ بکەیت. مەسەلەکە ئاساییە. ئەمە قاچە و دەجووڵێتەوە. لێوەکانم دەجووڵێنەوە. تۆ بۆچی سەرنجەکانت لەمە چڕ ناکەیتەوە؟ دوور نییە جووڵانەوەکە، بەڕاستی پڕ ماناتر بێت لەو وشانەی، کە لە لێوەکانەوە دێنە دەرەوە. تۆ پێویستە ئەم ئەگەرە لە بیر نەکەیت.

"فری" پێی وایە، بە درێژاییی شانۆگەرییەکە، ئەوەی بینەر هەستی پێ دەکات، کە ژێر بەژێر لەودیوی ئاخاوتنەکان روو دەدات، دوا جار لە بەرامبەر ئەو هەموو شتانەی، کە بەرچاون و بە ئاشکرا روو دەدەن، هەرەس دێنێت. "جلی ژێرەوە زیاتر مایەی دەستدرێژکردنە سەرە لە "قاچەکە"، کەچی لە بەرچاو نییە. شاراوەیە. سەرنجی بینەر لە نێوان رەفتارە بەرچاوەکان، کە هیچ لێکدانەوەیەکی روون بۆ واتاکانیان نییە، لەگەڵ رەفتارە شاراوەکان، کە بۆ بینەر ناگوازرێتەوە، ئەمسەر و ئەوسەر دەکات. "رووسا" کارەکتەرێکی سەرەکییە لە شانۆگەرییەکە. لە راستیدا، هەر ئەوە، کە لە ئەمەریکاوە دەگەڕێتەوە بۆ نیشتمانەکەی ـ بەریتانیا ـ دووبارە نەخشەیەکی تازە بۆ پێوەندییەکانی ناو خێزان دادەڕێژێت و خۆیشی گرینگترین شوێن لەم نەخشەیە داگیر دەکات. پینتەر بۆ ناونیشانی شانۆنامەکەی وشەی "home"ی هەڵبژاردووە، کە بە مانای ماڵ و هەروەها بە مانای نیشتمانیش دێت. شانۆنامەکەش هەردوو رەهەندی تێدا بەرجەستە کراوە. بەهەرحاڵ، "رووسا" کارەکتەرێکی ئاڵۆز و بە پێچ و پەنایە. "رووسا" ئەو کاتە دێتە ناو

خێزانەکە، کە پێوەندییەکان تێدا نوشووستیان هێناوە. پێوەندیی باوک و کوڕ، برا لەگەڵ برا گرژی و ئاڵۆزی تێ کەوتووە. "پینتەر" هەر لە سەرەتای شانۆگەرییەکە گرژی و ئاڵۆزیەکە قووت دەکاتەوە، وەکو لە سەرەتای پێشەکی ئەم شانۆگەرییە ئاماژەمان بۆ کرد. "ماکس" و "لێنی" لەسەر بڕینی پارچەیەکی ڕۆژنامەیەک، لەسەر خواردن، لەسەر زانیاری دەربارەی ئەسپ دەبێتە مشتومڕیان. لەلایەکی تر، "ماکس" و "لێنی" گاڵتە بە "سام" دەکەن، کە پێی وایە شۆفێرێکی لێهاتووە. "ماکس" گاڵتە بە "سام" دەکات، کە نەیتوانیوە ژیانی هاوسەرێتی پێک بێنێت. "رووسا" هەر لە یەکەم دەرکەوتنیا وەکو کارەکتەرێکی کڕ و بێدەنگ و نەبزۆک دێتە بەرچاو بە پێچەوانەی هەڵچوون و جۆش و خرۆشی "تێدی". ئەگەر سەیری تێکستی ڕێنوێنییەکان بکەین، کە جووله و کردەوەکانی "رووسا" دەردەبڕێت و لەگەڵ هی "تێدی" بەراوردیان بکەین بۆمان دەردەکەوێت، کە "رووسا" کارەکتەرێکی ناچالاکە:

(رووسا لە شوێنی خۆیا ناجووڵێت...). (تێدی دەچێتە ناو هۆڵەکە، سەری بە ئاراستەی پێبلیکانەکان بەرز دەکاتەوە. دەگەڕێتەوە دواوە... بە دزییەوە لە پێبلیکانەکان سەردەکەوێت). (رووسا هەڵدەستێتە سەر پێ. پاشان لەسەرەخۆ دەچێتە ئەوبەری ژوورەکە). (تێدی دەگەڕێتەوە... ). رووسا سەیری دەکات... ). (تێدی دەسووڕێتەوە). (رووسا دادەنیشێت). (تێدی لە ناو ژوورەکە دەسووڕێتەوە)

بینەر لە سەرەتا هەست بەوە دەکات، کە "رووسا" حەز ناکات لە ناو بنەماڵەکەی "تێدی" بمێنێتەوە. لە یەکەم ئاخاوتنیا دەڵێت: "کەسێ لێرە



نییە". پاشان هەموو وەڵامەکانی بۆ پرسیارەکانی"تێدی" بێمەیلی "رووسا" پێشان دەدەن سەبارەت بە مانەوەی لە چوارچێوەی ئەم خێزانە:

تێدی: ... سەرماتە؟

رووسا: نا.

تێدی: ئەگەر حەز دەکەیت شتێکت بۆ ئامادە دەکەم بیخۆیتەوە. شتێکی گەرم.

رووسا: نا، هیچم ناوێت.

تێدی: بێتاقەتیت؟

رووسا: نەختێک.

دوا جار "رووسا" لە پرسیارێکا، کە ئاراستەی "تێدی" دەکات، مەیلی راستەقینەی خۆی دەردەبڕێت، کە نایەوێت بمێنێتەوە:

رووسا: حەز دەکەیت بمێنیتەوە؟

تێدی: بمێنینەوە؟

(وچانێکی کورت)

هاتووین بمێنینەوە. پێویستە... چەند ڕۆژێک بمێنینەوە.

رووسا: وا بزانم مناڵەکان بیرمان دەکەن.

ئەو هەڵوەستەکردنانەی، کە "رووسا" لە قسەکردنیا دەیکات نیشانەی ئەوەیە، کە پەنا بۆ بیانوویەک دەبات تا نەمێنێتەوە. پاشان ژوورەکە بە جێ دێڵێ بۆ ئەوەی "هەوایەک هەڵمژێت" سەرەڕای ئەو هەموو بەرهەڵستکردنەی "تێدی". ئایا هۆکاری ئەم ڕەفتارەی "رووسا" چییە؟ شەرم دەکات؟ دەترسێت؟ بێزارە؟ دیارە لەم قۆناغەدا شتەکە بۆ

بینەر روون نییە. بەڵام ئەگەر ئەو پێوەندییە شلۆقەی ناو ئەندامانی خێزانەکە لە بەرچاو بگرین، کە پێشتر ئاماژەمان بۆ کرد دەکرێ بڵێین دەترسێت.

"رووسا" لە دیمەنی داهاتووش لەگەڵ "لێنی"، هەروەکو کارەکتەرێکی کڕ و بێدەنگ و ناچالاک دەردەکەوێت. بەشی زۆری گفتوگۆکە هەر "لێنی" بەڕێوەی دەبات. قسەکانی "لێنی" هەڕەشەئامێزن، چ کاتێ باسی پەلاماردانی ئافرەتە سۆزانییەکە دەکات و چ کاتێ باسی ئەو ژنە دەکات، کە ویستی ئامێری جل شوشتنەکەی بۆ بگوازێتەوە. "رووسا" لێرەش هەروەک چۆن پێشتریش بە کورتی وەڵامی "تێدی" دەدایەوە، ئاوا بە وشەیەک یان دوو وشە وەڵامی "لێنی" دەداتەوە. ئەم بێدەنگییەی "رووسا" ئەوە دووپات دەکاتەوە، کە دەیەوێت خۆی لەم بنەماڵەیە بکێشێتەوە:

لێنی: ... ئێستا پەرداخەکەم پێ بدە.

رووسا: نایدەم.

(وچانێکی کورت)

لێنی: کەواتە خۆم هەڵی دەگرم.

رووسا: ئەگەر تۆ پەرداخەکە هەڵبگریت... منیش تۆ هەڵدەگرم.

(وچانێکی کورت)

لێنی: ئەی چۆنە ئەگەر من پەرداخەکە هەڵبگرم بێ ئەوەی تۆ من هەڵبگریت؟

رووسا: ئەی بۆ هەر من تۆ هەڵنەگرم؟

(وچانێکی کورت)



لەم دیالۆگەدا دەردەکەوێت، کە "رووسا" هەموو رێگەیەک لە فرۆفێڵەکانی "لێنی" دەگرێت و بە هەندێک قسە هێرشی دەکاتە سەر، کە ئاماژەیەکی سێکسییان هەیە. "لێنی" تەنیا بەرگری لە خۆی دەکات. بۆیە دوا جار بە تووڕەییەوە هاوار دەکات:

"گوایە ئەمە چی بوو؟ پێشنیازی خواردنەوە بوو؟"

ئەم هەڵوێستەی "رووسا"، وەکو "فری" باسی لێوە دەکات، وا لە بینەر دەکات هەڵوەستەیەک لەسەر هەموو ئەو هۆکارانە بکات، کە لە پشت ئەو رەفتارانەی "رووسا"یە، کە پێشتر ئاماژەمان بۆ کرد. ئەوەی لەم رەفتارانەی "رووسا" دەردەکەوێت، ئەوە نییە، کە نایەوێت بمێنێتەوە، بەڵکو دەری دەخا، کە "رووسا" دڕ و شەڕانی بووە. ئەم دوو حاڵەتە ناکۆکە لە کارەکتەری "رووسا" وا لە بینەر دەکات لە هەر هەڵوێستێکی سەبارەت بە کارەکتەری "رووسا" دوودڵ بێت. ئەم هاوتەریبنەبوونە لە کارەکتەری "رووسا" یاخۆ بەرجەستەبوونی دوو کارەکتەری جیاواز لە کارەکتەری "رووسا" بە درێژاییی شانۆنامەکە سەر لە بینەر دەشێوێنێت. سەرەتا "رووسا" وەک کارەکتەرێکی پاسیڤ و پاشان وەکو کارەکتەرێکی ئەکتیڤ دەردەکەوێت، کە دەیەوێ دەسەڵاتی بەسەر خێزانەکەدا بسەپێنێت. بینەر لەم ئەوسەر و ئەوسەر پێکردنەدا هیچ بەڵگەیەکی بەدەستەوە نییە تا پشتی پێ ببەستێت بۆ هاوتەریبکردنی حاڵەتە ناکۆکەکان.

لەبەشی دووەمی شانۆگەرییەکە، "پینتەر" باری سەرنجی بینەر ئاڵۆزتر دەکات. "تێدی" بە دوودڵییەوە باسی بەختەوەری و ئاسوودەیی "رووسا" دەکات. قسەکانی پچڕپچڕە، وەک زمانی بگیرێت وایە:

... ژیانی زانکۆ گرینگە... دڵنیا بە... ژیانێکی زۆر خۆشە.

خانوویەکی خنجیلانەمان دابین کردووە، هەموو شتێکمان هەیە. هەموو شتێکمان هەیە، کە بمانەوێت. کەشو هەوایەکی تا بڵێی بووژێنەرە و هاندەرە.

(وچانێکی کورت)

ئەو بەشەی، کە من کاری تێدا دەکەم... زۆر سەرکەوتووە.

(وچانێکی کورت)

سێ کوڕمان هەیە، تێ دەگەیت.

ئەم قسەیەی "تێدی" وا لە بینەر دەکات لەگەڵ ئەو هەڵسەنگاندنە هاوسۆز بێت، کە "رووسا" دواتر بۆ ژیانی خۆی دەیکا و لەگەڵ قسەکەی"تێدی" ناکۆکە:

من لە شوێنێکی نزیک ئێرەوە لە دایک بووم.

(وچانێکی کورت)

پاشان... شەش ساڵ پێش ئێستا چووم بۆ ئەمەریکا.

(وچانێکی کورت)

هەمووی تاشەبەردە، لە. بە هەر لایەکدا بڕوانیت، هەتا چاو بڕ دەکات درێژ دەبێتەوە.

(وچانێکی کورت)

زۆر جرۆجانەوەریشی تێدایە.

(وچانێکی کورت)

زۆر جرۆجانەوەریشی تێدایە.

(بێدەنگی)

"رووسا" لەم ئاخاوتنەدا دوو جار وشەی جرۆجانەوەر دووبارە



دەکاتەوە. جاری یەکەم وچانێکی کورتی بەدوادا دێت و جاری دووەمیش بێدەنگی. "پینتەر" ئەم وردەکارییەی هەروا لەخۆڕا بەکار نەهێناوە، بگرە بۆ ئەوەیە، کە خۆدوورخستنەوەی "رووسا" لەو شوێنە ـ واتە ئەمەریکا ـ قووڵ بکاتەوە. دەکرێ ئەمە بەڵگە بێت بۆ هاوتەریبکردنی ئاراستە پێچەوانەکان لە کارەکتەری "رووسا"، بەڵام ئەم بەڵگەیە بە تەواوی بەردەوام نابێت.

"رووسا" لە ئاخاوتنەکانی دواتریشی باسی ئەوە دەکات، کە پێشتر، بەر لەوەی بچێتە ئەمەریکا، چەندە دڵخۆش بووە سەبارەت بەوەی بە وێنە نمایشی مۆدێلی جلوبەرگی دەکرد. ئەم قسەیە وا لە بینەر دەکات، ئەگەر بۆ ماوەیەکی کەمیش بێت، لەگەڵ "رووسا" هاوسۆز بێت. بینەر ئەو رایەی لەلا دروست دەبێت، کە "رووسا" کارەکتەرێکی بەختەوەرە، بەڵام کێشەکەی لەوەدایە، کە لەگەڵ دەوروبەرەکەی ناگونجێ. بۆیە تاوێ کڕ و بێدەنگ و تاوێکیش دڕ و شەڕانییە. دیارە "پینتەر" ئەم هاوسۆزیبوونەی بینەر تێک دەشکێنێت، کاتێ تووشی حەپەسانی دەکات بە هۆی ئەو رەفتارە قێزەونانەی، کە دواتر لە "رووسا" دەیبینێت. هەڵبەت دەشێ بینەر هەوڵی ئەوە بدات، کە ئەم رەفتارە قێزەونانە لەگەڵ هاوسۆزیبوونەکە بگونجێنێت. بۆ نموونە دوور نییە بینەر سەماکردنەکەی لەگەڵ "لێنی" و تەنانەت ماچکردنیشی بە رەفتارێکی سروشتی ژنێکی بێزار بزانێت، کە مێردەکەی لاوازە. بەڵام خۆ هەڵسوکەوتەکەی دواتری لەگەڵ "جۆی" هیچ پاساوی بۆ نییە. پاشان نەک هەر وەک بەرەڵا بێت دەچێتە لای برای سێیەم بۆ جووتبوون، بەڵکو دەبێتە فریودەر، چونکە هەوڵی هەوەسهەڵسانی"جۆی" دەدات و ئارەزووی جووتبوونی لەلا

دەورووژێنێت، پاشان بێ ئەوەی ماوەی بدات ئارەزووەکەی دامرکێنێتەوە، خۆی لێ دەکشێنێتەوە. دواین شت، کە هەرەس بە هاوسۆزیی بینەر دێنێت لەگەڵ "رووسا" ئەو کاتە دێت، کە پێشنیازی بنەماڵەکە پەسند دەکات وەکو ئافرەتێکی لەشفرۆش بمێنێتەوە. ئیتر نە ئەو بێزاربوونە و نە ئەو دڵخۆشبوونەی "رووسا"، کە پێشتر ئاماژەمان پێ دا نابن بە پاساوی بەجێ بۆ هەڵسوکەوتەکەی.

سروشتی بەدڕەوشتی "رووسا" هەر لەو ئاستەدا نامێنێتەوە، بگرە تا دێ خەوشدارتر دەبێت. کاتێ "ماکس" بۆ یەکەم جار سەروبەندی ئامادەکارییەکان بۆ "رووسا" روون دەکاتەوە، هەڵوێستی "رووسا" لە بەرامبەر ئەمە روون نییە. بەڵام کاتێ "تێدی" بە "رووسا" رادەگەیەنێت، کە بنەماڵەکەی داوای لێ دەکەن بمێنێتەوە، دیالۆگەکان بەم شێوەیە بەڕێوە دەچن:

رووسا: ئەمە نیشانەی چاکە و رەوشتبەرزی ئەوانە.

(وچانێکی کورت)

ماکس: ئێمە پڕ بەدڵ ئەو داوایەت لێ دەکەین.

رووسا: ئەمە لە چاکی خۆتانە.

ماکس: گوێ بگرە... ئەمە بۆ ئێمە مایەی خۆشحاڵییە.

(وچانێکی کورت)

بە پێی بۆچوونی "فری"، مرۆڤ دەتوانێت بڕیار بدات، کە ئەم قسانەی "ماکس" راست نین. لاقرتێن. لەبەر رۆشنایی ئەو پلانەی، کە "ماکس" لەگەڵ "لێنی" و "جۆی" دایان ڕشت بەر لە هاتنە ژوورەوەی "رووسا" سەبارەت بە مانەوەی "رووسا". بەڵام ئەگەر قسەکانی "ماکس" رەنگدانەوەی راستی نەبن، ئەی قسەکانی "رووسا"؟ ئایا ئەو



قسانەی، کە ئەو بە ساویلکەییەوە دەیانکا لاقرتێن، راست نین؟ "پینتەر" هیچ بەڵگەیەک ناداتە دەست. ئەوەی بینەر تا ئەم چرکەساتەش هەستی پێ دەکات ئەوەیە، کە "رووسا" بە ساویلکەیی و نەزانییەوە دەخزێنرێتە ناو پیلانێکی پیس. بەڵام ئەم ساویلکەیی و نەزانییەی "رووسا"ش، دوای قسەکردن لەسەر وردەکارییەکانی شوقە و بڕی مانگانە و نووسینی رێککەوتننامەکە، هەرەس دێنێت، چونکە "رووسا"، خۆی، دەزانێت بەرەو کوێ دەچێت. لە کۆتاییی شانۆنامەکە، دۆخەکە بۆ بەرژەوەندی ئەو دەشکێتەوە، چونکە خۆی دەسەڵاتی فەرمان دەرکردنی دەبێت و ئەندامانی خێزانەکە ئەوپەڕی رێزی لێ دەنێن. هەر هاوسۆزیبوونێک، کە بینەر بەرامبەر بە "رووسا" هەیەتی سەبارەت بەوەی، کە ژنێکی زۆر لێکراو و بەدبەختە، دوا جار، لە دوایین دیمەنی "رووسا" بە یەکجاری هەرەس دێنێت. مرۆڤ دەتوانێت، لەو قسانەی، کە "ماکس" دەیکات، مەزەندەی داهاتووش بکات:

... گوێ بگرە، من شتێکی سەیرم بە خەیاڵدا دێت. رووسا لە ژێرەوە نیازی خراپە لەگەڵ ئێمە، گرەوم لەگەڵ دەکەیت؟ رووسا ئێمە بەکار دێنێت. دڵنیات دەکەمەوە، دەیەوێ کەڵک لە ئێمە وەربگرێت! من هەستی پێ دەکەم. گرەوم لەگەڵ دەکەیت؟

هیچ بەڵگەیەک لە شانۆنامەکەدا نییە، کە بە تەواوی هۆکاری رەفتاری "رووسا" روون بکاتەوە، چونکە "پینتەر" رەفتارەکانی دەخاتە ناو چەندەها چواچێوە. بۆیە زانیارییەکان دەربارەی ئەم کارەکتەرە جۆراوجۆرن. "رووسا" لەگەڵ "جێسی" کۆچکردوو، کە ژنی "ماکس" بوو هاوتایە. ئەو دوای مردنی "جێسی" تاکە ژنێکە، کە دێتە ناو ئەم ماڵە. وەکو "جێسی" ناپاکە. دەشێ منداڵەکانی ئەویش وەکو هی

"جێیسی" زۆڵ بن. ئەی ئەوە نییە "ماکس" لە "تێدی" دەپرسێت ئاخۆ منداڵەکان هی خۆیەتی. پاشان "لێنی" ش پرسیار دەربارەی ئەو شەوە لە "ماکس" ی باوکی دەکات، کە ئەمی تێدا دروست کردووە. دیوێکی ئەم پرسیارکردنانە گومانکردنە لە حەقیقەتی دروستکردنەکان. لەلایەکی تر، "رووسا" وەکو "جێیسی" دەسەڵاتی خۆی بەسەر ماڵەکەدا دەسەپێنێت ئەگەرچی هۆکاری ئەمەیش دیار نییە. "پینتەر" هیچ روونکردنەوەیەک، ئاماژەیەک نادات سەبارەت بە رازیبوونی "رووسا" لەسەر پێشنیازەکەی ئەمان. هەروەها هیچ روونکردنەوەیەکیش نادات سەبارەت بەوەی، کە "رووسا" پێشنیازەکەی ئەمان بۆ سوود و بەرژەوەندیی خۆی بەکار بێنێت وەکو "ماکس" لە قسەکەی سەرەوە بۆی دەچێت. دوا جار ئەم کارە بۆ بینەر مایەی حەپەسانە، چونکە کەسێک دەیکات، کە لەگەڵیا هاوسۆز بووە. بێجگە لەمەش، "رووسا" تەنیا کارەکتەرە، کە رەفتارەکانی پێچەوانەی یەکترن. ئەوانی تر وا نین. بۆ نموونە، "تێدی" بەدرەفتار و زمانپیسە. بەدڕەوشتی و خۆپەرستیی "لێنی" هەر لە یەکەم گفتوگۆی لەگەڵ باوکیا دەردەکەوێت. ئەم راستییە زیاتر بۆ بینەر ئاشکرا دەبێت کاتێ باسی سەرکێشییەکانی خۆی دەکات لەگەڵ ئافرەتە سۆزانییەکە و ئەو ئافرەتەی، کە داوای گواستنەوەی ئامێری جل ئووتووکردنی لێ کرد. "تێدی" کارەکتەرێکی کلۆڵ و داماوە. "جۆی"، وەکو کەسێک بیەوێت بۆکسبازی بکات بە پیشە بۆ پارە پەیداکردن، هەرگیز لەم دەبەنگییە نایەتە دەرەوە، کە دەقی پێیەوە گرتووە. ئەمانە هەموو شتی دیارن. تەنیا "رووسا" ئێمەی بینەر بە هەڵەدا دەبات. دیارە ئەم راستییە بنەمایەکی زۆر گرینگە بۆ تەکنیکی پینتەر. تەنیا ئەو شوێنانەی لێ



دەربچێ، کە پێوەندیی بە "رووسا"وە هەیە، شانۆنامەکە کارەکتەرەکانی زۆر ئاسایی دەخاتە ڕوو. بۆ نموونە مەسەلەی جووتبوونی "جێیسی" لەگەڵ "ماک گریگۆر" لە پشتەوەی ئۆتۆمۆبێلەکەی "سام" بۆ بینەر نابێتە مایەی حەپەسان، چونکە "پینتەر" پێشتر بینەر بۆ ئەم دەست تێکەڵاوکردنە ئامادە دەکات کاتێ "ماکس" بە ستایشکردنەوە باسی "ماک گریگۆر" دەکات و بەڵام بە ناشیرینییەوە باسی "جێیسی" دەکات. هەروەها "ماکس" بە گاڵتەوە "سام" بەوە تووڕە دەکات، کە "لە پشتەوەی ئۆتۆمۆبێلەکەی لەگەڵ ژنێکا جووت بووە"، بەڵام "سام" نکووڵی لێ دەکات و دەڵێت،"ئێمە وەکو خەڵکی تر نین". لەلایەکی تر "سام" دان بەوەدا دەنێت، کە پیاسەی بە "جێیسی" کردووە لە کاتێکا "ماکس" متمانەی بە "ماک گریگۆر" نەکردووە ئەم کارە بکات. ئەم قسانە لە بەشی یەکەمی شانۆنامەکە دەکرێن و بۆ ئەوەیە، کە بینەر دوا جار تووشی حەپەسان نەیەت کاتێ راستیی جووتبوونی "جێیسی" و "ماک گریگۆر"ی بۆ ئاشکرا دەبێت. بەڵام "پینتەر" هیچ پێوەنییەک لە نێوان ئەم کارەی "جێیسی" و بڕیارەکەی "رووسا" پێشان نادات هەروەک بە هیچ شێوەیەک وەکو رێگە خۆشکەرێک بەکاری ناهێنێت بۆ تێگەیشتن لە رووداوی سەرەکی شانۆنامەکە.

لەلایەکی تر، ئەگەر مرۆڤ لە کارەکتەری "تێدی" ورد بێتەوە، هەست دەکات، کە زۆر لە بینەر دەکات. بینەر چەندە سەری لە گرێکوێرەکانی شانۆگەرییەکە دەردەچێت، "تێدی" پرۆفیسۆریش هەر ئەوەندە. "تێدی" لە هەوڵێکا، کە شایستەی بەزەیی پیاهاتنەوەیە، وەک زمانی بگیرێت، گەورەیی و پایەبەرزی خۆی دەخاتە ڕوو:

"... من کەسێکم، توانای بینینم هەیە. بۆیە، دەتوانم بەرهەمە

رەخنەییەکانم بنووسم. هیوادارم سوودیان بۆ تۆ هەبێت سەیرێکیان بکە بزانە خەڵک چەندە بە دڵنیاییەوە شت دەبینن. چەندە بە دڵنیاییەوە دەتوانن هاوسەنگی مێشکیان رابگرن. هاوسەنگی مێشک. ئێوە وەکو چەند تەنێکی هەستپێکراو وان و هیچی تر. هەر بەملا و بەولادا دەسوورێنەوە. من تێبینی ئەوە دەکەم. دەبینم ئێوە چی دەکەن. هەر هەمان ئەو شتەی، کە من دەیکەم. بەڵام ئێوە لەناویا ون بوون، سەرتان لێ شێواوە. تۆ ناتوانیت وا لە من بکەیت، من لەناویا ون نابم."

بەڵام "تێدی" شتەکان نە لە بینەر باشتر دەبینێت و نە لەمان باشتریش لە شتەکان دەگات. ئەو هەموو هەڵوەستەیە لە قسەکردن بەڵگەی دڵنیانەبوونە. ئەو دڵنیانەبوونەش لەگەڵ دڵنیانەبوونی بینەر سەبارەت بە رەفتارەکانی "رووسا" هاوتەریبە.

"پینتەر" لە رێگەی دیمەن و کارەکتەرە دواناوەندییەکان بیری هەڵە لە مێشکی بینەر دەچەسپێنێت. لە هەمان کاتدا هەر بیرۆکەیەکی درامیانە، کە ئاماژە بە پێوەندیی نێوان رووداو و کارەکتەرە سەرەکییەکە بکات، تەنانەت ئەگەر کەمخایەنیش بێت، تێک دەشکێنێت. ئەمەیش دوا جار، هەرەس بە هەر بەڵگەیەک دێنێت، کە بینەر بۆ لێکدانەوەی شانۆنامەکە بەکاری دێنێت. بینەر ناتوانێ بڵێت، گۆڕانی رووسا لە ژنێکی کڕوکەپ و بێدەنگ، کە لە یەکەم دەرکەوتنیا پێیەوە دیارە بۆ دایکێکی جەستەفرۆش و دەسەڵاتدار لە کۆتاییی شانۆنامەکە، شتێکی پێویستە هەر لەبەرئەوەی "پینتەر" وەکو پێویست ناخی کارەکتەرەکەی بۆ بینەر دەرنەبڕیوە تا بە هۆیەوە ئەو بڕیارە بدات. لەلایەکی تر، بینەر ناتوانێ ئەو گۆڕانە پشت گوێ بخات هەر



لەبەرئەوەی پچڕ پچڕ و بێ سەروبەرە و شانۆنامەکەش لە رووی هونەرییەوە بە لاواز بزانێت، چونکە "پینتەر" پێوەندیی نێوان کارەکتەرەکان و رووداوەکان وەکو پێوەندیی نێوان هۆ و ئەنجام دەشارێتەوە بۆ ئەوەی بینەر بە جۆرێک بە هەڵە ببات، کە بڕوا بە هەموو ئەو شتانە بکات کە بەرچاون و هیچی تر. "بێرنهارد" دەڵێت، "پینتەر هەلومەرجێک دێنێتە پێشەوە، کە واتای وشەکان پڕ بە پێستی خۆیان نین. زمان شتێکی تر دەگوازێتەوە زیاتر لەو واتایەی، کە وشەکان هەڵیان گرتووە.[14] ئەوەی "پینتەر" لە شانۆنامەکەدا دەیکات دروستکردنی هەندێ بیرۆکەی هەڵخەڵەتێنەرە، کە وا لە بینەر دەکات نەتوانێت بە شێوازی کۆنباو هەڵسەنگاندن بۆ شانۆنامەکە بکات. "پینتەر" بەو شێوازەی، کە بەکاری دێنێت بایەخێکی زۆر بە سەرنجەکانی ئەو بینەرە دەدات، کە لە تەکنیکی کۆنباوی دراما بێزار بووە. بینەر ناتوانێت رەفتارەکانی "رووسا" پشت گوێ بخات یان وەکو کەسێکی بێ بایەخ و سەرنجڕانەکێش سەیری بکات. بۆیە زۆر لە بینەرانی شانۆمەکانی "پینتەر" وەکو "فری" باسی لێوە دەکات بە تووڕەیییەوە هۆڵەکانی شانۆیان جێ هێشتووە، چونکە حاڵەتە پچڕ پچڕەکانیان بۆ لێک نەدراوەتەوە و گومانەکان بێزاری کردوون. زۆربەی ئەو بینەرانە وا هەستیان کردووە، کە شانۆنامەکە ئەمانی کێشاوەتە ناو دنیایەک بێ ئەوەی هیچ هۆکارێک یا هیچ بەهایەکیان بۆ روون کرابێتەوە، بەتایبەتیش، کە ئەو دنیایە لەسەر تەختەی شانۆیە. ئاخر ئەوان، بە پێی شێوازی کۆنباو، وا راهاتبوون لەسەر تەختەی شانۆ

(١٤) لاپەڕە ١٨٥ لە

F. J. Bernhard, Beyond Realism: The Plays of Harold Pinter," Modern Drama,V111 (Sept 1965.

ئەو هۆکارانە بدۆزنەوە. بۆیە شانۆنامەکانی "پینتەر" بیرۆکەی پووچگەرایی دەگەیەنن نەک لە رێگەی پێشکێشکردنی ئەو بیرۆکەیە بە تەکنیکی کۆنباو، بۆ نموونە، وەکو لە شانۆنامەکانی "سارتەر" دەکرێت. بەڵکو بیرۆکەی پووچگەرایی دەکاتە ناوەڕۆکی تەکنیکە درامییەکە. دیارە هەر سەبارەت بەمەیە، کە شانۆنامەکانی "پینتەر" بێزاریی دەورووژێنن و مشتومڕئامێزن. زۆر گرینگە مرۆڤ لە روانگەی بنچینەکانی ئەو تەکنیکەکەوە قسە لەسەر شانۆنامەکە بکات، کە "پینتەر" بەکاری دێنێت نەک لە روانگەی خودی بابەتەکە.

شانۆنامەی "گەڕانەوە بۆ ماڵ" لە ساڵی ١٩٦٥دا بۆ یەکەم جار شانۆی شاهانەی شەکسپیر و لە سەر شانۆ "ئاڵدویچ" نەمایشیان کردووە.

* ئەم شانۆگەرییەم لەم سەرچاوەوە وەرگێڕاوە:

Harold Pinter
The Homecoming
Grove Press, Inc 196 West Houston Street, New York 1977.



کارەکتەرەکان

ماکس – پیاوێکی حەفتا ساڵانە

لێنی – پیاوێکی سی ساڵانە

سام – پیاوێکی شەست و سێ ساڵییە

جۆی – پیاوێکە لە دەوروبەری بیست و پێنج ساڵی دایە

تێدی – پیاوێکە لە دەوروبەری سی ساڵی دایە

رووسا – ئافرەتێکە لە تەمەنی سی ساڵی دایە

# بەشی یەکەم

"ئێوارەیە"

(لێنی لەسەر قەنەفەیەک دانیشتووە. ڕۆژنامەیەک و پێنووسێکی بەدەستەوەیە. قاتێ جلی ڕەشی لەبەردایە. جار جار بە پێنووسەکە هەندێ نووسین لە لاپەڕەی کۆتاییی ڕۆژنامەکە نیشان دەکا)

**ماکس:** (لە لای مەتبەخەکەوە دێتە ژوورەوە. دەچێتە لای دۆلابەکە. چەکمەجەکەی سەرەوە دەکاتەوە. دەیپشکنێ. پاشان دای دەخاتەوە. کۆنە بلووزێکی قۆپچەداری لەبەردایە و شەپقەیەکیشی کردووەتە سەر. گۆچانێکی بەستەوەیە. بۆ پێشەوەی تەختەی شانۆ دێت و دەوەستێ. سەیرێکی ئەملا و ئەولای ژوورەکە دەکات).

چیت لە مەقەستەکە کرد؟

(وچانێکی کورت)

گوتم بە دوای مەقەستەکەدا دەگەڕێم. چیت لێ کرد؟

(وچانێکی کورت)

گوێت لە منە؟ دەمەوێ شتێ لەم ڕۆژنامەیە ببڕم.

**لێنی:** ئاخر من وا ڕۆژنامەکە دەخوێنمەوە.

**ماکس:** ئەو ڕۆژنامەیە نا. من ئەو ڕۆژنامەیەم هەر نەخوێندووەتەوە. باسی ڕۆژنامەی یەکشەمەی ڕابووردوو دەکەم. ئێستا لە



مەتبەخەکە سەیرم کرد.

(وچانێکی کورت)

گوێت لێیە چی دەڵێم؟ من لەگەڵ تۆ قسە دەکەم! کوا مەقەستەکە؟

**لێنی:** (لە سەرەخۆ سەری هەڵدەبڕێ)

تۆ بۆ دەمت داناخەی؟ گەمژەی بێ کەڵک.

**ماکس:** (گۆچانەکەی بەرز دەکاتەوە و ئاراستەی لێنی دەکا)

لەگەڵ من بەم شێوەیە قسە مەکە، من ئاگەدارت دەکەمەوە.

(لەسەر کورسییەکی گەورەی دەسکدار دادەنیشێ)

ڕێکلامێک لە ڕۆژنامەکە بڵاو کراوەتەوە دەربارەی یەلەکی خووری. نرخی داشکاوە. هی هێزی دەریاییە ماوەتەوە. هەندێکیان بە کەڵکی من دێن.

(وچانێکی کورت)

با جگەرەیەک بکێشم. جگەرەیەکم بدەرێ.

(وچانێکی کورت)

داوای جگەرەیەکم لێ کردیت.

(وچانێکی کورت)

سەیرکە چیم هەڵگرتووە.

(جگەرەیەکی گرمۆڵەبوو لە گیرفانیا دەردێنی)

بە خوا وا بەرە بەرە پیر دەبم

(جگەرەکە دادەگیرسێنێ)

پێت وایە من سەرکێش نەبووم؟ دەمتوانی دوو جار لەسەر یەک

پیاتا بکێشم. ئێستاش هێز و تاقەتم ماوە. لە "سام"ی مامت بپرسە من چی بووم. سەرەڕای ئەوەش، هەردەم دڵنەرم و رووخۆش بوومە، هەردەم.

(وچانێکی کورت)

لەگەڵ پیاوێک دەگەڕام ناوی "ماک گریگۆر" بوو، هۆگری بووبووم. بیرتە، وانییە؟

(وچانێکی کورت)

دەزانیت! ئێمە دوو کەس بووین، خەڵک لەوپەڕی رۆژئاوای لەندەن تا ئەوپەڕ، لە گشت کەس زیاتر، رقیان لە ئێمە بوو. ئێستاش جێی کۆنەبرینەکانم ماون. دەزانیت، کە دەچووینە شوێنێک، گشتیان لەبەر ئێمە هەڵدەستانە سەرپێ. بێدەنگ، رێگەیان بۆ دەکردین تا تێ پەڕ بین. لە ژیانتا بێدەنگی ئاوات نەبینیوە. ئاخر گریکۆر پیاوێکی زەبەلاح بوو. باڵای شەش پێ بەرز بوو. هەموو بنەماڵەکەیان بە "ماک گریکۆر" ناسرابوون، بەڵام ئەو تەنیا کەسێک بوو لە ناویاندا بە "ماک" ناسرابوو.

(وچانێکی کورت)

زۆر حەزی لە دایکت دەکرد، زۆر، ماک ئاوا بوو.

بیرت نەچێ، دایکیشت ژنێکی باش بوو، هەرچەندە من زۆر پەست دەبووم، کە سەیری دەموچاوە پیس و بۆگەنەکەیم دەکرد، بەڵام ژنێکی ئەوەندە سووک و بێ حەیا نەبوو. بەهەرحاڵ، من لە ساڵانی ژیانما ئەوپەڕی خەم و خەفەتم پێ دا.

**لێنی:** بیبڕەوە، دەبەنگی بێ قیمەت. من خەریکی رۆژنامە خوێندنەوەم.



**ماکس:** گوێ بگرە! ئەگەر بەم شێوەیە قسەم لەگەڵ بکەیت، پشتت دەشکێنم. تێگەیشتیت؟ ئاوا قسە لەگەڵ باوکە هیچوپووچ و بەدرەفتارەکەت دەکەیت.

**لێنی:** دەزانی تۆ خەریکە دەخڵەفێیت؟

(وچانێکی کورت)

رات چییە بە ئەسپ سێ میل و نیو غارغارێن بکەین؟

**ماکس:** لە کوێ؟

**لێنی:** لە پارکی "سانداون"[١٥]

**ماکس:** بواری بردنەوەت نییە.

**لێنی:** دڵنیام کە هەمە.

**ماکس:** نا، بوارت نییە.

(لێنی هەندێ شت لە رۆژنامەکە نیشان دەکا)

باسی ئەسپ لەگەڵ من دەکا.

(وچانێکی کورت)

من بەم پێشبڕکێیەوە دەژیام. یەکێک بوو لە ئارەزووە زۆر بەهێزەکانی ژیانم. وەکو ناو ماڵی خۆم لە ئیپسۆم[١٦] شارەزام. من، لەوێ، یەکێک بووم لە کەسە هەرە دیارەکانی مەیدانی مەشقی ئەسپ. ژیانێکی چەندە خۆشە لە هەوای کراوەدا.

---

(١٥) "پارکی سانداون" پارکێکە لە قەراغی شاری لەندەن. پێشبڕکێی ئەسپسواری و جۆرەها چالاکی تری تێدا ئەنجام دەدرێت.

(١٦) ئیپسۆم شارێکە لە رۆژهەڵاتی بەریتانیا. پێشبڕکێی غارغارێنی ئەسپی تێدا دەکرێت.

(وچانێکی کورت)

باسی ئەسپ لەگەڵ من دەکا. تۆ ناوەکانیان تەنیا لە ڕۆژنامەکاندا دەخوێنیتەوە، بەڵام من گشت ناوەکانیانم نیشان کردووە. پاراستوومن. پێش هەر پێشبڕکێیەک ئارامم کردوونەتەوە و دەستم بە پشتیاندا هێناوە. من ئەو کەسە بووم، کە ئەوان بە ڕاستی پێویستیان پێی بوو. پێیان دەگوتم: ماکس ئەسپێک لێرەیە زۆر سەرکێشە. تەنیا تۆ دەتوانیت ئارامی بکەیتەوە. قسەکەی ڕاست بوو. من... هەر بە زگماک لە سروشتی ئاژەڵ دەگەم. دەبووایە ببمە ڕاهێنەری ئاژەڵان. زۆر جار پێشنیازی ئەو کارەیان بۆ کردووم ــ خۆت ئاگەداریت بۆ من کارێکی گونجاو و بەجێیە ــ ئەو کارەم لەلایەن شازادە... ناوەکەیم لەبیر چوو... یەکێک لە شازادەکان بۆ پێشنیاز کرا، بەڵام من وابەستەی ئیش و کاری ماڵ و منداڵەکانم بووم. ئەوان لە ماڵەوە پێویستیان بە من بوو.

(وچانێکی کورت)

چەندەها جار سەیری ئەو ئاژەڵانەم دەکرد، بە خێراییەوە بە بەردەم فەرمانگەی پۆستەکەدا ڕەت دەبوون. ئیتر من شارەزاییم پەیدا کرد. دەزانیت، لە دەستم نەدا. بە هۆیەوە نەختێ پارەم چنگ کەوت. دەزانی بۆ؟ چونکە من هەردەم شارەزای ئەسپی ڕەسەن و چاک بووم. بۆنیم دەکرد، نەک هەر جوانووی ئەسپ، بگرە هی ماینیش، چونکە جوانووی ماین سەرکێشترە لە هی ئەسپ. جێی متمانە نییە. تۆ ئەمە دەزانیت؟ نەخێر. ئەی چی دەزانیت؟ هیچ. من بە فێڵێکی



تایبەتی دەمتوانی جوانووی ڕەسەنی ماین بناسمەوە. سەیری ناو چاویم دەکرد. تێ دەگەیت؟ لە بەرامبەریا دەوەستام و ڕێک لە ناو چاویا رادەمام. ئەمە جۆرێک بوو لە خەواندنی موگناتیسی. بە هۆی ئەم بە قووڵی تێڕامانەی ناو چاوییەوە دەمزانی ئاخۆ جوانووە ماینەکە بەڕەڵلایە یان نا. ئەمە بەهرەیەک بوو، من هەمبوو.

(وچانێکی کورت)

جەنابیشی باسی ئەسپ لەگەڵ من دەکا.

**لێنی:** باوکە لات ناخۆش نییە، ئەگەر بابەتی قسەکردنەکە بگۆڕم؟

(وچانێکی کورت)

دەمەوێت پرسیارێکت لێ بکەم. ئەو ژەمە خواردنەی بەر لە ئێستا خواردمان، ناوی چی بوو؟ تۆ چ ناوێکی لێ دەنێیت؟

(وچانێکی کورت)

بۆ سەگێک ناکرێت؟ تۆ چێشتلێنەری سەگانیت. بە شەرەفم تۆ هەروا دەزانیت چێشت بۆ کۆمەڵێ سەگ لێ دەنێیت؟

**ماکس:** ئەگەر بە دڵت نییە، بڕۆ دەرەوە.

**لێنی:** وا دەچمە دەرەوە. دەچم لە دەرەوە ژەمە خواردنێکی ماقووڵ بۆ خۆم بکڕم.

**ماکس:** ئێ، دە کەواتە بڕۆ دەرەوە! چاوەڕوانی چی دەکەیت؟

**لێنی:** (سەیری دەکات)

چیت گوت؟

**ماکس:** گوتم لاچۆ لە بەرچاوم. بڕۆ دەرەوە. ئاوام گوت.

**لێنی:** باوکە، ئەگەر تۆ بەم شێوەیە قسەم لەگەڵ بکەیت، ئەوا پێش من دەچیتە دەرەوە.

**ماکس:** من! هەی خوێڕی!

(چنگی لە گۆچانەکەی توند دەکات)

**لێنی:** ئۆهـ، باوکە، خۆ ناشێت گۆچانەکەت بۆ من بەکار بێنیت. وا نییە؟ ها؟ گۆچانەکەت لەسەر من بەکار مەهێنە، باوکە. نا، تکات لێ دەکەم، خەتای من نەبوو. خەتای ئەوانی تر بوو. باوکە، بە شەرەفم من هیچ هەڵەیەکم نەکردووە. بەم گۆچانە لێم مەدە.

(بێدەنگی)

**ماکس:** (بە پشت کۆماوییەوە دادەنیشێت)

(لێنی رۆژنامەکە دەخوێنێتەوە)

(سام لە دەرگەی پێشەوە دێتە ژوورەوە. جلی شۆفێریی لەبەردایە. کڵاوەکەی هەر لە هۆڵەکەوە بە سنگەکەوە هەڵدەواسێت دێتە ژوورەوە. دەچێتە لای کورسییە دەسکدارەکە و دادەنیشێت. هەناسەیەکی قووڵ هەڵدەکێشێت)

**لێنی:** مامە سام، بە خێر بێیت؟

**سام:** سەلامەت بیت.

**لێنی:** چۆنی مامە سام؟

**سام:** خراپ نییە. نەختێک بێتاقەتم.

**لێنی:** بێتاقەت؟ من دڵنیام بێتاقەتیت. لە کوێ بوویت؟

**سام:** چووبووم بۆ فڕۆکەخانەی لەندەن.



**لێنی:** هەتا ناو فڕۆکەخانەی لەندەن؟ یانێ، ڕێک ڕێگەی "ئێم فۆر" ت گرتە بەر؟

**سام:** بەڵێ، ڕێک هەتا ئەوێ.

**لێنی:** چوک چوک چوک، بەڕاستی، مامە، هەقی خۆتە ماندوو بیت.

**سام:** ئا، خەتای شۆفێرەکانە.

**لێنی:** دەزانم. منیش هەر باسی ئەمە دەکەم. هەر مەبەستم شۆفێرەکانە.

**سام:** پەکت دەخەن.

(وچانێکی کورت)

**ماکس:** منیش لێرەم، ها، خۆت دەزانیت.

(سام سەیری ماکس دەکا)

گوتم، منیش لێرەم. لێرە دانیشتووم.

**سام:** دەزانم تۆش لێرەیت.

(وچانێکی کورت)

ئەمرۆ یانکییەکم برد بۆ ئەوێ... بۆ فڕۆکەخانە.

**لێنی:** ئەها، یانکییەک، بەڕاست؟

**سام:** بەڵێ، ئەمڕۆ هەر لەگەڵ ئەو بووم. کاتژمێر دوانزە و نیو لە "ساڤۆی" هەڵم گرت. بردم بۆ "کاپرایس". لەوێ ژەمی نیوەڕۆی خوارد. دوای ئەوە دیسان هەڵم گرت و بردم بۆ ماڵێک لە "ئیتۆن سکوێر". سەردانی هاوڕێیەکی خۆی کرد. پاشان، نزیکەی دەمەوئێوارە بوو، یەکسەر بردم بۆ فڕۆکەخانەکە.

**لێنی:** دەبوو بگات بە فڕۆکەکەی، وانییە؟

**سام:** بەڵێ. سەیرکە، چی داپێم. پاکەتێ جگەرەی داپێم.

(پاکەتێ جگەرە لە گیرفانی دەردێنێت)

**ماکس:** وەرە ئێرە، با بەیەکەوە سەیرێکی بکەین.

(سام پاکەتە جگەرەکە پێشانی ماکس دەدات)

**ماکس:** (جگەرەیەک لە پاکەتەکە دەردێنێت. دەیگوشێت و بە مشەمشەوە بۆنی دەکات)

جگەرەیەکی خۆشە.

**سام:** ناتەوێت یەکێک تاقی بکەیتەوە؟

(هەریەک لە سام و ماکس جگەرەیەک دادەگیرسێنێت)

**سام:** دەزانیت چی پێ گوتم؟ پێی گوتم، کە من باشترین شۆفێرم ئەو دیبێتی. باشترین شۆفێر.

**ماکس:** لە چ روانگەیەکەوە؟

**سام:** ها؟

**ماکس:** لە چ روانگەیەکەوە؟

**لێنی:** باوکە، وا بزانم لە روانگەی لێخوڕینەکەی. لە روانگەی زمان شیرینی و دەرک پێکردنی بە رووخۆشییەکەی.

**ماکس:** پێی وابوو تۆ شۆفێرێکی لێهاتوویت، وانییە، سام؟ هەر بۆیەش پاکەتێک جگەرەی دەرەجە یەکی پێ دایت.

**سام:** بەڵێ، پێی وابوو من باشترین شۆفێرم لە ژیانی خۆیا بینیبێتی. خۆت دەزانیت گشت کەس وام پێ دەڵێن، کەسی تریان ناوێت. هەر داوای من دەکەن. دەڵێن، کە من باشترین شوفێرم لە کۆمپانیاکە.



**لێنی:** من دڵنیام شۆفێرەکانی تر ئێرەییت پێ دەبەن، وانییە، مامە؟

**سام:** هەڵبەت ئێرەییم پێ دەبەن. هەڵبەت ئێرەییم پێ دەبەن.

**ماکس:** بۆ؟

(وچانێکی کورت)

**سام:** من ئێستا پێم گوتیت.

**ماکس:** نەخێر، سام، من باش لێی حاڵی نەبووم. بۆ شۆفێرەکانی تر ئێرەیی بە تۆ دەبەن؟

**سام:** چونکە، یەکەم: من باشترین شۆفێرم و چونکە... دووەم، حەز لە بەڕەڵڵایی ناکەم.

(وچانێکی کورت)

تۆ دەزانیت، من زۆر لە خەڵک ناپاڕێمەوە. ئەو هەموو بازرگانە گەورە و خاوەن دەزگا گەورانە حەز لە شۆفێرێک ناکەن بەردەوام قسە بجووێتەوە. حەز دەکەن. حەز دەکەن لە دواوە دانیشن. هێمن و ئاسوودە بن. پاشان، ئەوان لە ناو "هەمبەر سوپەر سنایپ"[١٧] دانیشتوون. دەتوانن بە ئارامییەوە پشووی تێدا بدەن. لە هەمان کاتدا، ئەو شتەی، کە من بەڕاستی دەکاتە شۆفێرێکی جیاواز... من دەزانم، بەرۆژ، چۆن کات بەسەر دەبەم، کاتێ دەستبەتاڵ بم و بمەوێت کاتەکە بەسەر ببەم.

(وچانێکی کورت)

(١٧) "هەمبەر سوپەر سنایپ" جۆرە ئۆتۆمۆبێلێکی ئینگلیزی نایاب بوو، بە هەمان دیزایینی ئۆتۆمۆبێلی سێ چەرخەی بەریتانی دروست کرابوو، کە یەکەم بەرهەمی لە ساڵی ١٨٩٨ (وێکیپیدیا)

بۆ نموونە، ئەمڕۆ بەو پیاوەم گوت، من، لە جەنگی جیهانی دووەم، لە شەڕدا بووم، نەک یەکەم. پێم گوت لە جەنگی جیهانی یەکەمدا زۆر گەنج بووم. بەڵام لە جەنگی جیهانی دووەم، لە شەڕدا بووم.

(وچانێکی کورت)

دوایی دەرکەوت ئەویش وابوو.

**لێنی:** (هەڵدەستێتە سەرپێ. دەچێتە لای ئاوێنەکە و بۆینباخەکەی لەبەر ڕێک دەخا)

ڕەنگە ئەو کۆڵۆنێل یان شتێکی لەم بابەتە بووبێت لە هێزی ئاسمانی ئەمەریکا.

**سام:** بەڵێ.

**لێنی:** لەوانەیە هەر فڕۆکەوانی "فلاینگ فۆرترەس"[١٨] یا شتێکی لەم بابەتە بووبێت. دووریش نییە ئێستا کاربەستێکی دەسڕۆ بێت لە گرووپی جیهانی ئەندازیارانی زانستی فڕین.

**سام:** بەڵێ.

**لێنی:** من دەزانم تۆ باسی چ جۆرە پیاوێک دەکەیت.

"دەڕواتە دەرەوە، بەلای ڕاستدا پێچ دەکاتەوە"

**سام:** بێجگە لەمەش، من شارەزام. لە تەمەنی نۆزدە ساڵیدا ئۆتۆمۆبێلی زبلّم لێ دەخوڕی. پاشان بارم دەگواستەوە. بۆ شوێنی دوور. دوو ساڵیش شۆفێری تەکسی بووم. هەروەها

(١٨) "فلاینگ فۆرترەس" Flying fortress جۆرە فڕۆکەیەکی بۆمباهاوێژە، کە ئەمەریکاییەکان لە کاتی جەنگی جیهانی دووەم بەکاریان دەهێنا.



شۆفێری تایبەتی پێنج کەسیش بووم.

**ماکس:** سەیرە، تا ئێستا ژنت نەهێناوە، وانییە؟ پیاوێک بەم هەموو لێهاتوویەی تۆوە.

(وچانێکی کورت)

وانییە؟ پیاوێکی وەک تۆ؟

**سام:** ئێستاش کات ماوە.

**ماکس:** بەڕاست؟

(وچانێکی کورت)

**سام:** لات سەیرە.

**ماکس:** ئەوەی تۆ تا ئێستا کردووتە، هەر ئەوە بووە، کە لەگەڵ سەرنشینە خانمەکانت جووت بوویتە، وانییە؟

**سام:** من نا.

**ماکس:** لە پشتەوەی "سنایپ"ەکە[١٩]؟ بە فڕتوفێڵ لەلایەکی ڕێگەکە وەستاویت و ئیتر پڕت داونەتێ، بڵێ وانییە!

**سام:** من نا.

**ماکس:** لەسەر کوشنەکەی پشتەوە! ئەی دەسکی کوشنەکە داگیرابوونەتە خوارەوە یان بەرز کرابوونەوە؟

**سام:** من لە ژیانمدا شتی ئاوام لە ناو ئۆتۆمۆبێلەکەم نەکردووە.

**ماکس:** تۆ لەوە گەورەتریت شتی ئاوا بکەیت، وا نییە سام؟

**سام:** زۆر ڕاستە.

**ماکس:** لەوە گەورەتریت لەسەر کوشنی پشتەوەی ئۆتۆمۆبێلێکدا

(١٩) واتە ئۆتۆمۆبێلی "هەمەر سوپەر سنایپ".

لەگەڵ ژنێکا جووت بێت، وانییە؟

**سام:** بەڵێ، من ئەم کارەم بۆ خەڵکی تر جێ هێشتووە.

**ماکس:** تۆ بۆ خەڵکی تر جێت هێشتووە؟ خەڵکی تر، کێ؟ دەبەنگی ئیفلیج!

**سام:** من وەکو خەڵکی تر ئۆتۆمۆبێلەکەی خۆم بەمە پیس ناکەم!... یان هی سەرکارەکەم!

**ماکس:** خەڵکی تر؟ کامە خەڵک؟

(وچانێکی کورت)

کامە خەڵک؟

(وچانێکی کورت)

**سام:** خەڵکی تر.

(وچانێکی کورت)

**ماکس:** سام، هەرکاتێ کچێکت بە دڵی خۆت دۆزییەوە، با بنەماڵەکەت پێ بزانێت. بیرت نەچێ، ئێمە یەکەم کەسین، سەرکەوتنت بۆ دەخوازین. بەڵێنت پێ دەدەم. دەتوانیت ژنەکەت بێنیت بۆ خۆتان لێرە بژین. ئەو دەتوانێت دڵی هەموومان خۆش بکات. ئێمە بە سەرە بە دەوری باخەکەدا پیاسەی پێ دەکەین.

**سام:** من نایهێنم بۆ ئێرە.

**ماکس:** ئەمە بڕیاری خۆتە، سام. ئێمە بە دڵخۆشییەوە پێشوازی لە ژنەکەت دەکەین، لەو شوێنەی، کە خۆت تێیدا دەژیت. یان خۆ دەتوانیت ژوورێک لە "دۆرچێستەر"[٢٠] وەربگریت. ئەمە

(٢٠) شارێکە لە خوارووی ئینگلتەرە.



دەگەڕێتەوە بۆ خۆت. خۆت تیایا سەرپشکیت.

**سام:** من هاوسەرم دەست نەکەوتووە.

(هەڵدەستێتە سەرپێ. دەچێتە لای دۆلابەکە. سێوێک لە ناو سەبەتەکە هەڵدەگرێت و قەپێکی لێ دەدا)

نەختێک تووڕە بوومە.

(لە پەنجەرەکەوە سەیری دەرەوە دەکات)

بەهەرحاڵ، هەرگیز ژنێکی وەکو ژنەکەی تۆ دەست ناکەوێت...

ژنی وەکو هی تۆ لەم ڕۆژگارەدا پەیدا نابێت، وەکو "جێسی".

(وچانێکی کورت)

بەهەرحاڵ من جارێک یا دووان لەگەڵ خۆمم بردووە، وانەبوو؟ یەک دوو جار بە ترومبێلەکەی خۆم پیاسەم پێ کردووە. ژنێکی دڵڕفێن بوو.

(وچانێکی کورت)

هەرچەندە ژنی تۆ بوو، بەڵام تا ئێستا ئەو ئێوارانە خۆشترین ئێوارە بوون لە ژیانی من. هەر بە ئۆتۆمۆبێلەکەی خۆم پیاسەم پێ دەکرد. بۆ من ئەوپەڕی خۆشی بوو.

**ماکس:** (لەسەخۆ چاوەکانی دادەخات)

ئای خوا.

**سام:** ئینجا هەموو جارێک لە وێستگەیەکدا ڕام دەگرت. کووپێ قاوەم بۆ دەکڕی. ژنێکی تا بڵێی ڕێکوپێک بوو بۆ هاوڕێیەتی.

(بێدەنگی)

**جۆی:** "لە دەرگەی پێشەوە دەردەکەوێت، هەتا ناو ژوورەکە دێت.

چاکەتەکەی دادەکەنێت و فڕێی دەداتە سەر کورسییەک. لەسەر پێ دەوەستێت)

(بێدەنگی)

هەست دەکەم کەمێک برسیمە.

**سام:** منیش

**ماکس:** تۆ وا دەزانیت من کێم، دایکتم؟ ها؟ هەر کاتێک بتانەوێ، بە شەو بەڕۆژ وەکو ئاژەڵی دڕندە دێنە ژوورەوە. بڕۆ بۆ خۆت دایکێک بدۆزەرەوە.

(لێنی دێتە ناو ژوورەکە. هەر لەسەر پێ دەوەستێت)

**جۆی:** من هەتا ئێستا لەو خوارەوە لە هۆڵەکە مەشقم دەکرد.

**سام:** بەڵێ. تا ئێستا بە درێژاییی ڕۆژ هەر کاری کردووە و بەشەویش مەشق دەکات.

**ماکس:** تۆ چیت دەوێت، خوێڕی؟ بە درێژاییی ڕۆژ لە فرۆکەخانەی لەندەن هەر لەسەر قنگت دادەنیشیت و بابۆڵە کێکێکی بە مورەبا بۆ خۆت دەکڕیت و هیچی تر. تۆ لەو ساتەوە، کە لە دەرگەکەوە هاتیتە ژوورەوە نیازت وایە خۆت دانیشیت و چاوەڕوان بکەیت تا من بچمە مەتبەخەکە؟ تەمەنت شەست و سێ ساڵە، بۆچی تا ئێستا خۆت فێری چێشتلێنان نەکردووە، ها؟

**سام:** من دەزانم چێشت لێ بنێم.

**ماکس:** باشە، دە بڕۆ بۆ خۆت لێی بنێ!

(وچانێکی کورت)

**لێنی:** باوکە، ئەوەی کوڕەکان دەیانەوێت، چێشلێنانە تایبەتی و



نایابەکەی تۆیە. کوڕەکان چاویان بڕیوەتە ئەمە. تۆ لێکدانەوەیەکی تایبەتیت بۆ خواردن هەیە. باشتر لێی دەزانیت.

**ماکس:** بەسە، چی تر بە باوکە بانگم مەکە. چی تر پێم مەڵێ باوکە، تێگەیشتیت؟

**لێنی:** ئاخر من کوڕی تۆم. کە منداڵ بووم، شەوانە لێفە و بەتانیت پێدا دەدام. بە تۆشی دادەدا، جۆی، وانەبوو؟

(وچانێکی کورت)

حەزی دەکرد لێفە و بەتانی بە کوڕەکانی خۆی دابدا.

(لێنی بەرەو دەرگەی پێشەوە دەچێت)

**ماکس:** لێنی.

**لێنی:** (ڕووی وەردەگێڕێت)

چییە؟

**ماکس:** کوڕم، لەم شەوانە پێخەفت بەسەر دادەدەم. سەرنجی قسەکەم بدە.

(سەیری یەکتر دەکەن)

(لێنی دەرگای پێشەوە دەکاتەوە و دەچێتە دەوە)

(بێدەنگی)

**جۆی:** لەگەڵ "بۆبی دۆد" مەشقم دەکرد.

(وچانێکی کورت)

هەڵبەت هەوڵێکی باشیشم دا.

(وچانێکی کورت)

لە بارێکی خراپدا نەبووم.

**ماکس:** بۆکسێن یاری پیاوماقوولانە.

(وچانێکی کورت)

پێت دەڵێم چی بکەیت باشە. ئەوەی پێویستە تۆ بیکەیت، ئەوەیە، کە پێویستە فێر بیت چۆن بەرگری لە خۆت دەکەیت و چۆن هێرش دەکەیت. ئەمە تەنیا کێشەی تۆیە لە بۆکسێن. تۆ نازانیت چۆن بەرگری لە خۆت بکەیت و ناشزانیت چۆن هێرش بەریت.

(وچانێکی کورت)

هەر کاتێک ئەم هونەرانە بەتەواوی فێر بوویت، یەکسەر دەگەیتە لووتکە.

(وچانێکی کورت)

**جۆی:** من رایەکی زۆر باشم هەیە... دەربارەی چۆنیەتیی جێبەجێکردنی ئەم کارە.

(چاوی بەملا و بەولادا دەگێڕێت بۆ چاکەتەکەی، هەڵی دەگرێت و لە ژوورەکە دەچێتە دەرەوە. لە پێبلیکانەکانەوە سەردەکەوێ)

(وچانێکی کورت)

**ماکس:** سام... ئەی تۆ بۆ ناڕۆیت، ها؟ بۆ ناڕۆیتە سەرەوە؟ بە تەنیا جێم بێڵە... با بۆ خۆم ئاسوودە بم.

**سام:** ماکس، دەمەوێت هەندێ شتت دەربارەی "جێسی" بەڕاستی بۆ روون بکەمەوە. دەزانی ئەو کاتەی بە ئۆتۆمۆبێلەکەی خۆم لە شارەکە پیاسەم لەگەڵ دەکرد، زۆر ئاگام لێی بوو، لە جیاتی تۆ، ها؟ من لە جیاتی تۆ چاوەدێریم دەکرد. تۆ ئەو کاتە سەرت قاڵ



بوو، وانییە؟ "وێست ئێند"م[٢١] پێشان دا.

(وچانێکی کورت)

تۆ متمانەت بە هیچ کام لە براکانت نەدەکرد. متمانەت پێیان نەدەکرد، ماک، وا نەبوو؟ بەڵام متمانەت بە من کرد. دەمەوێت ئەمەت بیر بخەمەوە.

(وچانێکی کورت)

"ماک" ی جاران، چەند ساڵێک پێش ئێستا مرد، وانییە؟ ئەی نەمردووە؟

(وچانێکی کورت)

ئەو پیاوێکی هیچوپووچی بۆگەنی سەرخۆش و دەمشڕ بوو. زۆڵێکی کورتەبنەی بێ قیمەت بوو. بیرت دێت. هاوڕێیەکی باش بوو بۆ تۆ.

(وچانێکی کورت)

**ماکس:** ئاه، سام...

**سام:** چییە؟

**ماکس:** من بۆ لێرە تۆم راگرتووە؟ تۆ پیرەمێردێکی سست و خاویت و هیچی تر.

**سام:** من؟

**ماکس:** تۆ کرمۆکەیت.

**سام:** چی؟

---

(٢١) "وێست ئێند" ئەو بەشەی لەندەنە، کە زۆربەی دووکان و چێشتخانە و شانۆ و گەلەری تێدایە.

**ماکس:** هەرکاتێک تۆ مەسرەفی خۆتت پێ نەکرا، مەبەستم ئەوەیە پەکت کەوت و نەتتوانیّ مەسرەفی خۆت بکەیت، دەزانیت من چی دەکەم؟ دەرت دەکەم.

**سام:** تۆ بەڕاستتە، ها؟

**ماکس:** هەڵبەت. من مەبەستم ئەوەیە تۆ پارە پەیدا بکە، منیش داڵدەت دەدەم. هەرکاتێک کۆمپانیاکە وازی لە تۆ هێنا، دەبێت تۆش واز لێرە بێنیت.

**سام:** ئەم خانووە هی منیشە، تێ دەگەیت. ئەمە خانووی دایکمان بوو.

**ماکس:** چارەنووسێک دوای چارەنووسێکی تر. ناخۆشی لە دوای ناخۆشی.

**سام:** خانووی باوکمان بوو.

**ماکس:** سەیرکە، من تووشم بە تووشی چی بووە. لە جێی سنگان قوزەڵقوورتە. زووخاوێک دەڕوا و یەکێکی تری بەدوادا دێت.

(وچانێکی کورت)

باوکمان؟ بیرمە. خەم مەخۆ. تۆ خۆت فریو دەدەیت. ئەو هەموو کاتێک دەهاتە لام و سەیری دەکردم. باوکم وای دەکرد. خۆی دەچەماندەوە و هەڵی دەگرتم. بەرزی دەکردمەوە. من ئەوەندە گەورە نەبووم. پاشان هەڵی دەپەڕاندم و یاری لەگەڵ دەکردم. بوتلێ شیری پێ دەدام. خاوێنی دەکردمەوە. بزە و پێکەنینی بۆ دەبەخشیمەوە. بە ئەسپایی تەپەتەپی لە پشتم دەکرد. ئەم دەست و ئەو دەستی پێ دەکردم. لە دەستێکەوە دەیدامە دەستەکەی تر. بۆ سەرەوە هەڵی دەدام و دەیگرتمەوە. من باوکم دێتەوە یاد.



(شانۆ تاریک دادێ)

(شانۆ ڕووناک دەبێتەوە)

(شەوە)

تێدی و ڕووسا

(لەبەر دەرگەی ژوورەکە وەستاون. هەردووکیان دەستەجلی هاوینە و پاڵتۆی تەنکیان لەبەردایە. لە تەنیشتیانەوە دوو جانتا دانراون. سەیری ژوورەکە دەکەن)

**تێدی:** (کلیلێکی بەدەستەوەیە. ئەمدیو و ئەودیوی پێ دەکات. زەردەخەنەیەک دای دەگرێت)

باشە، کلیلەکە کاری خۆی کرد.

"وچانێکی کورت"

قفڵەکەیان نەگۆڕیوە.

(وچانێکی کورت)

**ڕووسا:** کەس لێرە نییە.

**تێدی:** (سەری هەڵدەبڕێت)

خەوتوون.

(وچانێکی کورت)

**ڕووسا:** دەتوانم دابنیشم؟

**تێدی:** هەڵبەت.

**ڕووسا:** ماندووم.

(وچانێکی کورت)

**تێدی:** کەواتە دانیشە.

(رووسا لە جێگەی خۆیا ناجووڵێت)

ئەوەتانێ کورسییەکەی باوکم.

**رووسا:** ئەمەیان؟

**تێدی:** (بە زەردەخەنەوە)

بەڵێ خۆیەتی. بچم بۆ سەرەوە. بزانم ژوورەکەی من هەر لە شوێنی خۆیەتی؟

**رووسا:** ئەی خۆ ناکرێت گوازرابێتەوە.

**تێدی:** نا. من مەبەستم ئەوەیە ئاخۆ قەریوڵەکەی من هێشتا هەر لەوێیە.

**رووسا:** لەوە دەچێ یەکێک لە ژوورەوە بێت.

(وچانێکی کورت)

**رووسا:** ئەی نابێت یەکێک بێدار بکەیتەوە و پێیان بڵێیت، کە تۆ لێرەیت؟

**تێدی:** ئاخر نەک بەم شەوە و لەم کاتەدا. شەو درەنگە.

(وچانێکی کورت)

بچم بۆ سەرەوە؟

(دەڕواتە ناو هۆڵەکە. سەری هەڵدەبڕێت و سەیری پێبلیکانەکان دەکات. دەگەڕێتەوە دواوە)

بۆ دانانیشیت؟

(وچانێکی کورت)

من وا دەچمە سەرەوە... سەیرێکی ئەوێ دەکەم.

(بە ئەسپایییەوە لە پێبلیکانەکان سەردەکەویت)



(رووسا هەڵدەستێتە سەر پێ و لەسەرەخۆ لەمبەرەی ژوورەکە دەچێتە ئەوبەر)

**تێدی:** (دەگەڕێتەوە)

هێشتا هەر لەوێیە. ژوورەکەم. بەتاڵە. قەریوڵەکەم لەوێیە. ئەوە تۆ چی دەکەیت؟

(رووسا سەیری تێدی دەکات)

پێخەفەکان چەرچەفێکیان تێدا نییە. دەچم هەندێ چەرچەف دەدۆزمەوە. دەڵێی گوێم لە پرخە پرخە. ئا، وابزانم هێشتا لێرەن. هەموویان لەسەرەوە پرخە پرخ دەکەن. سەرماتە؟

**رووسا:** نا.

**تێدی:** ئەگەر حەز دەکەیت شتێکت بۆ ئامادە دەکەم بیخۆیتەوە. شتێکی گەرم.

**رووسا:** نا، هیچم ناوێت.

**تێدی:** (دێت و دەچێت)

رات چییە بەم ژوورە؟ گەورەیە، وانییە؟ خانوویەکی گەورەیە. مەبەستم ئەوەیە ژوورەکە خۆشە، وانییە؟ راستی، جاران لێرە، لەمبەر بۆ ئەوبەر دیوارێک هەبوو... دەرگەیەکی تێدا بوو. خۆمان دیوارەکەمان رووخاند. چەند ساڵێک بەر لە ئێستا، بۆ ئەوەی شوێنی دانیشتنمان بەرین و کراوە بێت. وەک دەیبینیت، هیچ کاریشی لە خانووەکە نەکردووە. دایکم مردووە.

(رووسا دادەنیشێت)

**تێدی:** بێتاقەتیت؟

**رووسا:** نەختێک.

**تێدی:** ئەگەر حەز دەکەیت، دەچینە سەر جێگە. ئێستا کاتی ئەوە نییە کەس لە سەرەوە بێدار بکەیتەوە. هەر دەچینە سەر جێگە. بەیانی گشتیان دەبینین... بەیانی باوکم دەبینین.

"وچانێکی کورت"

**رووسا:** حەز دەکەیت بمێنیتەوە؟

**تێدی:** بمێنینەوە؟

(وچانێکی کورت)

هاتووین بمێنینەوە. پێویستە... چەند رۆژێک بمێنینەوە.

**رووسا:** وابزانم... منداڵەکان بیرمان دەکەن.

**تێدی:** بێ ئەقڵ مەبە.

**رووسا:** دەشێ وابێت.

**تێدی:** سەیرکە، ئێمە دوای چەند رۆژێک دەگەڕێینەوە، باشە؟

(لە ناو ژوورەکە دێت و دەچێت)

هیچ شتێک نەگۆڕاوە. هەروەکو جارانە

(وچانێکی کورت)

بەیانی کە چاوی پێمان دەکەوێ، سەری سوڕ دەمێنێت، وانییە؟ باوکم. وا بزانم تۆ باوکمت زۆر بەدڵە. بەڕاستمە. پیاوێکی... هەڵبەت پیرە. چووەتە ناو ساڵانەوە.

(وچانێکی کورت)

من لێرە لە دایک بوومە. تۆ ئەمە دەزانیت؟

**رووسا:** دەزانم.



(وچانێکی کورت)

**تێدی:** بۆ ناچیتە سەر جێگە؟ هەوڵ دەدەم هەندێ چەرچەف بدۆزمەوە. هەست دەکەم... ئێستا لە خەو هەڵساوم. وا بزانم ماوەیەکی تر دەمێنمەوە. تۆ هیلاکیت؟

**رووسا:** نەخێر

**تێدی:** بڕۆ بخەوە. من ژوورەکەت پێشان دەدەم.

**رووسا:** نا، پێویست ناکات.

**تێدی:** لەوێ بەبێ من زۆر باش دەبیت. بەڕاستی باش دەبیت. دیارە منیش دواناکەوم. سەیرکە ژوورەکە لەوێیە. یەکەم دەرگە لەسەر تەختایی پێبلیکانەکان. حەمامەکەش رێک لە تەنیشتیەتی. تۆ... پێویستیت بە کەمێک پشوو هەیە. تێ دەگەیت؟

(وچانێکی کورت)

من هەر حەز دەکەم چەند کەمێک بسوڕێمەوە. بە دڵت نییە؟

**رووسا:** هەڵبەت بە دڵمە.

**تێدی:** باشە... ژوورەکەت پێشان بدەم؟

**رووسا:** نا، ئێستا دڵم خۆشە.

**تێدی:** پێویست ناکات بچیتە سەر جێگە. من ناڵێم پێویستە بچیتە سەر جێگە. مەبەستم ئەوەیە، دەتوانیت لەگەڵ من بمێنیتەوە. هەڵبەت من کووپێ چا یان هەر شتێکی تر بێت، ئامادە دەکەم. بەڵام پێویستە غەڵبەغەڵب نەکەین. نامانەوێ هیچ کەسێک بێدار بکەینەوە.

**رووسا:** من هیچ غەڵبەغەڵب ناکەم.

**تێدی:** دەزانم نایکەیت.

(دەچێتە لای رووسا)

(بەنەرمییەوە)

سەیرکە، ئێستا بارودۆخەکە زۆر باشە. مەبەستم ئەوەیە... من لێرەم، لەگەڵ تۆم. ئیتر پێویست ناکات نیگەران بیت. هەست بە نیگەرانی دەکەیت؟

**رووسا:** نەخێر.

**تێدی:** پێویست ناکات.

(وچانێکی کورت)

خەڵکێکی رووخۆش و میهرەبانن. بەڕاستی زۆر رووخۆشن. کەسوکاری منن. خۆ دەعبا نین.

(وچانێکی کورت)

لەوانەیە پێویست بێت بچینە سەر جێگە. بەهەرحاڵ، پێویستە زوو لە خەو هەڵسین. باوکم ببینین. هەڵبەت من ئەوە بەڕاست نابینم ئەو ئێمە لە ناو جێگە ببینێت.

(لەبەر خۆیەوە، بەبێدەنگی پێ دەکەنێت)

پێویستە پێش کاتژمێر شەش لە خەو هەڵسین. بێینە خوارەوە و سڵاویان لێ بکەین.

(وچانێکی کورت)

**رووسا:** وا بزانم پێویستیم بەوە هەیە هەوایەک هەڵمژم.

**تێدی:** هەوا؟

(وچانێکی کورت)



مەبەستت چییە؟

**رووسا:** (هەڵدەستێتە سەرپێ)

پیاسەیەک دەکەم.

**تێدی:** بەم کاتە، بەم شەوە؟ ئاخر ئێمە... هەر ئێستا گەیشتووینەتە جێ. پێویستە بچینە سەر جێگە. پاڵ کەوین.

**رووسا:** هەست دەکەم پێویستیم بە هەوایەک هەیە.

**تێدی:** ئاخر من دەچم بۆ سەر جێگە.

**رووسا:** ئێ، باشە.

**تێدی:** ئەی من چی بکەم؟

(وچانێکی کورت)

دوایین شتێک، کە بمەوێ بیکەم ئەوەیە بچم بۆ دەرەوە هەوایەک هەڵمژم. بۆ دەتەوێ بچیتە دەرەوە هەوایەک هەڵمژیت؟

**رووسا:** هەروا دەچم.

**تێدی:** ئاخر ئێستا شەو درەنگە.

**رووسا:** زۆر دوور ناڕۆم. دەگەڕێمەوە.

(وچانێکی کورت)

**تێدی:** من لە سەرەوە چاوەڕوانت دەکەم.

**رووسا:** بۆ؟

**تێدی:** ئاخر بێ تۆ ناچم بۆ سەر جێگە.

**رووسا:** کلیلەکەم پێ دەدەیت؟

(تێدی کلیلەکەی پێ دەدا)

بۆ ناچیتە سەر جێگە؟

(تێدی دەستی دەخاتە سەر شانی رووسا و ماچی دەکات)

(هەردووکیان سەیری یەکتر دەکەن)

(رووسا زەردەخەنەیەک دای دەگرێت)

زۆر دوا ناکەوم.

(لە دەرگەی پێشەوە دەچێتە دەرەوە)

(تێدی دەچێتە لای پەنجەرەکەوە. لەوێوە سەیری رووسا دەکات. کەمێک روو لە پەنجەرەکەوە وەردەگێڕێت. دەوەستێت. لە پڕێکا گرێی پەنجەی ئەجاوێت)

(لێنی لە لای چەپەوە دێتە ژوورەوە. هەر بە پێوە دەوەستێت. بێجامە و رۆبێکی درێژی لەبەردایە. سەیری تێدی دەکات)

**تێدی:** (ئاوڕ دەداتەوە و چاوی بە لێنی دەکەوێت)

(بێدەنگی)

چۆنیت، لێنی؟

**لێنی:** تۆ چۆنیت، تێدی؟

(وچانێکی کورت)

**تێدی:** ئاگام لێ نەبوو، کە لە پێبلیکانەکانەوە هاتیتە خوارەوە.

**لێنی:** لە پێبلیکانەکانەوە نەهاتمە خوارەوە.

(وچانێکی کورت)

لێرە لە خوارەوە خەوتم. لە ژوورەکەی تەنیشت. ژوورێکم لە چەشنی ژووری خوێندنەوە هەیە. وەک دەیبینیت ژووری کارکردن و خەوتن لە تەنیشتەوەیە.

**تێدی:** ئۆه... لە خەو بێدارم کردیتەوە؟



**لێنی:** نەخێر، ئەمشەو هێشتا بۆ من زوو بوو بۆ خەوتن. ئیتر خۆت دەزانیت چۆنە. ناتوانم بخەوم. هەر بێدار دەبمەوە.

(وچانێکی کورت)

**تێدی:** چۆنی؟

**لێنی:** بەهەرحاڵ، ئەمشەو کەمێک بە نائاسوودەیی خەوتم و هیچی تر.

**تێدی:** خەونی ناخۆشت بینی؟

**لێنی:** نەخێر، نەمگوت خەونم بینیوە. هۆکارەکە، بەڕاستی، خەون نەبوو. شتێک بوو وای لێ کردم بێدار بمەوە. وەک ئەوەی چکە چکێک بێت.

**تێدی:** چرکە؟

**لێنی:** بەڵێ.

**تێدی:** باشە، چکە چکی چییە؟

**لێنی:** نازانم

(وچانێکی کورت)

**تێدی:** لە ژوورەکەتا کاتژمێر هەیە؟

**لێنی:** بەڵێ.

**تێدی:** دوور نییە چرکە چرکی کاتژمێرەکە بێت.

**لێنی:** ئا، لەوانەیە ئەو بووبێت. منیش هەروای بۆ دەچم.

(وچانێکی کورت)

کەواتە ئەگەر کاتژمێرەکە بێت، پێویستە چارەی بکەم. بە رێگەیەک یا بە هەر شتێک بێت کپی بکەم.

(وچانێکی کورت)

**تێدی:** من... هەر بۆ چەند رۆژێک گەڕاومەتەوە.

**لێنی:** ئێ، بەڕاست؟

(وچانێکی کورت)

**تێدی:** باوکم چۆنە؟

**لێنی:** تەندروستی زۆر باشە.

(وچانێکی کورت)

**تێدی:** منیش تا ئێستا هەر بێدارم.

**لێنی:** ئۆه، بەڕاست؟

(وچانێکی کورت)

کەواتە ئەمشەو هەر بێدار بوویت، وانییە؟

**تێدی:** بەڵێ.

**لێنی:** باشە، دەتوانیت لە ژووره کۆنەکەی خۆت بخەویت.

**تێدی:** بەڵی. لە نهۆمی سەرەوە بووم.

**لێنی:** ئێ، دەتوانیت لەوێ بخەویت.

(باوێشک دەدات)

دەی باشە.

**تێدی:** دەچم بۆ سەر جێگە.

**لێنی:** بەڕاست؟

**تێدی:** بەڵێ. کەمێک دەخەوم.

**لێنی:** دەباشە، منیش دەچم بۆ سەر جێگە.

(تێدی جانتاکان هەڵدەگرێت)

با یارمەتیت بدەم.



**تێدی:** نا، قورس نین.

(جانتاکان دەباتە ناو هۆڵەکە)

(لێنی گلۆپی ژوورەکە دەکوژێنێتەوە)

(گلۆپی هۆڵەکە هەر داگیرساوە)

(لێنی بە دوای تێدی دەچێتە ناو هۆڵەکە)

**تێدی:** ئەم؟

**لێنی:** ئەمشەو پێویستت بە هیچ شتێک نییە؟ پەرداخە ئاوێ یا هەر شتێکی لەم بابەتە؟

**تێدی:** لە کوێ چەرچەفم دەست دەکەوێت؟

**لێنی:** لە دۆلابی ژوورەکەی خۆت.

**تێدی:** ئێ، باشە.

**لێنی:** خۆت دەزانیت، هاوڕێکانی من، جار جار، کە لێرەوە تێ دەپەڕن، لەوێ دەمێننەوە، لە ژوورەکەی تۆ.

(گلۆپی هۆڵەکە دەکوژێنێتەوە. گلۆپی تەختایی سەر ریزی یەکەمی پێبلیکانەکان دادەگیرسێنێت)

**تێدی:** (دەگاتە لای پێبلیکانەکان و سەردەکەوێت)

دەباشە، کەواتە بەیانی لە کاتی چێشتخواردن دەتبینم.

**لێنی:** ئێ باشە، تاتا(*).

(تێدی دەچێتە نهۆمی سەرەوە)

(لێنی لەلای چەپەوە دەچێتە دەرەوە)

(بێدەنگی)

---

(*) مەبەستی لە "تا تا" تێدییە.

(گلۆپی تەختایی سەر ریزی یەکەمی پێبلیکانەکان دەکوژێتەوە)

(گلۆپێکی کزی شەوانە لە هۆڵەکە و لە ژوورەکە دادەگیرسێت)

(لێنی دەگەڕێتەوە ژوورەکە. دەچێتە لای پەنجەرەکەو سەیری دەرەوە دەکات)

(پەنجەرەکە بەجێ دێڵێ و گلۆپەکە دادەگیرسێنێت. کاتژمێرێکی بچووکی بەدەستەوەیە. دادەنیشێت. کاتژمێرەکە لە بەردەم خۆیا دادەنێت. جگەرەرەیەک دادەگیرسێنێت)

(رووسا لە دەرگەی پێشەوە دێتە ژوورەوە. کپ و بێدەنگ دەوەستێت)

**لێنی:** شەوباش.

**رووسا:** وا بزانم بەیانییە.

**لێنی:** ئا راست دەکەیت.

(وچانێکی کورت)

من ناوم "لێنی"یە، ئەی تۆ؟

**رووسا:** رووسا.

(دادەنیشێت و یاخەی پاڵتۆکەی لە خۆی دەئاڵێنێت)

**لێنی:** ساردە؟

ئەم هاوینە زۆر خۆشە، وانییە؟ جێگەی سەرسوڕمانە.

(وچانێکی کورت)

حەز دەکەیت شتێ بخۆیتەوە؟ شتێک ناو هەناوت فێنک بکاتەوە؟ جۆرێک لە مەی یا هەر شتێکی لەم بابەتە؟

**رووسا:** نەخێر، سوپاس.



**لێنی:** باش بوو وات گوت. هیچ خواردنەوەیەکمان لە ماڵەوە نییە. بەڵام ئەگەر ئاهەنگێکمان هەبێت، هەندێک خواردنەوە دێنم. زەماوەندێ، یادکردنەوەیێ... خۆت دەزانیت.

(وچانێکی کورت)

هەڵبەت تۆ بە رێگەیەک لە رێگەکان پێوەندیت بە براکەمەوە هەیە، کە لە دەرەوەی وڵاتە.

**رووسا:** من خێزانی ئەوم.

**لێنی:** ئێ، گوێ بگرە، دەمەوێ بزانم تۆ دەتوانیت رای خۆتم پێ بڵێیت. ئەو کاتژمێرە بێزاری کردم. زۆر ناخۆش بوو. لەبەر چکە چکەکەی هەر نەخەوتم. کێشەکە لەوەدابوو، کە من پێم وانەبوو خەتاکە هەر هی کاتژمێرەکەیە. مەبەستم ئەوەیە، کە زۆر شت هەیە بەشەو چکە چک دەکات. تۆ سەرنجت داوە؟ هەموو شتەکان، بەرۆژ، دەتوانین بڵێین شتی ئاساین و هیچی تر. سەخڵەتت ناکەن. بەڵام بەشەو هەر یەکێکیان دەگریت چکە چک دەکات. بەرۆژ، کە سەیریان دەکەیت، شتی ئاساین. لە خاک هێمنترن[٢٢]. بۆیە... شتەکان هەموو وەک یەک وان.... بەهەرحاڵ، ئەو پرسیارەی من، کە دەڵێم کاتژمێرەکە بوو منی بێدار کردەوە، دەیسەلمێنێت، کە گریمانەکە هەڵەیە.

(دەچێتە لای دۆڵابەکە. لە سووراحییەکە نەختێک ئاو دەکاتە ناو پەرداخەکە و دەیداتە رووسا)

(٢٢) لە ئینگلیزییەکە پەندێکی ئینگلیزی بەکار هاتووە، کە دەڵێت "لە مشک هێمنترە". منیش بۆ دەربڕینی هێمنییەکە وام بەباش زانی ئەم پەندە کوردییە بەکار بێنم، کە دەڵێ "لە خاک هێمنترە"

فەرموو، وا بزانم ئەمە بۆ تۆ باشە.

**رووسا:** ئەمە چییە؟

**لێنی:** ئاوە.

(رووسا ئاوەکە وەردەگرێت. چەند قومێ دەخواتەوە. پەرداخەکە لەسەر مێزێکی بچووک دادەنێت لە تەنیشت کورسییەکەی خۆیەوە)

(لێنی سەیری دەکات)

ئایا سەیر نییە؟ من بێجامەم لەبەردایە و تۆش بە تەواوی جلت پۆشیوە؟

(دەچێتە لای دۆڵابەکە و پەرداخێکی تر ئاو تێ دەکات)

منیش پەرداخێک ئاو بخۆمەوە؟ بەڵێ، سەیرە. دوای ئەو هەموو ساڵە جارێکی تر چاوم بە برا گەورەکەم بکەوێتەوە. خۆت دەزانی، بۆ باوکم گوروتینێکە، کە پێویستی پێیەتی. بەیانی، کاتێ چاوی بە کوڕە گەورەکەی دەکەوێت، لە خۆشیانا پێی ناکەوێتە سەر عەرزەکە. من خۆم سەرم سوڕما کاتێ چاوم بە تێدی کەوت. هەر وام دەزانی لە ئەمەریکایە.

**رووسا:** ئێمە بۆ سەردان هاتووینەتە ئەورووپا.

**لێنی:** چی، هەردووکتان؟

**رووسا:** بەڵێ.

**لێنی:** چییە، ئێوە لەوێ پێکەوە دەژین، وانییە؟

**رووسا:** ئێمە ژن و مێردین.

**لێنی:** ئێستاش بە سەردان هاتوونەتە ئەورووپا، وانییە؟ تا ئێستا



سەردانی زۆر شوێنتان کردووە؟

**رووسا:** ئێستا لە ئیتاڵیاوە هاتووین.

**لێنی:** ئێ، کەواتە یەکەم جار چوون بۆ ئیتاڵیا، وانییە؟ دوای ئەوە تۆی بۆ ئێرە هێنا تا بە ئەندامانی خێزانەکەیت بناسێنێت، وا بوو؟ بەهەرحاڵ، من دڵنیام باوکم بە بینینی تۆ دڵی زۆر خۆش دەبێت.

**رووسا:** شتێکی باشە.

(وچانێکی کورت)

**لێنی:** لە ئیتاڵیا بۆ کوێ چوویت؟

**رووسا:** بۆ ڤینیسیا.

**لێنی:** بەڵام نەک ئەو ڤینیسیا رەنگینەی جاران، وانییە؟ شارێکی سەیرە. دەزانی، من هەردەم ئەوەم بە خەیاڵدا هاتووە، ئەگەر لەو شەڕەی دوایی سەرباز بام – بڵێ لەو هێرشەی، کە کرایە سەر ئیتاڵیا – بە دڵنیاییەوە خۆم لە ڤینیسیا دەدۆزییەوە. من هەموو کات بیرم لەمە کردووەتەوە. بەڵام کێشەکە لەوەدا بوو، خۆت دەزانیت ئەو کاتە من بۆ سەربازیی زۆر بچووک بووم. هێشتا هەر منداڵ بووم. زۆر بچووک بووم، ئەگەرنا پلانێکی تۆکمەم هەبوو بەناو ڤینیسیادا تێپەڕ بم. بەڵێ، هەڵبەت لەگەڵ سوپاکەم بەناو ڤینیسیادا تێ دەپەڕیم. سەخڵەت نابیت ئەگەر دەستت بگرم؟

**رووسا:** بۆ؟

**لێنی:** هەربیگرم و هیچی تر.

(هەڵدەستێتە سەر پێ و دەچێتە لای)

هەر بۆ ختووکەیێ.

**رووسا:** بۆ؟

**لێنی:** (بە وردی سەیری دەکات)

ئێستا پێت دەڵێم بۆ.

(وچانێکی کورت)

ماوەیەک لەمەوبەر، هێندە لەمێژ نییە، شەوێک لەسەر شۆستەی دەریا بووم. سەیری پیاوەکانم دەکرد. لە بەندەرەکە ستوونی چارۆگەی کەشتییەکانیان لادەدا و یارییان لەگەڵ دەکرد. کچێک هاتە لام و پێشنیازی خوازبێنیکردنی بۆ کردم. ئەو کچە چەند رۆژێ بوو سۆراخی منی دەکرد. سەروشوێنی منی لێ ون بووبوو. بەهەرحاڵ، دو اجار بەڕاستی گەیشتە لای من. کە منی بینی، ئەو پێشنیازەی کرد. خۆ پێشنیازەکەیشی نابەجێ نەبوو. من بە شێوەیەکی ئاسایی پەسندم دەکرد. مەبەستم ئەوەیە، ئەگەر لە باری ئاساییدا بووایە، پەسندم دەکرد. کێشەکە لەوەدابوو، بە هۆی نەخۆشی ئاوڵەوە پەکی کەوتبوو. بۆیە منیش پێشنیازەکەیم رەت کردەوە. سەیرکە، ئەو کچە لەسەر پێشنیازەکەی خۆی زۆر سوور بوو. بۆیە بەبێ شەرمییەوە، بە هەوەسی خۆی لە ژێر ئەم تاقە لەگەڵ من رەفتاری کرد. هێندە سەربەستی بە خۆی دا، کە من لە ژێر هیچ هەلومەرجێکدا نەمدەتوانی پێشبینیی ئەوە بکەم، کە رێگەی پێ بدەم. بۆیە شەپازللەیەکم پیا کێشا. ئەو کاتە هەموو بیر و هۆشم لەسەر ئەوە بوو، کە خۆم لێی رزگار بکەم. بە



کورتی، بیکوژم. راستی، کاتێ مەسەلەی کوشتن دێتە گۆڕێ، شتەکە ئاساییە، ئاسانە. شۆفێرەکەی، کە شوێنەکەی منی پێشانی ئەو دابوو، چووبووە سووچەکەوە تا شتێک بخواتەوە. کچەکەی لەوێ لەگەڵ من جێ هێشت. بە تەنیا لەگەڵ من، لە ژێر ئەم تاقە. سەیری کەشتییەکانمان دەکرد. هەڵم و هالاویان لێ هەڵدەستا. هیچ کەسێک لەوناوە نەبوو. بەرەی رۆژئاوا کشومات بوو[٢٣]. ئەو رووی لەو دیوارە کردبوو. کە تێم هەڵدا، زۆر خراپ کەوتە خوارەوە. بەهەرحاڵ، با بە کورتی پێت بڵێم. هەموو شتێک بۆ من لەبار بوو بۆ کوشتن. سەبارەت بە شۆفێرەکەش، دڵ لە دڵ مەدە. دەمزانێ هیچ شتێک ئاشکرا ناکات. هاوڕێیەکی کۆنی بنەماڵەکەمان بوو. بەڵام دوا جار بیرم کردەوە... ئۆە، بۆ ئەوەندە سەری تۆش بیەشێنم... خۆت دەزانیت، خۆڕزگارکردن لە لاشەکە و تەواوی ئەو دۆخە، مرۆڤ تووشی نیگەرانی و دڵەڕاوکێ دەکات. بۆیە جارێکی تر پشتێنەقایشەکەم سرەواندە لووتی و دوو شەقیشم تێ هەڵدا و هەر ئاوا جێم هێشت.

(٢٣) لەبەرئەوەی دەستەواژەی "بەرەی رۆژئاوا" لە تێکستە ئینگلیزییەکە بە پیتی گەورە نووسراوە، دوور نییە "پینتەر" لە ناونیشانی ئەو رۆمانەی وەرگرتبێت، کە "ئەریک ماریا" لە ساڵی ١٩٢٨ نووسیویەتی، واتە رۆمانی "بەرەی رۆژئاوا کشوماتە". نووسەر، خۆی، کۆنەسەربازێکی ئەڵمانی بوو لە جەنگی جیهانیی یەکەم و لە بواری شەڕ زۆر شارەزا بوو. بۆیە رۆمانەکەی ئەوپەڕی وردەکاریی تێدایە و زیاتر باس لە رووداوەکانی بەرەی شەڕ لە نێوان بەریتانیا و فەڕەنسا لەگەڵ ئەڵمانییەکان دەکات لە ئەورووپای رۆژئاوا. شایانی باسە، ئەم رۆمانە وەکو فیلمێکی سینەمایش سەرکەوتنی بەدەست هێناوە. (وەرگێڕ)

**رووسا:** چۆن زانیت ئەو کچە نەخۆش بوو؟

**لێنی:** چۆن زانیم؟

(وچانێکی کورت)

من خۆم بڕیارم لەسەر دا.

(بێدەنگی)

تۆ و براکەم تازە بووک و زاوان، وانییە؟

**رووسا:** ئەوە شەش ساڵە ژن و مێردین.

**لێنی:** برای خۆشەویستم، تێدی، هەردەم باشترین برا بووە. تۆ ئەمە دەزانی؟ ئەی دەزانیت، کە ئێمە زۆر شانازی بەوەوە دەکەین. من لەمەشیان دڵنیات دەکەمەوە. پرۆفیسۆری فەلسەفە، هەموو ئەمە... زۆر جێگەی سەرنجە. هەڵبەت ئەو مرۆڤێکی زۆر هەستیارە، وانییە؟ "تێدی" زۆر هەستیارە. من هەموو کاتێ خۆزگەی ئەوەم خواستووە هەر هێندەی ئەو هەستیار بووما، زیاتر نا.

**رووسا:** بەڕاست؟

**لێنی:** بەڵی، بەڵێ بەڵێ. زۆر بە ئاواتەوە بووم. مەبەستم ئەوە نییە بڵێم من هەستیار نیم. هەستیارم. بە کورتی حەزم دەکرد نەختێک زیاتر هەستیار بام.

**رووسا:** حەزت دەکرد؟

**لێنی:** بەڵێ، نەختێک زیاتر و هیچی تر.

(وچانێکی کورت)

مەبەستم ئەوەیە من بۆ دەوروبەر زۆر هەستیارم. بەڵام کاتێ



خەڵک داوایەکی نابەجێم لێ دەکەن، حەز دەکەم بەو ڕادەیە هەستیار نەبم، ئەگەر لە مەبەستەکەم بگەیت. بۆ نموونە، ساڵی پار، رێک لە کریسمس، بڕیارم دا بۆ ئەنجوومەنی شارەوانی "بۆرەف"(٢٤) بەفر رامالم، چونکە ئەو ساڵە بەفر، لێرە لە ئەوروپا، زۆر باری. من بە هیچ جۆرێک ناچار پێویستیم بەوە نەبوو بەفر رابمالم. مەبەستم ئەوەیە، لە رووی داراییەوە هیچ کێشەیەکم نەبوو. تەنیا کارەکەم لا خۆش بوو و هیچی تر. شتێ لە کرۆکەوە بۆ ئەم کارە رای کێشام. ئەوەی زۆر بە پەرۆشەوە چاوەڕوانی بووم، ئەو تووزانەوە تیژ و ختووکەهێنەی "با" ساردەکەی بەیانیان بوو. لەمەیان راست بووم. دەبوو پێڵاوی بەفر لە پێ بکەم و بچم لە دەوروبەری کاتژمێر پێنج و نیوی بەیانی لە سووچەکەوە بوەستم. چاوەڕوانی لۆرییەکە بکەم بێت هەلم بگرێت و بمبا بۆ شوێنی مەبەست. لەسەرما هەر ئەوە بوو رەق نەدەبوومەوە. بەهەرحاڵ، لۆرییەکە هات. خۆم هەڵدایە ناو پاشکۆکەی. گلۆپەکانی داگیرسابوون. کەوتمە ناو لۆرییەکە. ئیتر بە خێرایی رۆیشتین. گەیشتینە جێگەی دیاریکراو. بێڵەکانمان بەرز کردەوە. جگەرەمان داگیرساند. دەستمان بە کارەکە کرد لە ناو ئەو بەفرە چڕەی مانگی دیسەمبەر، چەند کاتژمێرێک پێش بەرەبەیان. ئیتر ئەوە بوو ئەو بەیانییە چێشتەنگاوێکی درەنگ، کاتێک لە چایخانەکەی نزیک خۆمانەوە "چا"م دەخواردەوە، بێڵەکەم بە کورسییەکەم هەڵسپارد بوو، ژنێکی بەتەمەن لێم نزیک بووەوە و داوای لێ کردم بچم

(٢٤) شوێنێکە دەکەوێتە خوارووی رۆژهەڵاتی لەندەن.

یارمەتی بدەم لە گواستنەوەی ئامێری جلگوشینەکەی. ئامێرێکی ئاسن بوو. پێی گوتم، کە شووبراکەی بۆی جێ هێشتووە، بەڵام لە ژووری پێشەوەیە، کە ژوورێکی نەگونجاوە بۆ ئەمە. هەڵبەت ئەو دەیویست لە ژووری پشتەوە بێت. ئەمە دیاری شووبراکەی بوو. ئامێری جلگوشین بۆ سافکردنی جلی شۆراو. لە ژووری پشتەوە جێی هێشتبوو. بەهەرحاڵ، ئەمە گەوجێتییە ئامێری وا لە شوێنی ئاوا جێ بێڵێت. هەڵبەت نەدەکرا لەوێ بێت. بۆیە ماوەیەک مۆڵەتم وەرگرت تا یارمەتی بدەم. ماڵەکەشیان هەر لە سەرووی رێگەکەوە بوو. بەڵام کە گەیشتمە ئەوێ تووشی کێشەیەک هاتم. نەمتوانی ئەو ئامێرە لە شوێنی خۆیا بجووڵێنم. لەوانەیە کێشەکەی نیو تەن دەبوو. من ناتوانم تەنانەت وێنای ئەوەش بکەم چۆن شووبراکەی ئەم ئامێرەی بۆ ئەم شوێنە سەرخستووە. بەهەرحاڵ، من لەوێ بووم. ئیتر شانێکم دایە بەر ئەو ئامێرە. هەر وەختە بوو قۆڕ بم. پیرەکچەکەش لەوێ وەستا بوو. هەر بە دەست ئاماژەی بۆ دەکردم تا بەردەوام بم. وەک سندم کرابێت، لە شوێنی خۆی نەجووڵا. تەنانەت پەنجەیەکیشی، بۆ یارمەتیدانی من، بە ئامێرەکە نەکەوت. منیش نەمهێنا و نەمبرد، دوای چەند خوولەکێک پێم گوت: سەیرکە، تۆ ئەم ئامێرە ئاسنە ناخەیتە قنگتەوە؟ بەهەرحاڵ، گوتم ئەمە باوی نەماوە. بڕۆ بۆ خۆت مەکینەیەکی وشککەرەوە بکڕە. بیرم لەوە دەکردەوە تێی هەڵدەم. بەڵام لەبەرئەوەی بە بەفرڕاماڵینەکە زۆر کەیفخۆش بووم، بۆیە تەنیا مشتەکۆڵەیەکم سرەواندە ورگی و خێرا رام



کرد بۆ دەرەوە و خۆم گەیاندە پاسەکە. ببوورە، ئەو تەپڵەکە جگەرەیەت بۆ لابدەم؟

**رووسا:** رێگەی لە من نەگرتووە.

**لێنی:** بەردەمی پەرداخەکەتی گرتووە. پەرداخەکە خەریکە بکەوێتە خوارەوە. یا تەپڵەکە. دەترسام رایەخەکە پیس بکات. لەبەر من نا، لەبەر باوکم. ئەو هەردەم بیر لە رێکوپێکی و پاک و تەمیزی دەکاتەوە. حەز لە پیس و پۆخڵی ناکات. من پێم وایە ئێستا تۆ جگەرە ناکێشیت، بۆیە دڵنیام لات ئاساییە ئەگەر ئەم تەپڵەکەیە لابەرم.

(تەپڵەکەکە لادەبا)

ئێستا پەرداخەکەت لە کۆڵ دەکەمەوە.

**رووسا:** هێشتا تەواوم نەکردووە.

**لێنی:** پێم وایە ئەوەندەی خواردووتەوە بەسە.

**رووسا:** نەخێر، بەس نییە.

**لێنی:** بە ڕای من ئەوەندە بەسە.

**رووسا:** بەڵام بە رای من بەس نییە، لیۆنارد.

(وچانێکی کورت)

**لێنی:** تکات لێ دەکەم بەم ناوە بانگم مەکە.

**رووسا:** بۆ؟

**لێنی:** ئەمە ئەو ناوەیە، کە دایکم لێی ناوم.

(وچانێکی کورت)

ئێستا پەرداخەکەم پێ بدە.

**رووسا:** نایدەم.

(وچانێکی کورت)

**لێنی:** کەواتە خۆم هەڵی دەگرم.

**رووسا:** ئەگەر تۆ پەرداخەکە هەڵبگریت... منیش تۆ هەڵدەگرم.

(وچانێکی کورت)

**لێنی:** ئەی چۆنە ئەگەر من پەرداخەکە هەڵبگرم بێ ئەوەی تۆ من هەڵبگریت؟

**رووسا:** ئەی بۆ هەر من تۆ هەڵنەگرم؟

(وچانێکی کورت)

**لێنی:** گاڵتە دەکەیت؟

(وچانێکی کورت)

بەهەرحاڵ، تۆ پیاوێکی ترت خۆش دەوێت. بە نهێنییەوە دڵداریت لەگەڵ پیاوێکی تر کردووە. تەنانەت بنەماڵەی پیاوەکەیش بەمەی نەزانێ. پاشان بێ ئەوەی ئاگەدارمان بکەیتەوە، دێیتە ئێرە و کێشە دەنێیتەوە.

**رووسا:** (پەرداخەکەی هەڵدەگرێت و بۆ لای "لێنی" بەرزی دەکاتەوە)

قومێکی لێ دە. دەی قومێکی لێ دە. لە پەرداخەکەی من قومێ بخۆرەوە.

(لێنی لە شوێنی خۆی ناجووڵێت)

وەرە لە باوەشم دانیشە. لەسەرەخۆ قومێکی دوور و درێژیش لێ دە.

(بە ئەسپایی دەست بە دامێنی خۆیا دێنێت)



(وچانێکی کورت)

(هەڵدەستێتە سەر پێ. بەرەو لای ئەو دەچێت. پەرداخەکەی هەر بەدەستەوەیە)

سەرت بۆ دواوە خوار بکەرەوە و دەستیشت بکەرەوە.

**لێنی:** ئەو پەرداخە لە من دوور خەرەوە.

**رووسا:** لەسەر عەرزەکە پاڵ کەوە. دەی پاڵ کەوە. دەیکەم بە گەرووتا.

**لێنی:** ئەوە تۆ چی دەکەیت؟ دەتەوێ بیخۆمەوە؟

**رووسا:** (کەمێک پێ دەکەنێت. پەرداخە ئاوەکە هەڵدەچۆڕێنێت)

ئۆه، زۆر تێنوو بووم.

(بە 'لێنی' پێ دەکەنێت. پەرداخەکە دادەنێت و دەچێتە ناو هۆڵەکە. لە پێبلیکانەکان سەردەکەوێت)

**لێنی:** (دوای 'رووسا' دەکەوێت تا ناو هۆڵەکە بە ئاراستەی پێبلیکانەکان هاوار دەکات)

گوایە ئەمە چی بوو؟ پێشنیازی خواردنەوە بوو؟

(بێدەنگی)

(دەگەڕێتەوە بۆ ناو ژوورەکە. دەچێتە لای پەرداخەکەی خۆی و هەڵی دەچۆڕێنێت)

(دەنگی دەرگە داخستن لە نهۆمی سەرەوە بە توندی دێت)

(گلۆپی تەختایی سەر پێبلیکانەکان داگیرساوە)

**ماکس:** (لە پێبلیکانەکەوە دادەبەزێتە خوارەوە. بێجامەیەکی لەبەردایە و کڵاوێکی لەسەرە. دێتە ناو ژوورەکە)

ئەو چەقە چەقە چیە لێرە؟ سەرخۆشیت؟

(له لێنی رادەمێنێت)

بۆ هاوار دەکەیت؟ شێت بوویت؟

(لێنی پەرداخێکی تر ئاو تێ دەکات)

بەم نیوەشەوە ئەم هات و هاوارەت لە چییە؟ تۆ چیت، وەکو شێت لەبەر خۆتەوە قسەی هەلەق و مەلەق دەکەیت؟

**لێنی:** بە دەنگی بەرز بیرم دەکردەوە.

**ماکس:** جۆی لە خوارەوەیە؟ ئەو هات و هاوارەت لەگەڵ ئەو دەکرد؟

**لێنی:** باوکە، تۆ گوێت لێ نەبوو چیم گوت؟ گوتم بە دەنگی بەرز بیرم دەکردەوە.

**ماکس:** ئەوەندە بە دەنگی بەرز بیرت دەکردەوە منت لە خەو بێدار کردەوە.

**لێنی:** پێم بڵێ، تۆ بۆچی... لە کۆڵم نابیتەوە؟ ها؟

**ماکس:** لە کۆڵت ببمەوە؟ بەم نیوەشەوە لە خەو بێدارم دەکەیتەوە. من وام زانی دز هاتوونەتە سەرمان. وام زانی تۆ چەقۆیەکت پیا کێشاوە. بۆیە هاتمە خوارەوە. تۆش پێم دەڵێی، لە کۆڵم بەوە.

(لێنی دادەنیشێت)

قسەی لەگەڵ یەکێک دەکرد! دەبێ کێ بووبێت؟ خۆ گشتیان خەوتوون، بەڵام گفتوگۆی لەگەڵ یەکێک دەکرد پێم ناڵێ ئەو کەسە کێ بوو قسەی لەگەڵ دەکرد. خۆی وا پێشان دەدات، کە بەدەنگی بەرز بیری دەکردەوە. ئەوە خەریکی چیت؟ یەکێکت لێرە شاردووەتەوە؟

**لێنی:** بەدەم خەوەوە دەڕۆیشتم. بیبڕەوە. بڕۆ بەجێم بێڵە، باشە؟



**ماکس:** پێویستە بۆم روون بکەیتەوە، تێگەیشتیت؟ لێم پرسیت ئەو کەسە کێیە لێرە شاردووەتەوە.

(وچانێکی کورت)

**لێنی:** ئێستا پێت دەڵێم مەسەلەکە چییە، مادامەکی تووڕەیت و کەمێک حەزت لە دەمەتەقێیە. من پرسیارێکت لێ دەکەم. پرسیارێکە، ماوەیەکە دەمەوێ لێت بپرسم. ئەو شەوە... خۆت دەزانیت... ئەو شەوەی منت پەیدا کرد. ئەو شەوە... لەگەڵ دایکم، شەوێکی چۆن بوو؟ ها؟ ئەو کاتە من تەنیا ترووسکەیەک بووم لە چاوت. چۆن بوو؟ رابووردووەکەی چی بوو؟ مەبەستم ئەوەیە، دەمەوێت راستی دەربارەی رابووردووی خۆم، وەکو خۆی بزانم. بۆ نموونە، ئایا راستییەکە ئەوەیە، کە تۆ هەردەم منت لە خەیاڵدا بووە یاخۆ راستییەکە ئەوەیە، کە من دوایین شت بووم بە خەیاڵتا هاتبێت؟

(وچانێکی کورت)

من هەر بۆ ساغکردنەوە ئەم پرسیارەت لێ دەکەم. تێ دەگەیت، وا نییە؟ حەز دەکەم بزانم. زۆر کەس هەن لە تەمەنی من. هەمان ئارەزوویان هەیە. دەزانیت، باوکە؟ زۆر بیری لێ دەکەنەوە. هەندێ جار بە تەنیا و هەندێ جاریش بە کۆمەڵ بیر لە راستییە حاشا هەڵنەگرەکانی ئەو شەوە تایبەتە دەکەنەوە. ئەو شەوەی ئەوان لە خەیاڵی ئەو دوو کەسەدا پەیدا بوون. ئەمە پرسیارێکە، بەڕای من، دەمێکە کاتی وەڵامدانەوەی هاتووە، بەڵام وا ئەمشەو بەڕێککەوت کاتەکە بەیەکەوە بەسەر دەبەین. بۆیە بیرم کردەوە ئەو پرسیارە بە رووتا بتەقێنمەوە.

(وچانێکی کورت)

**ماکس:** تۆ لە ناو خوێنی خۆتا دەخنکێیت.

**لێنی:** ئەگەر حەز دەکەی بە نووسین وەڵامی پرسیارەکەم بدەیتەوە، من لاریم نییە.

(ماکس بە پێوەیە)

دەبوو لە دایکە خۆشەویستەکەم بپرسم. بۆ لە دایکی خۆشەویستم نەپرسی؟ ئێستا زۆر درەنگە بۆ ئەمە. ئەو چوو بۆ دیوەکەی تر.[٢٥]

(ماکس تفێ دەکا بە ڕوویدا)

(لێنی سەری دادەگرێتە خوارەوە و سەیری رایەخەکە دەکات)

**ماکس:** سەیرکە، چیت کرد! دەبێ بەیانی بە گەسک پاکی بکەمەوە، دەزانیت؟

(رووی وەردەگێڕێت و بۆ لای پێبلیکانەکان دەڕوات)

(لێنی بێدەنگ دادەنیشێت)

(شانۆ تاریک دەبێت)

(شانۆ ڕووناک دەبێتەوە)

(بەیانییە)

(جۆی لە بەردەم ئاوێنە وەستاوە. مەشق دەکات. خۆی دەچەمێنێتەوە و لەسەرەخۆ خۆی قیت دەکاتەوە. دەوەستێت. بە وردی قژی شانە دەکات. ئینجا لەگەڵ خۆیا بۆکسبازی دەکات و لە ئاوێنەکە سەیری خۆیشی دەکات. ماکس لە سەروو چەپەوە

(٢٥) واتە مردووە. ئێمە لە کوردی دەڵێین چوو بۆ دنیایەکەی تر.



دێتە ژوورەوە و دادەنیشێت)

(بێدەنگی)

**ماکس:** رقم لەم ژوورەیە.

(وچانێکی کورت)

هەر حەز لە مەتبەخەکە دەکەم. ناو مەتبەخەکە خۆشە. خنجیلانە و گەرمە.

(وچانێکی کورت)

بەڵام ناتوانم زۆر بمێنمەوە. خۆ دەزانی بۆ؟ چونکە ئەو[٢٦] هەر لەوێ قاپ و قاچاخەکان دەشوات و بە کەوچک بنەکانیان دەکرێنێت تا پاکیان بکاتەوە. بەم شێوەیە لە مەتبەخەکە دەرم دەکات. لەبەر ئەمەیە.

**جۆی:** بۆ "چا"کەت ناهێنیتە ئێرە؟

**ماکس:** نامەوێ "چا"کەم بهێنمە ئێرە. حەز ناکەم لێرە بیخۆمەوە. دەمەوێ لەوێ بیخۆمەوە.

(دەچێتە ناو هۆڵەکە و سەیری لای مەتبەخەکە دەکات)

ئەوە چی دەکات لەوێ.

(دەگەڕێتەوە)

سەعات چەندە؟

**جۆی:** شەش و نیوە.

**ماکس:** شەش و نیو.

(وچانێکی کورت)

(٢٦) ئاماژەیە بۆ "سام".

ئەم ئێوارەیە دەمەوێ بچم سەیری یارییەکی تۆپێن بکەم. تۆ ناتەوێ بێیت؟

(وچانێکی کورت)

لەگەڵ تۆمە.

**جۆی:** ئەم ئێوارەیە مەشقم هەیە. شەش جار لەگەڵ "بلاکی" بۆکسێن دەکەم.

**ماکس:** ئەمە لە کاتژمێر پێنج دەست پێ دەکات. بەر لە کاتژمێر پێنج، کاتێکی زۆرت بەدەستەوەیە تا سەیری تۆپێنەکە بکەیت. ئەمە یەکەم یاری ئەم وەرزەیە.

**جۆی:** نەخێر، نایەم.

**ماکس:** بۆ نایەیت؟

(وچانێکی کورت)

(ماکس دەچێتە ناو هۆڵەکە)

سام! وەرە ئێرە!

(ماکس دەگەڕێتەوە ناو ژوورەکە)

**سام:** (دێتە ژوورەوە. پارچە پەڕۆکێکی بەدەستەوەیە) چییە؟

**ماکس:** ئەوە لەوێ لە ژوورەوە چی دەکەیت؟

**سام:** قاپەکان دەشۆم.

**ماکس:** چیی تر؟

**سام:** پاشماوەی خواردنی تۆ فڕێ دەدەم.

**ماکس:** فڕێی دەدەیتە ناو زبڵدانەکە، وانییە؟



**سام:** رێک بۆ ئەوێ.

**ماکس:** دەتەوێت بگەیتە چ ئەنجامێک؟

**سام:** هیچ.

**ماکس:** با، نیازت وایە. تۆ بە دڵت نییە نانی بەیانیان بۆ من ئامادە بکەیت. مەسەلەکە ئەمەیە و هیچی تر، بڵێ وانییە. هەر بۆیە ئاوا لە ناو مەتبەخەکە، ئەو هەموو تەقە تەقە دەکەیت. کەوچکەکە بە توندی لە بنکڕی تاوەکە دەخشێنیت بۆ ئەوەی هەموو پاشماوەکە فڕێ دەیتە ناو زبڵدانەکە. پاشان هەموو قاپەکانیش دەکڕێنیتەوە. ئینجا ئەو "چا"یەی، کە لە بنی قۆرییەکە دەمێنێتەوە فڕێ دەدەیت... گشت بەیانییەک ئەم کارە دەکەیت. من دەزانم سەیرکە، سام دەمەوێ بەڕاستی قسەیەکت بۆ بکەم.

(خۆی لێ نزیک دەکاتەوە)

دەتەوێ دڵت لەو رق و کێنەیە پاک بکەیتەوە، کە بەرامبەر بە من هەڵت گرتووە؟ حەز دەکەم لە هۆکارەکە بگەم. بەڕاستی بیڵێ. هیچ کارێکی ناڕەوات لە من بیستووە؟ نەخێر، هیچ. کە باوکم مرد، پێی گوتم، ماکس ئاگات لە براکانت بێت. ئەمە پوختەی ئەو قسەیە بوو، کە باوکم پێی گوتم.

**سام:** چۆن دەتوانێت ئەو قسەیە بە تۆ بڵێت لە کاتێکا ئەو مردووە؟

**ماکس:** چی؟

**سام:** چۆن دەتونێت قسە بکات ئەگەر ئەو مردبێت.

(وچانێکی کورت)

**ماکس:** پێش ئەوەی بمرێت.. لەسەرەمەرگا. ئەوە دوایین قسەی بوو.

دوایین قسەی پیرۆزی، سامە گیان. نیو چرکە دوای ئەم قسەیەی... بووە جەستەیەکی بێ گیان. وا تێ دەگەیت گاڵتە دەکەم؟ وا تێ دەگەیت ئەگەر باوکم لەسەرەمەرگا قسەیەک بکات، من گوێڕایەڵی پەیامەکەی نابم؟ جۆی، گوێت لێیە؟ ئەمە گوێ بە هیچ شتێک نادات. تەنانەت ئامادەیە بە چاوی سووکەوە سەیری بیرەوەرییەکانی باوکیشم بکات. کورە تۆ لە چی توخمێکی، سەرخۆشی ناپەسند؟ نیوەی کاتی خۆتت بە پڕکردنەوەی وشە یەکتربڕەکان بەسەر برد! تۆمان بردە لای گۆشتفرۆشێک، تەنانەت نەتتوانی تۆز و گەردی عەرزەکە رابماڵیت. "ماک گریگۆر"مان بردە ئەو دووکانە، هەر لە دوای یەک هەفتە توانی کاروباری دووکانەکە بەڕێوە ببات. باشە با من شتێکت پێ بڵێم. من رێزم لە باوکم گرت نەک هەر وەکو پیاوێک، بگرە وەکو گۆشتفرۆشێکی پلە یەکەم! بۆ ئەوەی ئەم قسەیەش بسەلمێنم، لەسەر رێوشوێنی ئەو رۆیشتم و دووکانەکەیم گرتە دەست. هەر لە منداڵییەوە لەسەر دەستی ئەو فێر بووم لاشە پارچە پارچە بکەم. من ناوی باوکم لە ناو خوێنی خۆما زیندوو کردووەتەوە بێ ئەوەی کەس پێم بڵێت. هەر بە ویستی خۆم، سێ کوڕم، نەخێر، سێ پیاوم هێناوەتە دنیاوە. ئەی تۆ چیت کردووە؟

(وچانێکی کورت)

چیت کردووە؟ تۆ گەندە و بێ کەڵکیت.

**سام:** دەتەوێ لە قاپ شتن بیتەوە؟ سەیرکە، هانێ ئەم پارچە پەڕۆکە بگرە.





**ماکس:** بۆیە پێویستە ئەو رق و کینەیە لە دڵدا نەهێڵیت، سام. پاشان خۆ ئێمە براین.

**سام:** پەڕۆکەکەت دەوێت؟ فەرموو بیگرە!

(تێدی و رووسا لە پێپلیکانەکانەوە دادەبەزن. رۆبیان لەبەردایە. بەناو هۆڵەکەدا رەت دەبن و لە ناوەڕاستی ژوورەکە دەوەستن. هەموو ئەوانی تر سەیریان دەکەن)

(جۆی هەڵدەستێتە سەرپێ)

(بێدەنگی)

**تێدی:** (بزە دای دەگرێت)

چۆنی... باوکە... ئێمە زۆر خەوتین.

(وچانێکی کورت)

چێشتی ئەم بەیانییە چییە؟

(بێدەنگی)

(تێدی لەبەر خۆیەوە پێ دەکەنێت)

زۆر خەوتین.

**ماکس:** (رووی لە سام دەکات)

تۆ دەتزانێ تێدی لێرەیە؟

**سام:** نەخێر.

**ماکس:** (رووی لە جۆی دەکات)

ئەی تۆ دەتزانی ئەو لێرەیە؟

(وچانێکی کورت)

لێم پرسیت ئاخۆ تۆ دەتزانی، کە ئەو لێرەیە؟

**جۆی:** نەخێر.

**ماکس:** ئەی کەواتە کێ دەیزانێ؟

(وچانێکی کورت)

من نەمدەزانێ.

**تێدی:** (من دەمویست بێم بۆ خوارەوە، باوکە. ئەو کاتەی تۆ هاتیتە خوارەوە، من ویستم بێمە خوارەوە.

(وچانێکی کورت)

چۆنیت؟

(وچانێکی کورت)

ئۆه... سەیرکە، من... حەز دەکەم تۆ بە...

**ماکس:** تۆ لەکەیەوە هاتوویتە ماڵەوە؟

**تێدی:** زۆر باشە.

**ماکس:** زۆر باشە؟ گاڵتەم پێ دەکەیت. چۆن هاتوویتە ژوورەوە؟

**تێدی:** کلیلم لا بوو.

**ماکس:** (فیکەیەک لێ دەدا و پێ دەکەنێت)

ئەمە کێیە؟

**تێدی:** ئێستا دەمویست تۆ بە ئەو بناسێنم.

**ماکس:** کێ ڕێگەی پێ دایت قەحپە بێنیتە ژوورەوە؟

**تێدی:** قەحپە؟!

**ماکس:** کێ داوای لێ کردوویت قەحپەیەکی بێشەرم بێنیتە ژوورەوە؟

**تێدی:** گوێ بگرە، خۆت گێل مەکە –



**ماکس:** تۆ بە درێژاییی ئەم ڕۆژە لێرە بوویت؟

**تێدی:** بەڵێ. من لە ڤینیسیاوە هاتم بۆ ئێرە –

**ماکس:** یانێ ئێمە بە درێژاییی شەو ئافرەتێکی بۆگەنی شەهوەتپەرستمان لە ماڵەوە بوو.

**تێدی:** بیبڕەوە! تۆ باسی چی دەکەیت؟!

**ماکس:** ئەوە شەش ساڵە قەحپەیەکم نەدیوە. ئەویش، بێ ئەوەی پێمان بڵێت، دەگەڕێتەوە ماڵەوە و دەڵەسەگێکی بەڕەڵڵای سەر شەقام لەگەڵ خۆی دێنێت و لە ماڵی من شەوی لەگەڵ دەباتە سەر!

**تێدی:** ئەوە ژنی خۆمە! ئێمە هاوسەری یەکترین.

(وچانێکی کورت)

**ماکس:** (ڕوو لە تێدی دەکات)

بە شەرەفم، لەوساوە دایکت مردووە تا ئێستا هیچ قەحپەیەکم لەژێر ئەم ساپیتەیە نەبینیوە.

(ڕوو لە جۆی دەکات)

ئایا تۆ تا ئێستا قەحپەیەکت هێناوەتە ئێرە؟ ئایا لێنی تا ئێستا قەحپەیەکی هێناوەتە ماڵەوە؟ لە ئەمەریکا دەگەڕێتەوە، جەستەفرۆشێکی سووک و بێ حەیا لەگەڵ خۆیا دێنێت. فەلیتەیەکی بەدڕەوشت لەگەڵ خۆی دێنێتە ماڵەوە.

(ڕوو لە تێدی دەکات)

ئەم بەڵایە لە من دوور خەرەوە. لە من دووری خەرەوە.

**تێدی:** ئەم ژنە خێزانی منە.

**ماکس:** (ڕوو لە جۆی دەکات)

دەریان بکە دەرەوە.

(وچانێکی کورت)

پرۆفیسۆری فەلسەفە. سام، دەتەوێ پرۆفیسۆرێکی فەلسەفە بناسیت؟

(روو لە جۆی دەکات)

گوتم دەریان بکە دەرەوە.

(وچانێکی کورت)

ئەمە تۆ چیتە؟ کەڕیت؟

**جۆی:** تۆ پیر و خەڕۆ بوویت.

(روو لە تێدی دەکات)

ئەم پیاوە پیر و خەڕۆ بووە.

(لێنی دێتە ژوورەوە. ڕۆبێکی لەبەردایە. دەوەستێت. هەموویان ئاوڕی لێ دەدەنەوە)

(ماکس رووی وەردەگێڕێت و بە توندی دەگەڕێتەوە بۆ دواوە. مشتەکۆڵەیەک لە سکی جۆی دەدا)

(جۆی دەشێوێت. تا ئەوبەری تەختەی شانۆ بەملا و بەولادا دێت)

(ماکس لە ئەنجامی ئەم پاڵبەخۆوەنان و خۆکردنەی بە جۆی، دەکەوێتە خوارەوە. ئەژنۆکانی دەنووشتێنێتەوە. بە توندی گۆچانەکەی دەگرێت)

(سام بەرەو لای ماکس دەچێت تا یارمەتی بدات)

(ماکس بە گۆچانەکەی لە سەری سام دەدات)



(سام دادەنیشێت و سەری دەخاتە ناو هەردوو لەپی دەستییەوە)

(جۆی هەردوو دەستەکانی بە توندی بە سکییەوە گرتووە. لەبەر پێی رووسا دادەنیشێت)

(رووسا سەری دادەگرێتە خوارەوە و سەیری جۆی دەکات)

لێنی و تێدی (کڕو کپن)

جۆی: "لەسەرەخۆ هەڵدەستێتەوە سەر پێ. زۆر لە رووسا نزیکە. رووی وەردەگێڕێت و سەیری ماکس دەکات"

سام: "بە توندی سەری خۆی گرتووە"

ماکس: (هەناسەیەکی قووڵ هەڵدەمژێت و هەڵدەستێتەوە سەرپێ)

جۆی: (بەرەو لای ماکس دەچێت. هەردووکیان سەیری یەکتر دەکەن)

(بێدەنگی)

**ماکس:** (بە بەردەم جۆی تێ دەپەڕێت.. بەرەو لای رووسا دەچێت. بە گۆچانەکەی ئاماژەی بۆ دەکات)

خاتوون.

**رووسا:** (بۆ لای ماکس دەچێت)

بەڵێ.

**ماکس:** (سەیری دەکات)

تۆ بوویتە دایک؟

**رووسا:** بەڵێ.

**ماکس:** چەند منداڵت بووە؟

**رووسا:** سێ.

**ماکس:** (رووی بۆ لای تێدی وەردەگێڕێت)

تێدی، ئەو منداڵانە هی تۆن؟

(وچانێکی کورت)

تێدی، بۆ وەکو جاران باوەش نەکەین بە یەکا و یەکتر ماچ نەکەین، ها؟ وەرە باوەشم پیا بکە و ماچم بکە، باشە؟

(وچانێکی کورت)

ناتەوێ باوکت ماچ بکەیت؟ بۆ باوەش بە باوکتا ناکەیت؟

**تێدی:** دە وەرە، باوکە، وەرە.

(هەنگاوێک لە باوکی نزیک دەبێتەوە)

دە وەرە دەی.

(وچانێکی کورت)

**ماکس:** هێشتا باوکی خۆتت خۆش دەوێت، وانییە؟

(روو لە یەکتر دەکەن)

**تێدی:** وەرە، باوکە، من ئامادەم باوەشت پیا بکەم.

**ماکس:** (خەریکە لەبەرخۆیەوە پێ دەکەنێت. پێکەنینەکە بەرە بەرە دەبێتە قاقا. روو لە لای هەموو ئەندامانی خێزانەکەی دەکات و قسەیان بۆ دەکات)

هێشتا باوکی خۆی خۆش دەوێت.

پـــــەردە



## بەشی دووەم

(دەمەو ئێوارەیە)

(ماکس و تێدی و لێنی و سام لێرە و لەوێ لەسەر تەختەی شانۆن. جگەرە دادەگیرسێنن)

(جۆی لە سەروو چەپەوە دێتە ژوورەوە. سینیەک کووپە قاوەی بەدەستەوەیە)

(رووسا یەکسەر دوای جۆی دێتە ژوورەوە)

(جۆی سینیەکە دادەنێت)

(رووسا یەک یەک قاوە دەداتە پیاوەکان و خۆیشی بە کووپێک قاوەوە دادەنیشێت)

(ماکس بە رووسا پێ دەکەنێت)

**رووسا:** فراوینێکی زۆر بەتام بوو.

**ماکس:** دڵخۆشم، کە بە دڵت بوو.

(روو لە ئەوانی تر دەکات)

گوێتان لێ بوو؟

(روو لە رووسا دەکات)

بەهەرحاڵ دڵنیات دەکەمەوە، کە زۆر پێیەوە ماندوو بووم.

(فڕ لە قاوەکە دەدات)

ئەمەیش کووپە قاوەیەکی زۆر بەتامە.

**رووسا:** مایەی خۆشحاڵیمە.

(وچانێکی کورت)

**ماکس:** من ئێستا هەست دەکەم تۆ باشترین چێشتکەریت.

**رووسا:** خراپ نیم.

**ماکس:** من ئێستا هەست دەکەم تۆ چێشتکەرێکی پلە یەکیت. قسەکەم راستە، تێدی؟

**تێدی:** بەڵێ. رووسا چێشتکەرێکی زۆر کارامەیە.

(وچانێکی کورت)

**ماکس:** دەزانن ماوەیەکی زۆرە ئەندامانی خێزانەکەمان ئاوا بەیەکەوە کۆ نەبوونەتەوە، وانییە؟ خۆزگە دایکیشت لە ژیاندا با. سام، تۆ چی دەڵێیت؟ ئەگەر "جێسی" مابا، چی دەگوت؟ لێرە لەناو هەرسێ کوڕەکانی دادەنیشت. هەرسێ کوڕە گەورەکانی و بووکێکی جوان. تەنیا خەمی ئەوە دەبوو، کە سێ کوڕەزاکەی لێرە نین. ئەگەر لێرەبان، باوەشی پیا دەکردن و قسەی خۆشی بۆ دەکردن، وانییە سام؟ یاری لەگەڵ دەکردن و لە دەوری سەریانەوە دەگەڕا و چیرۆکی بۆ دەخوێندنەوە. ختووکەی دەدان. لێیشیان تووڕە دەبوو.

(روو لە رووسا دەکات)

سەیرکە، هەموو ئەو شتانەی ئەم کوڕانە دەیزانن، ئەو فێرووی کردوون. فێری گشت رەوشت و رەفتارێکی جوانی کردن. دڵنیا بە. هەرچی وردەکاری تایبەت بە رێورەوشتی چاک هەیە، کە لە سەری دەڕۆن، لە دایکیانەوە فێری بوونە. دڵێکی هەبوو. چۆن دڵێک! وانییە سام؟ گوێ بگرە، با چی تر سەرت نەیەشێنم، ئەو ژنە کۆڵەگەی ئەم خێزانە بوو. مەبەستم ئەوەیە، من لە



دووکانەکە بیست و چوار سەعات خەریکی کارکردن بووم. هەموو وڵات دەگەڕام بۆ گۆشت کڕین. لە دەرەوە هەوڵم دەدا پێشکەوم، بەڵام لە ماڵەوە، ژنێکم هەبوو، خاوەنی ویستێکی پۆڵایین، دڵێکی فراوان بوو. ئەی مێشکی، وانەبوو، سام؟

(وچانێکی کورت)

چ مێشکێکی هەبوو!

(وچانێکی کورت)

گوێ بگرە، من، لە بەرامبەر ئەودا، پیاوێکی دەست و دڵتێر بووم. تەنانەت نەمهێشتووە یەک "شلینگ"ی لێ ببڕێ. بیرمە ساڵێکیان، لەگەڵ هەندێ گۆشتفرۆشی پلە و پایەبەرز، کە لەسەر ئاستی ئەوروپا پێوەندیی بەرفراوانیان هەبوو، کەوتمە گفتوگۆ و سەوداکردن. خەریک بوو پێوەندیی هاوڕێیەتییان لەگەڵ ببەستم. بیرمە ئەو شەوە هاتمە ماڵەوە. بێدەنگ بووم. سەرەتا "لێنی"م بردە ناو گەرماوەکە و سەرم شت. ئینجا "تێدی". دوای ئەویش "جۆی"م شت. بەوپەڕی خۆشی و گاڵتەوگەپ و بە یاریکردنەوە کاتەکەمان بردە سەر. کوڕینە، پاشان چوومە خوارەوە و داوام لە "جێسی" کرد پێی بەرز بکاتەوە و بیخاتە سەر ئەسکەمڵەکە ــ ئەو ئەسکەمڵەیە چی لێ هات. ئەوە چەند ساڵە نەمبینیوە ــ پێی لەسەر ئەسکەمڵەکە دانا، ئینجا پێم گوت: جێسی، وابزانم کەشتییەکەمان خەریکە دەگاتە جێ. نیازم وایە دوو دانە شتت بۆ بکڕم. دەمەوێ کراسێکی ژنانەی شینی ئاوریشمت بۆ بکڕم، دامێنەکەی بە قەیتان هەڵچنرابێت و بە مرواری رازاندرابێتەوە. لە بۆنەکاندا

بیکەیتە بەر. لەگەڵ جووتێ پانتۆڵی گوڵگوڵی تافتەی[٢٧] ڕەنگ ئەرخەوانی. پاشان چۆڕێ براندی سووری ئاڵم پێ دا. بیرمە کوڕەکان هەر بە بێجامەوە هاتنە خوارەوە. قژیان دەترووسکایەوە. دەموچاویان پەمەیی بوو. ئەو کاتە هێشتا بۆ یەکەم جار ریشیان نەتاشی بوو. لەبەر پێی هەردووکمان، من و "جێسی" بە چۆکدا چوون. با پێت بڵێم، وەکو کریسمس وابوو.

(وچانێکی کورت)

**رووسا:** ئەی تاقمی گۆشتفرۆشەکان چییان بەسەر هات؟

**ماکس:** تاقمی گۆشتفرۆشەکان؟ ئەوانیش وەکو ئەوانی تر، دەرکەوت تاقمێکی تاوانبارن.

(وچانێکی کورت)

ئەمە جگەرەیەکی خراپە.

(بە پێ جگەرەکە دەکوژێنێتەوە. روو لە سام دەکات)

کەی دەچیت بۆ کارکردن؟

**سام:** هەر ئێستا.

**ماکس:** ئەم ئێوارەیە کارت دەستکەوت، وانییە؟

**سام:** ئا، دەزانم.

**ماکس:** مەبەستت چییە، کە دەڵێی دەزانم؟ ئاخر دوا دەکەویت. کارەکەت لەدەست دەدەیت. دەتەوێ چی بکەیت؟ ئابڕووم ببەیت؟

**سام:** خەمی منت نەبێت.

**ماکس:** دڵم پڕ داخ و خەفەت دەکات ـ داخ و خەفەت ـ تێگەیشتیت؟

(٢٧) ناوی قوماشێکی ئاوریشمە بۆ جلی ژنانە بەکار دێت.



(روو لە رووسا دەکات)

بە درێژاییی ژیانم کاری گۆشتفرۆشیم کردووە. تەور و چەقۆ و تەختەبەردم بەکار هێناوە. تەختەبەرد. تۆ لە مەبەستی من دەگەیت، تەور و تەختەبەرد! هەر بۆ ئەوەی ماڵ و منداڵەکەم لە خۆشیدا بژین. دوو خێزان! دایکم لە ناو جێگەدا کەوتبوو. براکانم گشتیان نەخۆش بوون. دەبوو پارە پەیدا بکەم هەتا پارەی پزیشکی دەروونی بدەم. کتێب بخوێنمەوە. لە نەخۆشییەکان بکۆڵمەوە. هەتا بتوانم رووبەڕووی هەر پێشهاتێکی ناکاو بم، کە لە هەر قۆناغێکا سەر هەڵدەدات. خێزانێکی ئیفلیج و پەککەوتە. سێ کوڕی زۆڵ. ژنێکی دێڵەی قەحپە. باسی ئازار و ئەشکەنجەی منداڵبوون بۆ من مەکە. من ئێش و ئازارەکەیم چەشت. هەتا ئێستایش پێیەوە دەتلێمەوە ـ لەگەڵ هەر وردە کۆکەیەک ئێسقان و کڕکڕاگەی پشتم لەبەریەک دەبنەوە ـ ئەوەتانێ، لێرەیش تووشم بە تووشی برایەکی هیچوپووچی لۆتی و تەوەزەل و هەتیوباز بووە. تەنانەت لە کاتی دیاریکراویشدا ناچێتە سەر ئیش و کاری خۆی. باشترین شۆفێری جیهان. بە درێژاییی ژیانی هەر لە پێشەوە دانیشتووە و بۆ دەربڕینی ئارەزووی جووتبوون بە دەست ئاماژەی کردووە. ئەمە ناو دەنێیت کارکردن؟ ئەم پیاوە گونی خۆی و گێزەر لەیەک جیا ناکاتەوە.

**سام:** تۆ بڕۆ لەوانە بپرسە، کە سەوداگەریم لەگەڵ دەکەن. ئەوان تەنیا داوای من دەکەن.

**ماکس:** ئەی شۆفێرەکانی تر چی دەکەن؟ بە درێژاییی رۆژ هەر دەخەون؟

**سام:** من هەر دەتوانم یەک ئۆتۆمۆبێل لێ بخورم. ناتوانم لەیەک کاتدا داواکاری گشتیان جێبەجێ بکەم.

**ماکس:** هەموو کەسێک دەتوانێت بگاتە تۆ هەر کاتێک مەبەستی بێت. تۆ بۆ نیو دۆلار لەسەر پردی "بلاک فرایەر"(٢٨) دەچەمێیتەوە.

**سام:** من؟

**ماکس:** بۆ دوو شلینگ و دوو چوکلێتی سێو.

**سام:** ئەوە قسەی سووک بە من دەڵێیت. رووی برای خۆی دەشکێنێت. ئێستا دەچم پیاوێک دەگەیەنمە دادگەی هامتۆن. کاتژمێر چوار و چل و پێنج دەقیقە.

**ماکس:** دەتەوێ بزانیت کێ شۆفێر بوو. ماک گریگۆر! ماک گریگۆر شۆفێر بوو.

**سام:** باوەڕ ناکەیت.

**ماکس:** (بە گۆچانەکە ئاماژە بۆ سام دەکات)

ئەو تەنانەت لە شەڕیشدا بەشداری نەکرد. لە شەڕە خوێناویەکەش شەڕی نەکرد.

**سام:** کردم!

**ماکس:** کێت کوشت؟

(بێدەنگی)

(سام هەڵدەستێتە سەر پێ. دەچێتە لای رووسا. دەستی دەگوشێت و لە دەرگەی پێشەوە دەچێتە دەرەوە)

(ماکس روو لە تێدی دەکات)

---

(٢٨) پردێکە لەسەر رووباری "تایمز" لە لەندەن.



کوڕم، چۆن گوزەران دەکەیت؟

**تێدی:** زۆر باش گوزەران دەکەم، باوکە.

**ماکس:** دڵخۆشین کە تۆ گەڕایتەوە لامان.

**تێدی:** باوکە، منیش دڵخۆشم، کە هاتمەوە لاتان.

(وچانێکی کورت)

**ماکس:** دەبوو پێم بڵێیت، کە ژنت هێناوە، تێدی، تا دیارییەکم بۆ بناردیتایە. ئاهەنگەکەتان لە کوێ کرد؟ لە ئەمەریکا؟

**تێدی:** نەخێر، لێرە رۆژێک بەر لەوەی ئێرە جێ بێڵین.

**ماکس:** ئاهەنگێکی گەورەتان ساز کرد؟

**تێدی:** نەخێر، کەسی تیا ئامادە نەبوو.

**ماکس:** تۆ شێتیت. بە منت گوتبا، ئاهەنگێکم بە جلوبەرگی سپییەوە بۆ ساز دەدایت. ئاهەنگێکم لێرە بۆ دەکردیت، سەرتۆپی ئاهەنگەکان با. هەرچەند پارەی تێ چووبا، من بە دڵخۆشییەوە بەڵێنم دەدا بیگرمە ئەستۆ.

(وچانێکی کورت)

**تێدی:** تۆ ئەو کاتە سەرت قاڵ بوو. نەمویست تووشی سەریەشەت بکەم.

**ماکس:** ئاخر تۆ منداڵی خۆمی. نۆبەرەی منیت. هەڵبەت هەموو شتێکم وەلادەنا. سام دەیبردیتە نووسینگە لە "سنایپ". لێنی دەبوو بە برازاوا. گشتمان هەتا لای کەشتییەکە بەڕێمان دەکردیت. مەبەستم ئەوەیە تۆ پێت وایە من ناڕازیم لە ژنهێنانەکەت، وانییە؟ گەوج مەبە.

(روو لە رووسا دەکات)

ئەوە چەند ساڵێکە داوا لە دوو کوڕە جحێڵەکەم دەکەم دوو کچی ناسک بۆ خۆیان بدۆزنەوە، کە بەڕاستی جێگەی بڕوا بن. ئەمە وا لە ژیان دەکات نرخ و بەهای هەبێت.

(روو لە تێدی دەکات)

بەهەرحاڵ، ئێستا چی بووە. تۆ وات کرد. تۆ بۆ خۆت زۆر باش هەڵت بژارد. خێزانێکی جوان و خنجیلانەت پێک هێنا. ڕێبازی ژیانێکی خۆشت گرتەبەر... بۆیە ئەوەی چوو، چوو. بۆ لە بیری نەکەین؟

(وچانێکی کورت)

تێ دەگەیت چی دەڵێم؟ دەمەوێ هەردووکتان بزانن، کە من لە ئێوە رازیم و دوعای خێرتان بۆ دەکەم.

**تێدی:** سوپاس.

**ماکس:** شایانی نییە. چەند ماڵی تر لەم ناوچەیە هەیە پرۆفیسۆری فەلسەفەی تێدا بێت و دابنیشێت کووپە قاوە بخواتەوە؟

(وچانێکی کورت)

**رووسا:** دڵنیام تێدی زۆر بەوە دڵخۆشە... کە تۆ لە من رازیت.

(وچانێکی کورت)

پێم وایە ئەو لەوە دڵنیا نەبوو، کە ئاخۆ لە من رازیت یان نا.

**ماکس:** بەڵام تۆ ژنێکی ناسک و نازداریت.

"وچانێکی کورت"

**رووسا:** من...



**ماکس:** چی؟

(وچانێکی کورت)

چی گوت؟

(هەموویان سەیری رووسا دەکەن)

**رووسا:** من... جیاواز بووم... کە تێدیم بینی... بۆ یەکەم جار.

**تێدی:** نەخێر، وا نەبوو. هەر وەکو ئێستا وابوویت.

**رووسا:** نا، وا نەبووم.

**ماکس:** کێ گوێ بەمە دەدات؟ گوێ بگرە، تۆ پێویستە بۆ ئێستا بژیت؟ خۆت بە چی نیگەران دەکەیت؟ مەبەستم ئەوەیە، بیرت نەچێت ئەم جیهانە، لانی کەم، نزیکەی پێنج هەزار ملیۆن ساڵ کۆنە. کێ دەتوانێت لە رابووردوو بژیت.

(وچانێکی کورت)

**تێدی:** رووسا، بۆمن، پشت و پەنایەکی گەورەیە لەوێ. ئەو ژنێکی نازدار و دایکێکی میهرەبانە. ژنێکی زۆر خۆشەویستە. ژمارەیەکی زۆر هاوڕێی هەیە. ژیانی زانکۆ گرینگە... دڵنیا بە... ژیانێکی زۆر خۆشە. خانوویەکی خنجیلانەمان دابین کردووە... هەموو شتێکمان هەیە... هەموو شتێکمان هەیە، کە بمانەوێت. کەش و هەوایەکی تا بڵێی بووژێنەرە و هاندەرە.

(وچانێکی کورت)

ئەو بەشەی، کە من کاری تێدا دەکەم... زۆر سەرکەوتووە.

(وچانێکی کورت)

سێ کوڕمان هەیە، تێ دەگەیت.

**ماکس:** هەر سێکیان کوڕن؟ سەیر نییە، ها؟ تۆ سێ منداڵت هەیە. منیش سێ. جۆی، تۆ سێ برازات هەیە! تۆ ئێستا مامیت، گوێت لێیە؟ دەتوانی فێری بۆکسێنیان بکەیت.

(وچانێکی کورت)

**جۆی:** (بۆ رووسا)

من بۆکسبازم. ئێواران، دوای ئەوەی لە ئیش و کار دەبمەوە. من بەڕۆژ کاری رووخاندنی تەلار و خانووبەرە دەکەم.

**رووسا:** بەڕاست؟

**جۆی:** بەڵێ. هیوادارم هەموو کاتەکەمی بۆ تەرخان بکەم ئەگەر پێشبڕکێی زۆرانبازییەکان زۆرتر بن.

**ماکس:** (بۆ لێنی)

دەبینی چەندە بە هێمنی قسە لەگەڵ براژنەکەی دەکات؟ ئەمە لەبەر ئەوەیە، کە ژنێکی هۆشیار و خەمخۆرە.

(خۆی بۆ دەچەمێنێتەوە)

ئێستا پێم بڵێ، پێت وایە منداڵەکان بیری دایکیان دەکەن؟

(رووسا سەیری ماکس دەکات)

**تێدی:** هەڵبەت بیری دەکەن. ئەوان دایکیان زۆر خۆش دەوێت. بەم زووانە چاومان پێیان دەکەوێتەوە.

(وچانێکی کورت)

**لێنی:** (بۆ تێدی)

جگەرەکەت کوژاوەتەوە.

**تێدی:** بەڵێ، دەزانم.



**لێنی:** ئاگرت دەوێ؟

**تێدی:** نانا.

(وچانێکی کورت)

هی تۆش کوژاوەتەوە.

**لێنی:** ئۆه، راست دەکەیت.

(وچانێکی کورت)

ئەرێ تێدی، تۆ باسی بڕوانامەی دوکتۆراکەت لە فەلسەفە نەکرد ـ چی دەڵێیتەوە؟

**تێدی:** فەلسەفە.

**لێنی:** باشە، دەمەوێ پرسیارێکت لێ بکەم. هەست دەکەیت لە ئاینی مەسیحی جۆرێک لە بزرکاویی و پچڕپچڕیی لۆجیکانە لە بنەما بنچینەییەکانی خواناسیدا هەبێت؟

**تێدی:** ئەم پرسیارە لە مەودای پسپۆڕیی مندا نییە.

**لێنی:** باشە، تۆ بەم شێوەیە بیر بکەرەوە... خۆ سەخڵەت نابیت هەندێ پرسیارت لێ بکەم، ها؟

**تێدی:** ئەگەر لە چوارچێوەی پسپۆڕیی مندا بێت.

**لێنی:** باشە، تۆ ئاوا سەیری بکە. چۆن کەسێکی نەناسراو شایستەی رێزگرتنە؟ بە واتایەکی تر، چۆن رێزێکی ئێجگار زۆر لە کەسێک دەنێیت، کە هیچ لە بارەیەوە نازانیت؟ لە هەمان کاتدا، شتێکی بێ مانایە وا پێشنیاز بکەیت، کە ئەوەی لای ئێمە ناسراو بێت، شایستەی رێزلێنانە. ئەوەی لای ئێمە ناسراوە شایستەی کۆمەڵێ شتە، بەڵام بە دڵنیاییەوە رێزلێنان لە ناو

ئەم کۆمەڵە شتەدا نییە. بە واتایەکی تر، بەدەر لەوەی، کە ناسراوە یا نەناسراوە، چی تر هەیە؟

(وچانێکی کورت)

**تێدی:** وا بزانم من ئەو کەسە گونجاوە نیم، کە ئەم پرسیارەی ئاراستە بکرێت.

**لێنی:** ئاخر تۆ پرۆفیسۆریت. دەی راشکاو بە. تۆ چۆن لە کرداری بوون و نەبوون دەگەیت؟

**تێدی:** چۆن لە کرداری بوون و نەبوون دەگەیت؟

**لێنی:** باشە، بۆ نموونە، ئەم مێزە بگرە. لە رووی فەلسەفییەوە چییە؟

**تێدی:** مێزە.

**لێنی:** ئەها، تۆ مەبەستت ئەوەیە، کە هەر مێزە و هیچی تر. با پێت بڵێم، هەندێ خەڵک هەن ئێرەیی بەم دڵنیابوونەی تۆ دەبەن، وانییە جۆی؟ بۆ نموونە من دوو هاوڕێم هەیە. هەردەم بەیەکەوە لە مەیخانەی "ریتز" دادەنیشین. دەخۆینەوە. ئەوان زۆر جار قسەی ئاوا دەکەن. تێ دەگەیت؟ قسەی ئاوا: ئەم مێزە بگرە. بیگرە. باشە، من دەڵێم بیگرە. مێزەکە بگرە. بەڵام کە گرتت چی لێ دەکەیت؟ کە دەستت لێ گیر کرد، بۆ کوێی دەبەیت؟

**ماکس:** دوور نییە بیفرۆشیت.

**لێنی:** پارەیەکی زۆرت بۆ ناکات.

**جۆی:** پارچە پارچەی بکە بۆ سووتان.

(لێنی سەیری دەکات و پێ دەکەنێت)

**رووسا:** لەگەڵ ئەوەشدا، زۆر دڵنیا مەبە. شتێکت بیر چوو. سەیری من



بکە. من قاچەکانم دەجووڵێنم. هەر ئەوەیە و هیچی تر. بەڵام من جلی ژێرەوەم... لەبەردایە، کە لەگەڵم دەلەرێنەوە. ئەم لەرانەوەیە سەرنجی تۆ دەپێکێت. دوور نییە تۆ لێکدانەوەیەکی هەڵەی بۆ بکەیت. مەسەلەکە ئاساییە. ئەمە قاچە و دەجووڵێتەوە. لێوەکانم دەجووڵێنەوە. تۆ بۆچی سەرنجەکانت لەمە چڕ ناکەیتەوە؟ دوور نییە جووڵانەوەکە، بەڕاستی پڕ ماناتر بێت لەو وشانەی، کە لە لێوەکانەوە دێنە دەرەوە. تۆ پێویستە ئەم ئەگەرە لە بیر نەکەیت.

(تێدی هەڵدەستێتە سەرپێ)

من لە شوێنێکی نزیک ئێرەوە لە دایک بووم.

(وچانێکی کورت)

پاشان... شەش ساڵ پێش ئێستا چووم بۆ ئەمەریکا.

(وچانێکی کورت)

هەمووی تاشەبەردە، لە. بە هەر لایەکدا بڕوانیت... هەتا چاو بڕ دەکات درێژ دەبێتەوە.

(وچانێکی کورت)

زۆر جڕوجانەوەریشی تێدایە.

"وچانێکی کورت"

زۆر جڕوجانەوەریشی تێدایە.

"بێدەنگی"

(رووسا هێشتا هەر بێدەنگە)

**ماکس:** (هەڵدەستێتە سەر پێ)

دەی ئێستا کاتی ئەوەیە بچیت بۆ مەشقکردن. کاتی

مەشقکردنەکەتە، جۆی.

**لێنی:** (هەڵدەستێتە سەر پێ)

منیش لەگەڵ تۆ دێم.

(جۆی دادەنیشێت. سەیری رووسا دەکات)

**ماکس:** جۆ!

(جۆی هەڵدەستێتە سەرپێ)

(هەر سێکیان دەڕۆنە دەرەوە)

(تێدی لە تەنیشت رووسا دادەنیشێت. دەستی دەگرێت)

(رووسا بە رووی تێدی پێ دەکەنێت)

(وچانێکی کورت)

**تێدی:** وا بزانم ئێمە دەگەڕێینەوە. دەڵێی چی؟

(وچانێکی کورت)

بگەڕێینەوە بۆ ماڵی خۆمان؟

**رووسا:** بۆ؟

**تێدی:** ئاخر ئێمە هەر بۆ چەند رۆژێک هاتین بۆ ئێرە، وانەبوو؟ پێم وایە دەتوانین... دوایی پێ بێنین.

**رووسا:** بۆ؟ ئێرەت بەدڵ نییە؟

**تێدی:** هەڵبەت بەدڵمە، بەڵام حەز دەکەم بگەڕێمەوە و منداڵەکانم ببینم.

(وچانێکی کورت)

**رووسا:** بنەماڵەکەی خۆتت خۆش ناوێت؟

**تێدی:** کامە بنەماڵە؟



**رووسا:** ئەم بنەماڵەیەی ئێرە.

**تێدی:** هەڵبەت خۆشم دەوێن. تۆ باسی چی دەکەیت؟

(وچانێکی کورت)

**رووسا:** تۆ ئەوەندە خۆشت ناوێن وەکو باست دەکرد.

**تێدی:** هەڵبەت خۆشم دەوێن. هەڵبەت من... خۆشم دەوێن. من نازانم تۆ دەتەوێ چی بڵێیت.

(وچانێکی کورت)

گوێ بگرە، تۆ دەزانیت ئێستا لەوێ چ کاتێکە، وانییە؟

**رووسا:** چ کاتێکە؟

**تێدی:** بەیانییە. کاتژمێر نزیکەی یازدەیە.

**رووسا:** بەڕاست؟

**تێدی:** بەڵێ. شەش کاتژمێر لە دوای ئێمەوەن... مەبەستم... لە دوای ئەو کاتەی ئێرەن. ئێستا کوڕەکان لە مەلەوانگەن... مەلەوانی دەکەن. بیری لێ بکەرەوە. لەوێ بەیانییە. خۆرەتاوە. بۆ هەرکوێ بمانەوێت دەڕۆین، تێ دەگەیت؟ ئەوێ زۆر پاک و خاوێنە.

**رووسا:** پاک و خاوێنە!

**تێدی:** بەڵێ.

**رووسا:** بۆ ئێرە پیسە؟

**تێدی:** نا، هەڵبەت پیس نییە، بەڵام ئەوێ خاوێنترە.

(وچانێکی کورت)

سەیرکە، من هەر بۆ ئەوە تۆم هێنا بۆ ئێرە تا بە بنەماڵەکەم

بتناسێنم، وانەبوو؟ ئێستا ئەوانت ناسی. بۆیە دەتوانین بگەڕێینەوە. پشووی پایز بەم زووانە دەست پێ دەکات.

**رووسا:** تۆ پێت وایە ئێرە پیسە؟

**تێدی:** من نەمگوتووە ئێرە پیسە.

(وچانێکی کورت)

من وام نەگوتووە. سەیرکە، من وا دەچم خۆم کۆ دەکەمەوە. تۆ ماوەیەک پشوو بدە، باشە؟ ئەوان لانی کەم هەتا نیو کاتژمێری تر ناگەڕێنەوە. دەتوانی بخەویت. پشوو بدەیت، تکایە.

(رووسا سەیری تێدی دەکات)

که گەڕاینەوە ئەوێ، دەتوانیت لە وانەبێژییدا یارمەتیم بدەیت. حەز دەکەم. بەڕاستی سوپاست دەکەم. دەتوانین هەتا مانگی ئۆکتۆبەر مەلەوانی بکەین. خۆت ئەمە باش دەزانیت. لێرە شوێنێک نییە مەلەوانی تێدا بکەین تەنیا ئەو مەلەوانگەیە نەبێت، کە لە خوارووی شەقامەکەدایە. خۆشت دەزانی چۆنە. هەر دەڵێی دەفری میزتێکردنە. دەفرێکی پیس و پۆخڵ!

(وچانێکی کورت)

شاری ڤینیسیات بەدڵ بوو؟ ها؟ شارێکی دڵگیرە، وانییە؟ هەفتەیەکی خۆشت تێدا بەسەربرد... مەبەستم ئەوەیە... تۆم برد بۆ ئەوێ. دەزانم بە ئیتاڵی قسە بکەم.

**رووسا:** ئەگەر من وەکو پەرستیار لە ناو ئەو سوپایە بام، کە هێرشی کردە سەر ئیتاڵیا، بەر لە ئێستا ڤینیسیام دەبینی.

(وچانێکی کورت)

**تێدی:** تۆ بۆ خۆت پشوو بدە. من دەچم خۆم کۆ دەکەمەوە.



(دەڕواتە دەرەوە. لە پێبلیکانەکان سەردەکەوێت)

(رووسا چاوەکانی دادەخات)

(لێنی لە سەرووی چەپەوە دەردەکەوێت. دێتە ناو ژوورەکە و لە تەنیشت رووسا دادەنیشێت)

(رووسا چاوەکانی دەکاتەوە)

(بێدەنگی)

**لێنی:** ئەها، وا بەرەبەرە ئێوارە دادێت.

**رووسا:** ئا، خەریکە تاریک دەبێت.

(وچانێکی کورت)

**لێنی:** هەر بزانە زستان گەیشتە سەر سەرمان. کاتی ئەوەیە مرۆڤ جلوبەرگەکانی تازە بکاتەوە.

(وچانێکی کورت)

**رووسا:** ئەمە شتێکی باشە، مرۆڤ بیکات.

**لێنی:** چی؟

(وچانێکی کورت)

**رووسا:** من هەردەم...

(وچانێکی کورت)

حەز لە جلوبەرگ دەکەیت؟

**لێنی:** ئا، بەڵێ. زۆر حەز لە جلوبەرگ دەکەم.

**رووسا:** من مەراقم...

(وچانێکی کورت)

رات چییە بە پێڵاوەکانم؟

**لێنی:** زۆر جوانن.

**رووسا:** نا، من لەوێ جووتێکی ئاوام دەست ناکەوێت.

**لێنی:** لەوێ دەستت ناکەوێ، ها؟

**رووسا:** نەخێر... لەوێ دەستم ناکەوێ.

(وچانێکی کورت)

پێش ئەوەی بچم بۆ ئەمەریکا، مۆدیلکاریم دەکرد.

**لێنی:** هی شەبقە؟

(وچانێکی کورت)

جارێکیان شەبقەیەکم بۆ کچێک کڕی. لە ناو قاوغێکی شووشە بوو. لە دووکانێکدا. با پێت بڵێم چی پێوە بوو. چەپکێک گوڵی نێرگزی پێوە بوو. بە ئاوریشمێکی رەشی لوول و پێچ بەسترابووەوە. هەمووی بە کڵاوێکی رەشی زۆر تەنک و روون داپۆشرابوو. کڵاوێکی قۆقزی تەنک. دەزانیت، هەر لە خۆی دەوەشایەوە.

**رووسا:** نەخێر، من بە جەستە مۆدێلکاری جلوبەرگم دەکرد. هەر بۆ وێنەگرتن نمایشی جلوبەرگم دەکرد.

**لێنی:** کارەکەت لە ژوورەوە بوو؟

**رووسا:** ئەوە پێش ئەوە بوو منداڵم ببێت.

(وچانێکی کورت)

نا، هەموو کات هەر لە ژوورەوە نەبوو.

(وچانێکی کورت)

جارێک یا دوو جار، هەر لێرە چووینە شوێنێک. بە شەمەندەفەر



چووین. نا شەش یا حەوت جار چووین. گشت جارێک بەلای تانکییەکی زۆر بەرزی ئاودا تێ دەپەڕین. لەو شوێنە... خانوویەکی زۆر گەورە هەبوو، درەخت و دەریاچەی تێدا بوو. ئینجا... ئێمە بە باریکە رێگەیەکدا دەڕۆیشتین... رێگەکە هەمووی هەر بەرد بوو. ئا، کەمێک بوەستە، بەڵێ... کاتێ لە ناو خانووەکە خۆمان دەگۆڕی، هەندێ دەمانخواردەوە. خواردنەوەی جۆراوجۆری تێدا بوو.

(وچانێکی کورت)

هەندێ جار لە ناو خانووەکە دەمماینەوە، بەڵام زۆر جار دەچووینە سەر دەریاچەکە، وێنەی نمایشکردنی جلوبەرگەکانمان لەوێ دەگرت.

(وچانێکی کورت)

ئا، رێک پێش ئەوەی بچم بۆ ئەمەریکا، بۆ ئەو شوێنە چووم. لە وێستگەکە رۆیشتم تا گەیشتمە دەروازەکە و لەوێوە رێگەی ئۆتۆمۆبێلەکانم گرتەبەر. گلۆپەکان داگیرسابوون... لەسەر رێگەکە وەستام... خانووەکە زۆر رووناک بوو.

**تێدی:** (لە پێپلیکانەکان دێتە خوارەوە. جانتاکانی هەڵگرتووە. لەسەر عەرزەکە دایان دەنێت. سەیری لێنی دەکات)

ئەوە چیت بە رووسا دەگوت؟

(دەچێتە لای رووسا)

هانێ ئەمە پاڵتۆکەتە.

(لێنی دەچێتە لای سەندووقی گرامافۆنەکە. قەوانێک دەخاتەسەر، کە مۆسیقایەکی نەرم پەخش دەکات)

**رووسا:** دەی، بیخەرەسەر.

**لێنی:** (بۆ رووسا)

رات چییە سەمایەک بکەین پێش ئەوەی بڕۆیت؟

**تێدی:** وا دەڕۆین.

**لێنی:** هەر یەک سووڕ و هیچی تر.

**تێدی:** نا، دەڕۆین.

**لێنی:** یەک سووڕ سەما لەگەڵ شووبراکەی خۆی دەکات پێش ئەوەی بڕوات.

(خۆی بۆ دەچەمێنێتەوە)

دە فەرموویت، خانم؟

(رووسا هەڵدەستێتە سەرپێ)

(بە نەرمییەوە سەما دەکەن)

(تێدی هەڵدەستێتە سەرپێ. پاڵتۆکەی رووسا بە دەستیەوەیەتی)

(ماکس و جۆی لە دەرگەی پێشەوە دێنە ژوووورەوە. بە پێوە دەوەستن)

(لێنی رووسا ماچ دەکات. هەر بەدەم ماچکردنەوە بە پێوە دەوەستن)

**جۆی:** بە مەسیح ئەم ژنە زۆر کراوەیە. باوکە، سەرنجدە.

(وچانێکی کورت)

قەحپەیە.

(وچانێکی کورت)



لێنی برام قەحپەیەکی لێرە چنگ کەوت.

(جۆی دەچێتە لایان. دەستی رووسا دەگرێت. بە لێنی پێ دەکەنێت. لەگەڵ رووسا لەسەر قەنەفەکە دادەنیشێت. باوەشی پیا دەکا و ماچی دەکات. سەری بەرز دەکاتەوە و سەیری لێنی دەکات)

ئەمە هەر بۆ من باشە.

"بۆ پێشەوە دەیچەمێنێتەوە هەتا رووسا بەتەواوی دەکەوێتە ژێریەوە. ماچی دەکات. سەری بەرز دەکاتەوەو سەیری ماکس و لێنی دەکات"

ئەمە لە تێهەڵسوون چاکترە.

(لێنی لەسەر لێواری قەنەفەکە دادەنیشێت. دەست بە قژی رووسادا دێنێت کاتێ کە جۆی باوەشی پیا دەکات)

**ماکس:** (دێتە پێشەوە. سەیری جانتاکان دەکات)

دەڕۆیت تێدی؟ ئێستا؟

(وچانێکی کورت)

باشە، کەی جارێکی تر دەگەڕێیتەوە ئێرە، ها؟ سەیرکە، جاری داهاتوو، کە هاتیتەوە، بیرت نەچێت پێشتر پێمان رابگەیەنە ئاخۆ ژنت هێناوە یان نا. با بزانین. من هەردەم دڵخۆش دەبم چاوم بە ژنەکەت بکەوێت. بەڕاستمە. دڵنیابە.

(جۆی بە هەموو قورساییەکەوە لەسەر رووسا پاڵ دەکەوێت. بە تەواوی کپ و بێدەنگ دەبن)

(لێنی دەست بەناو قژی رووسادا دەبات)

گوێ بگرە، تۆ پێت وایە من نازانم بۆ پێم ناڵێیت، کە ژنت

هێناوە؟ من چاک دەزانم بۆ پێم ناڵێیت. تۆ شەرمت کرد. پێت وابوو من تووڕە دەبم، چونکە ژنێکت هێناوە لە ئاستی خۆت نزمترە. دەبووایە باشتر من بناسیت. من کەسێکی کراوەم. پیاوێکی مێشک کراوەم.

(لە دەموچاوی رووسا ورد دەبێتەوە، کە لە ژێر جۆی پاڵ کەوتووە. رووی بۆ لای تێدی وەردەگێڕێت)

با پێت بڵێم، رووسا کچێکی جوان و ناسکە. ژنێکی شۆخ و شەنگە. بێجگە لەمەش، دایکە. دایکی سێ منداڵە. تۆ رووسات بەختەوەر کردووە. ئەمە مایەی شانازییە. دیارە ئێمە باسی ژنێکی باش دەکەین، ژنێکی پڕ هەست و سۆز.

(جۆی و رووسا لەسەر قەنەفەکە بۆ سەر عەرزەکە گلۆر دەبنەوە. جۆی بە توندی باوەشی پیا کردووە)

(لێنی لە جۆی و رووسا نزیک دەبێتەوە و بەسەر سەریانەوە دەوەستێت. سەری دادەگرێتە خوارەوە و سەیریان دەکات. پێی لە لەشی رووسا دەخشێنێت)

(رووسا لەپڕێکا پاڵێک بە جۆی دەنێت و هەڵدەستێتە سەر پێ)

(جۆی هەڵدەستێتەوە سەر پێ و لە رووسا رادەمێنێت)

**رووسا:** شتێکم دەوێ بیخۆم.

(روو لە لێنی دەکات)

حەز دەکەم شتێ بخۆمەوە. هیچ خواردنەوەیەکتان هەیە؟

**لێنی:** خواردنەوەمان هەیە.

**رووسا:** حەز دەکەم بخۆمەوە. بێ زەحمەت.

**لێنی:** چ خواردنەوەیەکت دەوێ؟



**رووسا:** ویسکی.

**لێنی:** ویسکیمان هەیە.

(وچانێکی کورت)

**رووسا:** باشە، دە بیهێنە.

(لێنی دەچێتە لای دۆڵابەکە. بوتڵێک و چەند پەرداخێک دەردێنێت)

(جۆی دەچێتە لای رووسا)

رووسا: مۆسیقاکە راگرە.

جۆی (سەیری دەکات. دەگەڕێتەوە. مۆسیقاکە رادەگرێت)

**رووسا:** شتێکم دەوێ بیخۆم.

(وچانێکی کورت)

**جۆی:** من نازانم چێشت لێ بنێم.

(ئاماژە بۆ ماکس دەکات)

ئەو چێشتکەرە.

**لێنی:** (پەرداخێک ویسکی بۆ رووسا دێنێت)

سۆدای لەگەڵ بێت؟

**رووسا:** ئەمە چ پەرداخێکە. من ناتوانم لە ناو ئەم پەرداخە بخۆمەوە. پەرداخی پانتان هەیە؟

**لێنی:** بەڵێ.

**رووسا:** دەباشە، لە ناو پەرداخێکی پان بۆم بێنە.

(پەرداخەکە دەگەڕێنێتەوە. ویسکییەکە لە ناو پەرداخێکی پان دەکات و بۆی دێنێت)

**لێنی:** یەکسەر بە سەهۆڵەوە یان هەروا سادە بێت؟[۲۹]

**رووسا:** ئاو هاتنەوە؟ تۆ چی لە ئاو هاتنەوە دەزانیت؟

**لێنی:** سەهۆڵی بەستوومان هەیە، بەڵام لە ناو سەلاجەکە رەق بوونە.

**رووسا:** "دەخواتەوە"

**لێنی:** (سەیری کەسەکانی دەوروبەری دەکات)

هەمووتان دەخۆنەوە؟

(دەچێتە لای دۆلابەکە و ویسکی تێ دەکات)

**جۆی:** (نەختێکی تر لە رووسا نزیک دەبێتەوە)

چ خواردنێکت دەوێ؟

**رووسا:** (لە ناو ژوورەکە دەسووڕێتەوە. روو لە تێدی دەکات)

باوک و براکانت بەرهەمە رەخنەییەکانی تۆیان خوێندووەتەوە؟

**ماکس:** من تا ئێستا شتی ئاوام نەکردووە. تا ئێستا یەک بەرهەمی رەخنەییشم نەخوێندووەتەوە.

**تێدی:** بیشتخوێندبانەوە تێیان نەدەگەیشتیت.

(لێنی ویسکی بە هەمووان دەدات)

---

(۲۹) پینتەر لەم حیوارەدا یاری بە وشەی "rocks" دەکات، کە لە دەستەواژەی "on the rocks" بەمانای خواردنەوەی ویسکی بە سەهۆڵەوە، واتە بەبێ روونکردنەوە دێت. لێنی بەم مانایە دەستەواژەکە بەکار دێنێت، بەڵام رووسا، لە وەڵامدا تەنیا وشەی "rocks" بەکار دێنێت. ئەمەیش ئاماژەیەکی سێکسی هەیە و منیش بە دەستەواژەی "ئاو هاتنەوە"_ ئەم ئاماژەیەم دەربڕیوە. تەنانەت وشەی "رەقبوون" یش، کە لێنی وەک ئاماژەیەک بۆ تەبەقە سەهۆڵی ناو سەلاجەکە بەکاری دێنێت، ئاماژەیەکی سێکسی هەیە و بە مانای رەقبوونی ئەندامی نێرینە دێت. (وەرگێڕ)



**جۆی:** چ خواردنێکی دەوێ؟ بەهەرحاڵ من چێشتکەر نیم.

**لێنی:** تێد، سۆدات دەوێ؟ یان هەر سادە بێت؟

**تێدی:** تۆ لە بەرهەمەکانی من ناگەیت. تەنانەت بچووکترین سەرەداویشت دەربارەی راوبۆچوونەکانی ناو بەرهەمەکان دەست ناکەوێت. لە ئاماژەکانی ناگەیت. تۆ لە دواوەیت. ئێوە هەمووتان هەر وان. ئەگەر بەرهەمەکانم بۆ ئێوە ناردبا، هیچ سوودێکی نەدەبوو. سەرتان لێیان دەرنەدەچوو. ئەمە هیچ پێوەندیی بە مەسەلەی زیرەکییەوە نییە. بگرە دەوەستێتە سەر ئەوەی تۆ بە چ شێوەیەک جیهان دەبینیت. تا چەند توانای کارکردنت هەیە لە ناو شت نەک لەسەر شت. مەبەستم ئەوەیە تا چەند دەتوانیت هەردووکیان بە یەکتر ببەستیتەوە. هاوتەریبیان بکەیت. هاوسەنگیان بکەیت. بە چاو ببینیت. توانای بینینت هەبێت. من کەسێکم، توانای بینینم هەیە. بۆیە، دەتوانم بەرهەمە رەخنەییەکانم بنووسم. هیوادارم سوودیان بۆ تۆ هەبێت. سەیرێکیان بکە... بزانە خەڵک چەندە بە دڵنیاییەوە شت دەبینن، چەندە بە دڵنیاییەوە دەتوانن هاوسەنگی مێشکیان رابگرن. هاوسەنگی مێشک. ئێوە وەکو چەند تەنێکی هەستپێکراو وان و هیچی تر. هەر... بەملا و بەولادا دەسووڕێنەوە. من تێبینی ئەوە دەکەم. دەبینم ئێوە چی دەکەن. هەر هەمان ئەو شتەی، کە من دەیکەم. بەڵام ئێوە لەناویا ون بوون، سەرتان لێ شێواوە. تۆ ناتوانیت وا لە من بکەیت... من لەناویا ون نابم.

(شانۆ تاریک دەبێت)

(شانۆ ڕووناک دەبێتەوە)

(ئێوارەیە)

(تێدی دانیشتووە. پاڵتۆکەی لەبەردایە. جانتاکان لە تەنیشتییەوەیە. سام لەوێیە)

**سام:** تێدی، ماک گریگۆرت بیر دێتەوە؟

**تێدی:** ماک؟

**سام:** بەڵێ.

**تێدی:** هەڵبەت بیرم دێتەوە.

**سام:** رات چی بوو بەرامبەر بە ئەو؟ خۆشت دەویست؟

**تێدی:** بەڵێ. زۆر خۆشم دەویست، بۆ؟

(وچانێکی کورت)

**سام:** خۆت دەزانی، تۆ لە ناو کوڕەکان هەردەم لە گشتیان باشتر بوویت لای من. هەردەم.

(وچانێکی کورت)

ئەو نامەیەی لە ئەمەریکاوە بۆ منت نووسی، زۆر کاری تێ کردم. ئاخر تۆ چەند جارێک نامەت بۆ باوکت نارد. بەڵام هەرگیز نامەت بۆ من نەنووسیبوو. کەچی پاشان ئەو نامەیەم لە تۆوە پێ گەیشت... ئۆه، چەندە کاری تێ کردم. بە باوکتم نەگوت. هەرگیز پێم نەگوت، کە تۆ نامەت بۆ من ناردووە.

(وچانێکی کورت)

(بە چرپەوە)

تێدی، شتێکت پێ بڵێم؟ تۆ هەردەم خۆشەویستترین کەس



بوویت لای دایکت. ئەو خۆی پێی گوتم. قسەکەی راست بوو. تۆ هەردەم... هەردەم مایەی گەورەترین خۆشەویستی بوویت بۆ ئەو.

(وچانێکی کورت)

بۆ دوو هەفتەی تریش لێرە نامێنیتەوە؟ بۆ خۆمان بە خۆشی دەیبەینە سەر.

**لێنی:** (لە دەرگەی پێشەوە دەردەکەوێت و دێتە ناو ژوورەکە)

تێد، هێشتا لێرەیت؟ بە سێمیناری یەکەم راناگەیت، دوادەکەویت.

(دەچێتە لای دۆڵابەکە. دەیکاتەوە. بە وردی سەیری راست و چەپی ناوەوەی دەکات. دەوەستێت)

کوا بۆبۆڵە پەنیرەکەم؟

(وچانێکی کورت)

یەکێک بابۆڵە پەنیرەکەی منی بردووە. لەوێ دام نابوو.

(بۆ سام)

تۆ دزیوتە؟

**تێدی:** لێنی، من بابۆڵە پەنیرەکەی تۆم برد.

(بێدەنگی)

(سام سەیری لێنی دەکات. شەبقەکەی هەڵدەگرێت و لە دەرگەی پێشەوە دەڕواتە دەرەوە)

"بێدەنگی"

**لێنی:** تۆ بابۆڵە پەنیرەکەی منت برد؟

**تێدی:** بەڵێ.

**لێنی:** من خۆم ئەو بابۆڵەیەم کرد. کولێرەکەم کەرت کرد. ئینجا کەرەم تێ هەڵسوو. پەنیرەکەیشم قاش قاش کرد و خستمە نێوان هەردوو کەرتەکە. پاشان لە ناو قاپێکا دام نا و خستمە ناو دۆڵابەکە. پێش ئەوەی بچم بۆ دەرەوە، هەموو ئەمانەم کرد. ئێستاش وا هاتمەوە. تۆ خواردووتە.

**تێدی:** باشە، دەتەوێ دەربارەی ئەمە چی بکەیت؟

**لێنی:** چاوەڕوان دەکەم داوای لێبووردن لە من بکەیت.

**تێدی:** بەڵام، لێنی، من بە ئەنقەست بردم.

**لێنی:** مەبەستت ئەوەیە بە هەڵە نەتدۆزیوەتەوە.

**تێدی:** نەخێر. من بینیم تۆ لەوێ دات نا. برسیم بوو. بۆیە خواردم.

"وچانێکی کورت"

**لێنی:** ئەمە کردەوەیەکی بێشەرمانە و بێ ئابڕووانەیە.

(وچانێکی کورت)

چ شتێک وای لێ کردووی ئاوا بیت... بەرامبەر بە براکەت قین لە دڵ بیت؟ من سەرم سوڕماوە.

(وچانێکی کورت)

باشە، تێد، من دەڵێم ئەم رەفتارە راستییەکە وەکو خۆی دەخاتە بەردەست، وانییە؟ ئەمە وەرەقەیەکی راستەقینەی یاریکردنە لەسەر مێز. مەبەستم ئەوەیە، ئێمە ئێستا لە وڵاتێکین هیچ دەسەڵاتێکی تیا قەدەغە ناکرێت. باشە، تۆ لێکدانەوەت بۆ ئەمە چییە؟ بچیت ئەو بابۆڵە پەنیرە بدزیت، کە



برا لە خۆت بچووکترەکەت بە تایبەتی بۆ خۆی دروست کردووە ئەو کاتەی، کە ئەو بۆ هەندێ کار چووەتە دەرەوە. ئەمە کارێک نییە مرۆڤ لێی دوودڵ بێت. کارێکی روون و ئاشکرایە.

"وچانێکی کورت"

سەیرکە، با پێت بڵێم: وا دیارە لەم شەش ساڵەی رابووردوو نەختێک مڕومۆچ بوویت. کەمێک بە پێچ و پەنایت. زیاتر شت دەشاریتەوە. سەیرە، چونکە من هەروام دەزانی، کە لە وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا، لە ژێر خۆرەتاو و ئاسمانی کراوەدا، لەسەر زەمینەی زانکۆ. بە هۆی ئەو پلە و پایەی بەدەستت هێناوە، لە سایەی وانەگوتنەوە، لە ناو جەرگەی ژیانی رۆشنبیری ئەوێ، لەسەر ئەرزی زانکۆ ناسراوەکان، لە ناو ئەو هەموو جموجۆڵە کۆمەڵایەتییانە، ئەو هەموو هوشیارکردنەوەیە، هەموو منداڵەکان لە لاتن، کاتەکەیان بە خۆشی لەگەڵ دەبەیتە سەر لەوێ لە مەلەوانگەکە، ئەو هەموو پاسەی "گریهاوند"[٣٠]، ئەو ژمارە زۆرەی دەریاچە ساردەکان، بەسەربردنی کاتە کورتەکان لە دوورگەکانی پەرمۆدا بە ئاسوودەیی، لەسەر ئەرزی زانکۆ بەناوبانگەکان، کە نە بەرۆژ و نە بەشەو کاتی ئەوەت نییە کووپێک قاوە یا پێکێک جنی ئەڵمانی بخۆیتەوە، من هەر وام زانی لە سایەی هەموو ئەمانەدا تۆ راشکاوتر و کراوەتر دەبیت. چونکە دەمەوێ بزانیت، کە تۆ بۆ ئێمە

(٣٠) ئاماژەیە بۆ ئەو پاسانەی، کە سەر بە کۆمپانیای "گریهاوند"ن و لە ئەمەریکا و کەنەدا و مەکسیک، لە نێوان زۆربەی شار و هەرێمەکاندا، سەرنشین دەگوازنەوە. دروشمی کۆمپانیاکە، وەک لەسەر پاسەکاندا هەیە، وێنەی سەگێکە لە حاڵەتی بازدان دایە. (وێکیپیدیا)

نموونەیت، تێدی. ئەندامانی بنەماڵەکەت زۆر ڕێزت دەگرن و دەزانی چی دەکەن؟ هەوڵ دەدەن تۆ بکەن بە نموونە بۆ ڕەفتار و کردەوەکانیان، چونکە تۆ بۆ ئێمە سەرچاوەی شانازیت. هەر بۆیەش ئێمە بە گەڕانەوەی تۆ زۆر دڵخۆش بووین. بە خۆشحاڵییەوە پێشوازیمان لێ کردوویت، کە گەرایتەوە بۆ شوێنی لەدایکبوونت. لەبەر ئەوە بوو.

(وچانێکی کورت)

نەخێر، تێد، گوێ بگرە، گومان لەوەدا نییە، کە گوزەرانی ئێمە، لێرە، وەکو ئەوێ خۆش و دەوڵەمەندانە نییە. هەڵبەت ئێمە ژیانێکی داخراومان هەیە. جۆی خەریکی بۆکسێنە. من سەرقاڵی ئیش و کاری خۆمم. باوکمان تا ئێستاش زۆر بە لێزانییەوە یاری پۆکەر دەکات و چێشتەکەشمان بۆ ئامادە دەکات. بە گوێرەی تەمەنی خۆی تەڕپۆش و ڕێکوپێکە. مامە سام باشترین شۆفێرە لە کۆمپانیاکە. سەرەڕای ئەمانەش، تێدی، ئێمە یەک تیم پێک دێنین. تۆش بەشێکی بنچینەیی ئەم تیمەی ئێمەیت. کاتێ بەشەو لە حەوشەی پشتەوە دادەنیشین و سەیری دیمەنی ئاسمان دەکەین، هەردەم لە کۆڕ و دانیشتنەکانمان کورسییەکی بەتاڵ هەبووە، کە لە ڕاستیدا هی تۆ بووە. دوا جار، کە تۆ گەڕایتەوە لای ئێمە، پێشبینیمان دەکرد کەمێک لەگەڵمانا کۆک بیت. نەختێک ڕووخۆش و دەم بە پێکەنین بیت. تۆزێک دڵ و دەروون کراوە بیت. تا ڕادەیەک ئازادیخواز بیت تا دڵنیامان بکەیتەوە. ئێمە بەڕاستی چاوەڕوانی ئەمانەمان دەکرد، بەڵام ئایا بینیمان؟ هیچمان بە



هیچ کرد؟ ئەوەی بە ئێمەت بەخشی، هەر ئەوەیە و هیچی تر؟

(وچانێکی کورت)

**تێدی:** بەڵێ.

(جۆی لە پێبلیکانەکان دێتە خوارەوە بۆ ناو ژوورەکە. ڕۆژنامەیەکی بەدەستەوەیە)

**لێنی:** (بۆ جۆی)

چۆن رات بوارد؟

**جۆی:** ئم... خراپ نەبوو.

**لێنی:** مەبەستت چییە؟

(وچانێکی کورت)

مەبەستت چییە؟

**جۆی:** خراپ نەبوو.

**لێنی:** دەمەوێ بزانم مەبەستت چییە، کە دەڵێیت خراپ نەبوو.

**جۆی:** ئەمە چ پێوەندییەکی بە تۆوە هەیە؟

**لێنی:** جۆی، تۆ هەموو شتێک بە برات دەڵێیت.

(وچانێکی کورت)

**جۆی:** هەموو شتێکم لەگەڵ نەکرد.

**لێنی:** تۆ هەموو شتێکت لەگەڵ نەکرد؟

(وچانێکی کورت)

(جەخت لەسەر پرسیارەکەی دەکاتەوە)

تۆ هەموو شتێکت لەگەڵ نەکرد؟ خۆ ماوەی دوو کاتژمێر بە یەکەوە لە سەرەوە بوون.

**جۆی:** ئەێ؟

**لێنی:** هەموو شتێکت نەکرد و دوو کاتژمێریش لەگەڵیا لە سەرەوە بوویت.

**جۆی:** جا چی تێدایە؟

**لێنی:** (زیاتر لە رووسا نزیک دەبێتەوە)
ئەوە تۆ چی دەڵێیت؟

**جۆی:** مەبەستت چییە؟

**لێنی:** دەتەوێ پێم بڵێیت ژنێکی پیاوفریودەرە؟[٣١]
( وچانێکی کورت)
پیاوفریدەرە!
تێد، تۆ رات چییە بەمە؟ دەرکەوت ژنەکەت پیاو فریو دەدات.
جۆی دوو کاتژمێر لەگەڵیا لە سەرەوە بوو، کەچی هەموو شتێکی لە گەڵ نەکردووە.

**جۆی:** من نەمگوتووە پیاوفریودەرە.

**لێنی:** تۆ گاڵتە دەکەیت؟ ئاخر ئەمە لای من وەک گاڵتەپێکردن وایە.
ئەی تۆش هەروا نایبینیت، تێد؟

**تێدی:** لەوانەیە ئەو کەسە راستەقینەیەی دەست نەکەوتبێت، کە ئارەزووی بورووژێنێت.

(٣١) دەستەواژەی "پیاوفریودەر"م، بۆ وشەی tease بەکار هێناوە، کە لە تێکستەکەدا بەمانای ژنێک دێت، کە هەوڵی هەوەسی هەڵسانی پیاوێک دەدات و ئارەزووی جووتبوونی لەلا دەورووژێنێت، پاشان بێ ئەوەی ماوەی بدات ئارەزووەکەی دامرکێنێتەوە، خۆی لێ دەکشێنێتەوە. دەکرێت وشەی "تاوکەر" یا "تیزپێوەکەر"یش بەکار بێت.(وەرگێڕ)



**لێنی:** جۆی؟ کەسێکی راستەقینەی دەست نەکەوتبێت! گاڵتە بە خۆت مەکە. جۆی ئەوەندەی دەنکی هەبووە، هەر مەپرسە. بەربەست ناکرێت. هی وەکو ئەو زۆر دەگمەنە. جۆی، باسی ئەو نێچیرەی[٣٢] دوایی بۆ بکە، چۆن کەوتە داوەوە.
(وچانێکی کورت)

**جۆی:** کامە نێچیر؟

**لێنی:** دوا نێچیر. ئەو کاتەی ئوتۆمۆبێلەکەمان راگرت...

**جۆی:** ئەها، ئەو... ئەێ... باشە، ئەوە هەفتەی رابووردوو بوو، کە ئێمە لە ناو ئوتۆمۆبێلەکەی لێنی بووین...

**لێنی:** ئەلفاکە.[٣٣]

**جۆی:** ئیتر... بە نەرمی لە رێگەکە دەڕۆیشتین...

**لێنی:** هەتا گەیشتینە نزیک "سکروبز".[٣٤]

**جۆی:** ئا، لەوێ لە "سکروبز".

**لێنی:** بۆ خۆمان نەختێک سەیری "نۆرث پادینگتۆن "[٣٥]مان دەکرد.

**جۆی:** ئیتر پاشان... کاتەکە درەنگ بوو، وانەبوو؟

**لێنی:** ئا، درەنگ بوو، ئەێ؟
(وچانێکی کورت)

(٣٢) وشەی "نێچیر"م بۆ وشەی bird ی ئینگلیزی بەکار هێناوە، کە لە بنەڕەتا بەمانی "باڵندە" دێت. بەڵام ئەم وشەیە بە کینایە بۆ کچ بەکار دێت ئەگەر مەبەستێکی خراپی لە پشتەوە بێت. (وەرگێڕ)

(٣٣) ئاماژەیە بۆ ئۆتۆمۆبێلێکی خێرا.

(٣٤) ناوی شوێنێکە لە لەندەن.

(٣٥) "نۆرپ پادینگتۆن" ناوی گەڕەکێک بوو لە لەندەن.

**جـۆی:** پاشـــان ئێـمـــە... ئا، لە لێــواری دیواری شـۆســـتــەکــە، ئۆتۆمۆبێلەکانمان بینی. وەستا بوون... دوو کچی تێدا بوو.

**لێنی:** دوو حەسحەسیان بۆ پاسەوانی لەگەڵدا بوو.

**جۆی:** راستە، دوو پیرەپیاوی سەیر بوون. بەهەرحاڵ...

(وچانێکی کورت)

پاشان چیمان کرد؟

**لێنی:** ئۆتۆمۆبیلەکەمان راگرت و دابەزین.

**جۆی:** وابوو... لە ئوتۆمۆبێلەکە دابەزین... داوامان لە دوو... پاسەوانەکە کرد... دوورکەونەوە... ئەمانیش وایان کرد، ئیتر ئێمەش پاشان کچەکانمان لە ئوتۆمۆبێلەکان هێنایە دەرەوە.

**لێنی:** نەمانبردن بۆ "سکرویز"

**جۆی:** نا نا، بۆ "سکرویز" نا. ئاخر لەوێ پۆلیس بە ئێمەی دەزانی... گومانی تیا نەبوو. بۆیە ئەوانمان برد بۆ شوێنێکی کەلاوە.

**لێنی:** داروبەردی خانووی رووخاو.

**جۆی:** پڕ بوو لە خۆڵ و بەرد.

(وچانێکی کورت)

ئینجا... خۆت ئاگەداریت... کاتەکەمان لەگەڵ بەسەر بردن.

**لێنی:** خۆشترین بەشت پەڕاند. باسی خۆشترین شتی نەکرد!

**جۆی:** کامە شت؟

**لێنی:** (روو لە تێدی دەکات)

کە کچەکە بە جۆی دەڵێ، بەلامەوە گرینگ نییە، بەڵام پێویستیم بە پاراستن هەیە. پێویستیم بە رێگەگرتن لە سکپڕبوون هەیە.



جۆی پێی دەڵێت، من هیچ شتێکم لا نییە بۆ رێگەگرتن لە سکپڕبوون. کچەکەش پێی دەڵێت، کەواتە من ئەو کارەت لەگەڵ ناکەم. ئینجا جۆی پێی دەڵێ، دەبێ لەگەڵم بیکەیت. خەمی رێگەگرتنت نەبێ لە سکپڕبوون.

(لێنی پێ دەکەنێت)

تەنانەت ئەو کچەی لای منیش بوو، کە گوێی لە قسەکەی جۆی بوو، پێکەنی. بەڵێ، ئەویش دایە قاقای پێکەنین. تۆ ناتوانیت بڵێیت، جۆی دڵفڕێن نییە، کاتێ دەست پێ دەکات. وانییە؟ ئەوەتا، لێرە لە سەرەوە، دوو کاتژمێر لەگەڵ ژنەکەی تۆ بووە، کەچی هەموو شتێکی لەگەڵ تەواو نەکردووە. بۆیە ژنەکەی تۆ وەک پیاوفریودەر دێتە بەرچاوم، تێد. پاشان تۆ گەیشتیتە کوێ، جۆی؟ ئارەزووت جێبەجێ بوو؟ پێم نەڵێی، من ئارەزووی خۆمم شکاند بێ ئەوەی هەموو شتێکی لەگەڵ تەواو بکەم.

(وچانێکی کورت)

**جۆی:** من زۆر جار ئیشەکەم هەتا سەر بردووە... هەندێ جار، خۆت دەزانی، دەتوانی چێژ وەربگریت... کارەکەش بەتەواوی نەکەیت. جار جار دەتوانیت لەزەتی خۆت وەربگریت بێ ئەوەی کارەکە بە تەواوی جێبەجێ بکەیت.

لێنی: (لە جۆی رادەمێنێت)

(ماکس و سام لە دەرگەی پێشەوە دەردەکەون و دێنە ناو ژوورەکە)

**ماکس:** ئەو قەحپەیە لە کوێیە؟ هەر لە ناو جێگەیە؟ ئەو کچە ئێمە بە ئاژەڵ تێ دەگات.

**لێنی:** ئەو کچە پیاوفریودەرە.

**ماکس:** چی؟

**لێنی:** بە کەیف و ماشای خۆی یاری بە جۆی دەکات.

**ماکس:** مەبەستت چییە؟

**تێدی:** جۆی دوو کاتژمێر لە سەرەوە لەگەڵیا بووە، کەچی هەموو شتێکی لەگەڵ تەواو نەکردووە.

(وچانێکی کورت)

**ماکس:** جۆی کوڕم، ئەو ئاوای لە جۆی کرد؟

(وچانێکی کورت)

لەگەڵ کوڕە هەرە جوان و جحێڵەکەم؟ چوک چوک چوک چوک، تۆ چۆنی، کوڕم؟ سەلامەتی؟

**جۆی:** هەڵبەت سەلامەتم.

**ماکس:** (بۆ تێدی)

لەگەڵ تۆش ئاوای کردووە؟

**تێدی:** نەخێر.

**لێنی:** ئەو توێژاڵەکەی دەبات.

**ماکس:** تۆ وا تێ دەگەیت؟

**جۆی:** نا، وا تێ ناگات.

(وچانێکی کورت)

**سام:** ئەو بە پێی یاسا مێردیەتی. ئەمیش بە فەرمی ژنیەتی.

**جۆی:** نەخێر، وانییە. توێژاڵەکەی نابات. دڵنیا بە نایبات، من پێت دەڵێم. هەرکەسێکی تر بڵێت، توێژاڵەکەی دەبات، دەیکوژم.



**ماکس:** جۆی، تۆ بۆ وا هەڵدەچیت؟

(روو لە لێنی دەکات)

ئەوە لەبەر ئەوەیە، کە پەست و نائومێدە. دەبینی چی روودەدا؟

**جۆی:** کێ

**ماکس:** جۆی، کەس ناڵێت تۆ هەڵەیت. راستی، گشتیان پێیان وایە تۆ راستیت.

(وچانێکی کورت)

**ماکس:** (روو لە ئەوانی تر دەکات)

ئێوە شتێک دەزانن؟ دەشێت بیرۆکەیەکی خراپ نەبێت، ژنێک لە ماڵەوە بێت. رەنگە باش بێت. کێ دەزانێت؟ لەوانەیە ئێمە ئەو ژنە بگرینە خۆ.

(وچانێکی کورت)

دەکرێت لێی بپرسین، ئاخۆ حەز دەکات لێرە بمێنێتەوە یان نا.

(وچانێکی کورت)

**تێدی:** باوکە، ببوورە نایەوێت. تەندروستی باش نییە و پێویستە بگەڕێتەوە بۆ لای منداڵەکان.

**ماکس:** باش نییە؟ پێم گوتی، من چاوەدێری ئەوانە دەکەم، کە تەندروستییان باش نییە. لەم بارەیەوە نیگەران مەبە. ئێمە لێرە ئاگامان لێی دەبێت.

(وچانێکی کورت)

**سام:** گێل مەبە.

**ماکس:** گێل چییە؟

**سام:** تۆ قسەی قۆڕ دەکەیت.

**ماکس:** من؟

**سام:** سێ منداڵی هەیە.

**ماکس:** دەتوانێت زیاتریشی ببێت، لێرە! ئەگەر خۆی ئارەزووی لەسەر بێت.

**تێدی:** حەز ناکات منداڵی تری ببێت.

**ماکس:** تۆ چی دەربارەی حەزی ئەو دەزانیت، تێدی؟ ها؟

**تێدی:** "بە زەردەخەنەوە"

باوکە، باشترین شت بۆ ئەو ئەوەیە، کە لەگەڵ من بگەڕێتەوە بۆ ماڵ. ئێمە، ئێستا ژن و مێردین، دڵنیا بە.

**ماکس:** (لە ناو ژوورەکەدا هاتوچۆ دەکات. نینۆکەکانی دەقرتێنێت)

هەڵبەت، ئێمە خۆشمان پارەی پێ دەدەین، تێ دەگەیت؟ ناهێڵین هەروا بسووڕێتەوە بێ ئەوەی پووڵێکی لە گیرفانیا بێت. پێویستە کەمێ خەرجی بۆ ببڕێتەوە.

**جۆی:** ئەی چۆن؟ هەڵبەت پارەی پێ دەدەین. دەبێت پارەی لە گیرفانیا هەبێت.

**ماکس:** منیش هەروا دەڵێم. ناتوانیت لە ژنێک رابینیت، بێ ئەوەی لانی کەم پارەی جووتێک گۆرەوی لە گیرفانیا هەبێت، بسووڕێتەوە. زەحمەتە.

(وچانێکی کورت)

**لێنی:** ئەو پارەیە لە کوێ دێت؟

**ماکس:** باشە، ئەو شایستەی چەندە؟ ئێمە باسی چی دەکەین، سێ هەزار؟

**لێنی:** من لە تۆم پرسی، ئەو پارەیە لە کوێ دێت؟ چونکە ئێمە دەبێ



یەکێکی تریش بەخێو بکەین. جلوبەرگ بۆ یەکێکی تریش بکڕین، تێ دەگەیت؟

**جۆی:** من جلی بۆ دەکڕم.

**لێنی:** بەچی بۆی دەکڕیت؟

**جۆی:** من بڕێک لە مانگانەی خۆم بۆ ئەو تەرخان دەکەم.

**ماکس:** ئێ تەواو. باربووی دەکەین. پارەی بۆ کۆدەکەینەوە. مەسەلەکە بەڕوونی دیار دەکەین. ئێمە هەموومان گەورەی تەواوین. هەست بە لێپرسینەوە دەکەین. هەر یەکێک لە ئێمە بە نەختێک پارە باربووی دەکەین. ئەمە دیموکراسییەتە.

**لێنی:** باوکە، ئەمە هەمووی دەکاتە چەند پاوەندێک.

(وچانێکی کورت)

مەبەستم ئەوەیە، رووسا لەو ژنانە نییە، کە جلوبەرگی کۆنە لەبەر بکات و بسووڕێتەوە. ئەو تازەترین مۆدەی جلوبەرگ لەبەر دەکات. خۆ ناتەوێ بە جلوبەرگێک بسووڕێتەوە، کە نەتوانێت ئارەزووی خۆی پێ دەربخات، وانییە؟

**ماکس:** لێنی، دڵگران نابیت ئەگەر قسەیەک لەسەر ئەمە بکەم؟ بە رەخنەی مەزانن، بەڵام پێم وایە ئێوە زۆر بیر لە لایەنە ئابوورییەکە دەکەنەوە. هەندێ شتیتریش هەیە، کە پێویستە لە بەرچاو بگیرێن. هەندێ لایەنی مرۆڤایەتییە. لە مەبەستم گەیشتیت؟ هەندێ لایەنی مرۆڤایەتی هەیە. نابێت لە بیری بکەین.

**لێنی:** من لە بیریان ناکەم.

**ماکس:** ئێ، باشە. لە بیریان مەکە.

(وچانێکی کورت)

گوێ بگرە، ئێمە پێویستە وەک یەک ڕەفتاری لەگەڵ بکەین، لانی کەم لەو ڕەوشتەی، کە خووی پێیەوە گرتووە. دوا جار، خۆ ئەو لەسەر شەقام نەهاتووە. بووکی خۆمە.

**جۆی:** ڕاستە.

**ماکس:** ئەها خۆ بینیتان. جۆی باربووی دەکات. ماکس باربووی دەکات...

(سام سەیری ماکس دەکات)

من بڕێ پارەی لە مانگانەی خانەنشینیم بۆ تەرخان دەکەم. "لێنی" خۆی دەخورێنێت(٣٦). ئێمە دڵخۆشین. ئەی تۆ، تێد؟ تۆ چەند پارەی بۆ دەخەیتە سەر؟

**تێدی:** من هیچ پارەی بۆ ناخەمە سەر.

**ماکس:** چی؟ تۆ کۆمەکی ژنەکەیشت ناکەیت؟ وام زانی کوڕی منیت. هیچوپووچی بێ قیمەت. ئەگەر دایکت بیزانیبا ئەم هەڵوێستەت هەیە، دەستبەجێ دەمرد.

**لێنی:** باوکە، ئەمە تۆ دەڵێی چی؟

(لە باوکی نزیک دەکەوێتەوە)

من رایەکی باشترم هەیە.

(٣٦) لە ئینگلیزییەکە دەستەواژەی cough up واتە "هێنانەوەی شتێکی قووتدراو بە کۆکین". ئەمەیش بە کینایە بۆ پارەدان بەکار دێت. من دەستەواژەی "خۆی دەخورێنێت"م بەکار هێنا، چونکە لە ئەم دەستەواژەیە بەکینایە بۆ هەمان مەبەست بەکار دێت. بۆ نموونە لە کاتی کۆمەکیکردنی یەکێک دەڵێن: تۆش خۆت بخورێنە، واتە پارە بدە. (وەرگێڕ)



**ماکس:** چییە؟

**لێنی:** پێویست ناکات ئێمە ئەو هەموو پارەیەی بۆ کۆبکەینەوە. من ئەم جۆرە ژنانە دەناسم. هەرکە کەوتنە جموجۆڵ دەتخەنە سەر ساجی عەلی. من رایەکی باشترم هەیە. بۆ لەگەڵ خۆم نەیبەم بۆ "گریک ستریت"؟(٣٧)

(وچانێکی کورت)

**ماکس:** مەبەستت ئەوەیە بیخەیتە ناو یارییەکەوە؟

(وچانێکی کورت)

دەیخەینە ناو یارییەکە. ئەمە رایەکی بەجێیە. رایەکی پەسند و نایابە. تۆ مەبەستت ئەوەیە ئەو خۆی دەتوانێت پارە پەیدا بکات، بە لەشفرۆشی؟

**لێنی:** بەڵێ.

**ماکس:** زۆر باشە، بەڵام شتێک هەیە دەبێ بیزانین. پێویستە ماوەی کارەکەی کەم بێت. نامانەوێ بە درێژایی شەو هەر لە دەرەوەی ماڵ بێت.

**لێنی:** من دەتوانم کاتەکەی بۆ کەم بکەمەوە.

**ماکس:** چەند کاتژمێر؟

**لێنی:** چوار کاتژمێر بەشەو.

**ماکس:** (بە دوودڵییەوە)

(٣٧) "گریک ستریت" Greek Street ناوی شەقامێکە لە لەندەن ژمارەیەکی زۆر چێشتخانەی تێدایە و دانیشتووانەکەی لە هەموو لایەکی جیهانەوە هاتوون. (ویکیپیدیا)

جا، ئەوەندە بەسە؟

**لێنی:** بەم چوار کاتژمێرەی شەو پارەیەکی باشی دەست دەکەوێت.

**ماکس:** قەیناکا. دەبێت بزانیت، راستە ئەوەی ئێمە، دوا جار، دەمانەوێت ئەوەیە، کە ئەو کچە بەکار بێنین. دوای ئەوەش ئەو پەیتا پەیتا ئەرک و پێویستییەکانی سەرشانی زیاتر دەبێت. تۆ لە "گریک ستریت" لە کوێ دەیخەیتە ناو کارەوە؟

**لێنی:** باوکە، رێک لە "گریک ستریت" نایخەینە ناو کارەوە. لە دەوروبەری ئەو شوێنە ژمارەیەک شوقەم دەست کەوتووە.

**ماکس:** تۆ؟ ئەی من؟ بۆ یەکێکیان نادەیت بە من؟

**لێنی:** ئاخر تۆ نێرەمووکیت. هەستی جووتبوونت نییە.

**جۆی:** ئەوە تۆ دەڵێی چی؟ بوەستە بوەستە، ئەم قسانە چییە؟

**ماکس:** دەزانم لێنی چی دەڵێت. لێنی دەیەوێ بڵێت ئەو خۆی خەرجی خۆی پەیدا دەکات و منەتی هیچ کەسێک هەڵناگرێت. تێدی، تۆ رات چییە؟ خۆ ئەمە کێشەکانی تۆ چارەسەر دەکات.

**جۆی:** وتت چی؟ بوەستە بوەستە. من نامەوێ هیچ کەسێک لەگەڵیا بێت.

**ماکس:** چیت گوت؟

**جۆی:** من نامەوێ تێکەڵی کۆمەڵێ گەنجی سەرکێش و شەللاتی بێت.

**ماکس:** سەرکێش و شەللاتی! هەی لووتبەرزی خوێڕی! سەی سەیر لەم لەخۆباییە.

(روو لە لێنی دەکات)

تۆ بە تەمایت کۆمەڵێ گەنجی سەرکێشی بۆ بێنیت؟



**لێنی:** جۆی، من چەند مەعمیلێکی زۆر ناسراو و بەڕێزم هەیە. لەوە بەناوبانگترن، کە بە خەیاڵتدا بێت.

**ماکس:** کەواتە تۆ دەبێ خۆت بە بەختەوەر بزانیت، کە تۆیشی تیایت.

**جۆی:** من پێم وانەبوو لەگەڵیدا بەشدار بم!

**ماکس:** بزانە، تۆ دەبێ لەگەڵیدا بەشدار بیت! ئەگەرنا ئەو یەکسەر دەگەڕێتەوە بۆ ئەمەریکا. تێ گەیشتیت؟

(وچانێکی کورت)

کارەکە خۆی ئاڵۆزە، بێ ئەوەی تۆ دەستی تێوەر بدەیت. بەڵام من لە شتێک دەترسم. لەوانەیە ئەو وەکو پێویست لێهاتوو نەبێت، ها؟ تێدی، تۆ باشترین ناوبژیوانیت. پێتوایە ئەو لێهاتوو بێت؟

(وچانێکی کورت)

مەبەستم ئەوەیە، ئەم هەموو فریودانە لەپای چی؟ ئایا نیازی وایە بیکا بە خوو؟ ئەگەر وابێت، ئەوا هیچ بە هیچ ناکەین.

(وچانێکی کورت)

وابزانم... ئەوە تەنیا دەستبازی بوو... پێم وایە هەر ئەوە بوو.

**ماکس:** دەستبازی؟ دوو کاتژمێری رەبەق؟ ئەوە کاتێکی یەکجار زۆرە بۆ دەستبازی.

**لێنی:** باوکە. من پێم وانییە ئەمە مایەی هیچ نیگەرانییەک بێت بۆ ئێمە.

**ماکس:** چۆن دەزانیت؟

**لێنی:** من رایەکی دروستت پێ دەدەم.

(دەچێتە لای تێدی)

گوێ بگرە، تێدی، لە راستیدا تۆ دەتوانیت یارمەتیمان بدەیت. ئەگەر بکرێت هەندێ کارتت بۆ دەنێرم، بۆ ئەمەریکا... تێگەیشتیت. کارتی زۆر جوان، کە ناو و ژمارەی تەلەفۆنی لەسەر بێت. زانیاری زۆر چاک و وردی لەسەر بێت. دەتوانیت کارتەکان ببەشیتەوە... بیدەیتە گرووپ و کۆمەڵەی جیا جیا، کە لەوانەیە بە سەفەر بێن بۆ ئێرە. هەڵبەت لەبری ئەمە رێژەیەکت بەر دەکەوێت.

**ماکس:** با پێت بڵێم، تۆ پێویست ناکات پێیان بڵێیت، کە ئەوە ژنی تۆیە.

**لێنی:** نانا، ئێمە ناوێکی تری لێ دەنێین. ناوی دەنێین دۆڵۆرس یا هەر ناوێکی تر.

**ماکس:** یان ناوی دەنێین جاکی ئەسپانی.

**لێنی:** نا، باوکە. پێویستە ناوێک بێت تایبەت بێ بە خۆی. دەتوانین ناوێکی جوانی لێ بنێین... وەکو "سینیپیا"[٣٨]... یان "ژولیان"[٣٩]

(وچانێکی کورت)

**جۆی:** ژولیان

(وچانێکی کورت)

**لێنی:** نا، تێدی، من مەبەستم ئەوەیە تۆ ژمارەیەکی زۆر لە پرۆفیسۆر و سەرۆک بەشەکان و پیاوی لەم جۆرە دەناسیت. جار جار بۆ هەفتەیەک دێن بۆ ئێرە. لە "ساڤۆی"[٤٠] دەمێننەوە و پێویستیان

(٣٨) "سینیپیا" ناوی خواوەندی مانگە لە ئەفسانەی یۆنانی.

(٣٩) "ژولیان" ناوێکی ژنانەیە لە ناوەڕاستی سەدەی بیستەم لە بەریتانیا باو بوو.

(٤٠) "ساڤۆی" ناوی هۆتێلێکی بەناوبانگە لە ناوەڕاستی لەندەن.



بە شوێنێک هەیە تا کاتەکەی بە خۆشی تێدا بەسەر بەرن. هەڵبەت تۆش لە شوێنی خۆت زانیارییە نهێنییەکانیان پێ دەدەیت.

**ماکس:** بێگومان تۆ دەتوانیت زانیاری راست و دروستیان پێ بدەیت. تۆ دەربارەی ئەو شتە دەزانیت، کە رووسا ئامادەیە بیکات. دەزانیت تا چەند ئامادەیە لەگەڵ هەوەس و ئارەزووەکانیان بگونجێت. ئەرێ لێنی؟ تا چەند ئەو ئامادەییەی تێدایە؟ مەبەستم ئەوەیە، ئەگەر تۆ نەیزانی، ئەی کێ دەیزانێ؟

(وچانێکی کورت)

دڵنیام دوو مانگی تر نابات، لیستەیەک بەناوی ئەوانە دروست دەکەین، کە سەرە دەگرن.

**لێنی:** تۆ نوێنەرایەتی ئێمە بکە لە ئەمەریکا.

**ماکس:** هەڵبەت ئێمە باسی هەڵومەرجە جیهانییەکان دەکەین! هەرکاتێ کارەکەمان سەری گرت، پان ئەمەریکا[٤١] نرخمان بۆ دەشکێنێت.

(وچانێکی کورت)

**تێدی:** رووسا پەکی دەکەوێ... زۆر خێرا.

**ماکس:** نەخێر... چۆن لەم رۆژگارە و بەم تەمەنە! ئاخر چاوەدێری تەندروستیشی لەگەڵ دەبێت؟ پەکی دەکەوێ! چۆن پەکی دەکەوێ؟ ئەمە دەبێتە کاتێکی زۆر خۆش لە ژیانیا.

(رووسا لە پێپلیکانەکان دێتە خوارەوە. جلی پۆشیوە. دێتە ناو

(٤١) مەبەست لە هێڵی ئاسمانی پان ئەمەریکایە، کە لە ساڵی ١٩٣٠ ەوە دامەزراوە.

ژوورەکە. بە کۆبوونەوەی ئەوان پێ دەکەنێت و دادەنیشێ)

(بێ دەنگی)

**تێدی:** رووسا... ئەندامانی خێزان داوات لێ دەکەن تا ماوەیەکی تر بمێنیتەوە. وەکو میوانێک. ئەگەر تۆ پێشنیازەکەت بەدڵ بێت، من لاریم نییە. ئێمە لە ماڵەوە بە ئاسانی دەتوانین خۆمان بەڕێوە ببەین... تا ئەو کاتەی تۆ دەگەڕێیتەوە.

**رووسا:** ئەمە نیشانەی چاکە و رەوشتبەرزی ئەوانە.

(وچانێکی کورت)

**ماکس:** ئێمە پڕ بەدڵ ئەو داوایەت لێ دەکەین.

**رووسا:** ئەمە لە چاکی خۆتانە.

**ماکس:** گوێ بگرە... ئەمە بۆ ئێمە مایەی خۆشحاڵییە.

(وچانێکی کورت)

**رووسا:** پێم وایە دەبم بە سەریەشەیەکی گران بۆ ئێوە.

**ماکس:** سەریەشە؟ تۆ چی دەڵێیت؟ سەریەشەی چی؟ سەیرکە، با شتێکت پێ بڵێم. لەوەتەی ئەو "جێسی"یە بەستەزمانە مردووە، وانییە سام؟ هیچ ژنێک نەهاتووەتە ئەم ماڵە، هیچ ژنێک پێی نەکردووەتە ئەم خانووە. دەزانی بۆ؟ چونکە دایکیان هێندە خۆشەویست و شیرین بوو، هەر ژنێکی تر هاتبا... ئەو خۆشەویستییەی کاڵ دەکردەوە. بەڵام تۆ... تۆ نەک هەر جوان و خۆشەویستیت، بگرە نزیکترین خزمی. تۆ کەسی ئێمەیت، ئەندامێکی لەم ماڵە.

"وچانێکی کورت"



**رووسا:** زۆر هەستتان جووڵاندم.

**ماکس:** هەڵبەت هەستت دەجووڵێت. منیش هەستم جووڵا.

(وچانێکی کورت)

**تێدی:** بەڵام رووسا، دەبێ پێت بڵێم... ئەگەر بمێنیتەوە پێویستە بەشی خۆت ئیش بکەیت. باوکم لە ڕووی داراییەوە هێندە دەوڵەمەند نییە.

**رووسا:** (بۆ ماکس)

ئۆه، ببوورە.

**ماکس:** نا، تۆ پێویستە کەمێک پارە پەیدا بکەیت. چەند قرۆشێک و بڕایەوە. زۆر نا. ئێمە چاوەڕوانی جۆی دەکەین وەکو بۆکسباز بگاتە لووتکە. هەرکە جۆی گەیشتە بەرزترین پلە... ئینجا...

(وچانێکی کورت)

**تێدی:** یان لەگەڵ من دێیتەوە بۆ ماڵ.

**لێنی:** شوقەیەکت بۆ دابین دەکەین.

(وچانێکی کورت)

**رووسا:** شوقە؟

**لێنی:** بەڵێ.

**رووسا:** لە کوێ؟

**لێنی:** لە شار.

(وچانێکی کورت)

بەڵام تۆ، لێرە لەگەڵ ئێمە دەژیت.

**ماکس:** هەڵبەت لێرە دەژیت. ئێرە ناوجەرگەی خێزانە، ماڵی خۆتە.

**لێنی:** تۆ بەشەو هەر بۆ دوو کاتژمێر لە شوقەکەدا دەمێنیتەوە و هیچی تر.

**ماکس:** ئا، تەنیا دوو کاتژمێر، زیاتر نا، هەر ئەوەیە.

**لێنی:** بەم شێوەیە ئەو برە پارەیە پەیدا دەکەیت، کە بتوانیت لێرە بەسەر ببەیت.

(وچانێکی کورت)

**رووسا:** ئەو شوقەیە چەند ژووری تیا دەبێت؟

**لێنی:** چەند ژوورێک.

**رووسا:** ئاخر من لانی کەم دەبێ سێ ژوور و گەرماوێکم هەبێت.

**لێنی:** تۆ پێویستیت بە سێ ژوور و گەرماوێک نییە.

**ماکس:** پێویستی بە گەرماو هەیە.

**لێنی:** بەڵام نەک بە سێ ژوور.

(وچانێکی کورت)

**رووسا:** با، لە راستیدا، پێویستیم بە سێ ژوور هەیە.

**لێنی:** دوو ژوور بەسە.

**رووسا:** نەخێر، دوو ژوور بەشم ناکات.

(وچانێکی کورت)

من ژوورێکم بۆ خۆگۆڕین و یەکێک بۆ ئاودەس و یەکێکیش بۆ خەوتن پێویستە.

(وچانێکی کورت)

**لێنی:** باشە، ئێمە شوقەیەکت بۆ دابین دەکەین، سێ ژووری تێدا بێت لەگەڵ گەرماوێک.



**رووسا:** چ جۆرە پێداویستییەکیان تێدا دەبێت؟

**لێنی:** هەموو پێداویستییەک، کە کاروباری ژیان ئاسان دەکات.

**رووسا:** پێداویستییە کەسێنییەکانی کچ؟

**لێنی:** هەڵبەت.

(وچانێکی کورت)

سەرەتا ئێمە خۆمان مەسرەفت دەکەین. پاشان، کە لە کارەکەت جێگیر بوویت، پارەکەمان بۆ دەگەڕێنیتەوە. بە قیستی مانگانە.

**رووسا:** نانا، من بەمە رازی نیم.

**لێنی:** چی، تۆ؟

**رووسا:** ئێوە پێویستە وا دابنێن، ئەو پارەیەی، کە خەرج دەکرێت وەکو سەرمایە وایە و خراوەتە ئیشەوە.

(وچانێکی کورت)

**لێنی:** تێگەیشتم. باشە.

**رووسا:** هەڵبەت جلوبەرگیشم بۆ دابین دەکەن.

**لێنی:** هەموو شتێکت بۆ دابین دەکەین. هەرچییەکت پێویست بێت.

**رووسا:** من زۆر شتم پێویستە، ئەگەرنا رازی نابم.

**لێنی:** هەموو شتێکت بۆ دابین دەکرێت.

**رووسا:** باشە، هەڵبەت من دەمەوێ لیستەیەک بە گشت ئەو شتانە ئامادە بکەم، کە پێویستیم پێیان هەیە. ئێوەش بە ئامادەبوونی چەند شایەتێک ئیمزای لەسەر بکەن.

**لێنی:** هەڵبەت.

**رووسا:** پێویستە هەموو سەروبەندی رێککەوتننامەکە و هەلومەرجە کارکردنەکە بۆ رەزامەندی هەردوو لا روون بکرێتەوە پێش ئەوەی کۆنتراکتەکە ببڕینەوە.

**لێنی:** ئەوە هەر گومانی تێدا نییە.

(وچانێکی کورت)

**رووسا:** ئەگەر وابێت، رێککەوتننامەکە، دوا جار کاری پێ دەکرێت.

**لێنی:** منیش بڕوام وایە وا بێت.

**ماکس:** دیارە بە درێژاییی رۆژ دەست بەتاڵ دەبیت. دەتوانیت نەختێک چێشت ئامادە بکەیت، ئەگەر بتەوێت.

**لێنی:** جێگەکانی خەوتن رێک بخە.

**ماکس:** بە فڵچە و کەفاو نەختێک شوێنەکە پاک بکەرەوە.

**سام:** (دێتە پێشەوەی تەختەی شانۆ)

(بە یەک نەفەس قسە دەکات)

ماک گریگۆر لە پشتەوەی ئۆتۆمۆبێلەکەی من لەگەڵ جێسی جووت بوو، ئەو کاتەی گەشتم پێ دەکردن.

(بە دەنگێکی گڕەوە خوتە و بۆڵەیەک دەکات و دەکەوێتە خوارەوە. لەسەر عەرزەکە پاڵ دەکەوێت. ئینجا لە جووڵە دەکەوێت)

(هەڵی دەگرنەوە)

**ماکس:** ئەمە چی کرد؟ کەوتە خوارەوە و مرد؟

**لێنی:** بەڵێ.

**ماکس:** لاشە؟ لە ماڵی من؟! ببیەرە دەرەوە! لێرە لای بەرە!



**جۆی:** (خۆی بەسەر سام دەچەمێنێتەوە)

نەمردووە.

**لێنی:** لەوانەیە مردبێت. نزیکەی سی چرکە دەبێت مردووە.

**ماکس:** تا ئێستا نەمردووە!

**لێنی:** (سەیری سام دەکات)

ئا، هێشتا هەناسەی ماوە.

**ماکس:** (ئاماژە بۆ سام دەکات)

دەزانی ئەم پیاوە تووشی چ نەخۆشییەک بووبوو؟

**لێنی:** بووە! مێشک تێکچوون.

(وچانێکی کورت)

**رووسا:** بەڵێ. ئەمە رایەکی جوانە.

**ماکس:** دەتەوێ ئێستا تەواوی بکەیت یان جارێ وازی لێ بێنین بۆ کاتێکی تر؟

**رووسا:** ئا، جارێ وازی لێ بێنین. پاشان تەواوی دەکەین.

**تێدی:** (هەڵدەستێتە سەر پێ. سەیری سام دەکات)

دەمویست داوای لێ بکەم بمگەیەنێتە فڕۆکەخانەی لەندەن.

(دەچێتە لای جانتاکان. یەکێکیان هەڵدەگرێت)

دەباشە، رووسا، جانتاکەی تۆ بەجێ دێڵم. من دەچم بۆ سەر رێگەکە و لەوێشەوە بۆ لای شەمەندەفەری ژێرزەمینەکە.

**ماکس:** بزانە، ئەگەر بە رێگەکەی تر بڕۆیت. یەکەم پێچ بەلای چەپ، ئینجا یەکەم پێچ بەلای راست، بیرت نەچێت، لەوانەیە ئۆتۆمۆبێلێک لەوێ تێپەڕێت.

**تێدی:** ئا، ڕەنگە هەر وا بکەم.

**ماکس:** یان دەتوانیت لە تونێلەکەوە سواری شەمەندەفەرەکە بیت هەتا "پیکادیلی سێرکس"، دە دەقیقە نابات. لەوێوە بە ئۆتۆمۆبێل بچیتە فڕۆکەخانە.

**تێدی:** ئا، دوور نییە هەر ئاوا بکەم.

**ماکس:** ئاگادار بە کرێیەکەت دوو چەندانە لێ وەردەگرن. کرێی هەردوو سەرت لێ وەردەگرن. لە شەش میل زیاترە.

**تێدی:** بەڵێ. دەباشە، ماڵئاوا باوکە. ئاگات لە خۆت بێت.

(تەوقە لەگەڵ یەکتر دەکەن)

**ماکس:** سوپاس، کوڕم. بزانە دەمەوێ شتێکت پێ بڵێم. زۆر خۆش بوو، کە چاومان بە تۆ کەوت.

(وچانێکی کورت)

**تێدی:** منیش بە دیداری ئێوە زۆر دڵم خۆش بوو.

**ماکس:** کوڕەکانی تۆ هیچ دەربارەی من دەزانن؟ ها؟ پێت وایە حەز دەکەن وێنەی باپیریان ببینن؟

**تێدی:** دەزانم حەز دەکەن.

**ماکس:** (جزدانی پارەکەی دەر دەکات)

وێنەیەکم لایە. وێنەیەک لە ناو جزدانەکەمە. یەک دەقیقە، ئا، ئەوەتانێ. ئەم وێنەیەیان بەدڵ دەبێت؟

**تێدی:** (وێنەکەی لێ وەردەگرێت)

لە خۆشیا خەنی دەبن.

(ڕووی لە لێنی دەکات)



ماڵئاوا، لێنی.

(تەوقە لەگەڵ یەکتر دەکەن)

**لێنی:** بای بای، تێد. خۆشحاڵ بووین بە دیدارت. هیوای سەفەرێکی خۆشت بۆ دەخوازم.

**تێدی:** ماڵئاوا، جۆی.

**جۆی:** (لە شوێنی خۆی ناجووڵێت)

بای بای.

تێدی (بەرەو دەرگەی پێشەوە دەچێت)

ڕووسا: ئێدی.[٤٢]

(تێدی ئاوڕ دەداتەوە)

(وچانێکی کورت)

وا نەزانیت ئاوارەیت.

تێدی (دەڕوا. دەرگەکەی پێشەوە دادەخا)

(بێدەنگی)

(هەر سێ پیاوەکان هەڵدەستنە سەر پێ)

ڕووسا (لەسەر کورسییەکە پشوو دەدات)

سام (هێشتا بە کڕوکەپی پاڵ کەوتووە)

جۆی (لەسەرەخۆ دەچێتە ئەوبەری ژوورەکە)

(لە بەردەم کورسییەکەی ڕووسا چۆک دەدات)

ڕووسا (لەسەرەخۆ دەست بە سەری جۆیدا دێنێت)

جۆی (سەری دەخاتە باوەشی ڕووسا)

---

(٤٢) ڕووسا لێرە بە "تێدی" بانگی ناکات، بەڵکو بە "ئێدی".

ماکس (بەسەر سەریانەوە دێت و دەچێت)

لێنی (بە بێدەنگی وەستاوە)

**ماکس:** (روو لە لێنی دەکات)

پێم وایە من زۆر پیر بوومە. رووسا پێی وایە من پیر بوومە.

(وچانێکی کورت)

من ئەوەندە پیر نەبوومە.

(وچانێکی کورت)

روو لە رووسا دەکات)

بزانە، تۆ پێت وایە هەموو کاتێ هەر ئەو خوێرییە هیچوپووچەت بۆ دێ؟ وا دەزانیت هەر لەگەڵ ئەو بەسەر دەبەیت... هەموو کاتێ هەر ئەو دێتە لات و کەسی تر نا؟ تۆ دەتەوێ ئیش بکەیت! پێویستە لەگەڵ گشتیان بەجۆش و خرۆش بیت، تێ گەیشتیت؟

(وچانێکی کورت)

ئاخۆ رووسا ئەمە دەزانێت؟

(وچانێکی کورت)

لێنی، پێتوایە رووسا تێ دەگات...

(زمانی دەگیرێ)

چ... چ... چ... ئێمە، دوا جار، دەگەینە کوێ؟ چی... بیر لەچی دەکەینەوە؟ پێ توایە شتەکانی لەلا روونە؟

(وچانێکی کورت)

من پێم وانییە شتەکانی لا روون بێت.

(وچانێکی کورت)



لە مەبەستی من دەگەیت؟ گوێ بگرە، من شتێکی سەیرم بە خەیاڵدا دێت. رووسا لە ژێرەوە نیازی خراپە لەگەڵ ئێمە، گرەوم لەگەڵ دەکەیت؟ رووسا ئێمە بەکار دێنێت. دڵنیات دەکەمەوە، دەیەوێ کەڵک لە ئێمە وەربگرێت! من هەستی پێ دەکەم. گرەوم لەگەڵ دەکەیت؟

(وچانێکی کورت)

هەرگیز... رانایەت!

(چۆک دەدات. لە ژێرەوە فنگەفنگ دەکات. ئینجا دەنووزێتەوە و بەکوڵ دەست بە گریان دەکات. لە گریان دەوەستێت، بە قنگەخشکێ بە بەردەم لاشەی سام و بەدەورەی کورسییەکەی رووسا دەڕواتە لایەکەی تر تا دەچێتە تەنیشت رووسا)

من پیر و بێ کەڵک نەبوومە.

(سەری بەرز دەکاتەوە و سەیری رووسا دەکات)

گوێت لە منە؟

(دەموچاوی بۆ لای رووسا بەرز دەکاتەوە)

ماچم بکە.

(رووسا تا ئێستاش بە ئەسپاییەوە دەست بە سەری جۆی دەکێشێت)

(لێنی هەڵدەستێتە سەرپێ. سەیریان دەکات)

پەردە